# کەللەپووچ

پێنج دەقی شانۆی جیهانی

ئەم بەرهەمە پێشکێشە بە:

دایکم و باوکم

(ڕووپاک)ی هاوسەرم

منداڵە شیرینەکانم (تەمەن، تاڤاو، ڤەهێڵ)

هەموو هونەرمەندانی شانۆ

# کەللەپووچ

## پێنج دەقی شانۆی جیهانی

وەرگێڕانی: بۆتان جەلال

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

کەللەپووچ – پێنج دەقی شانۆی جیهانی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بۆتان جەلال
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٢١
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٠٨ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری سەعید

# تۆفان

گۆنتەر گراس

کەسایەتییەکان

نووح: خاوەن ماڵ

بیتی: پوور (خوشکە ژنی نووح)

یتا: کچی نووح

هنری: دەسگیرانی یتا

لیو: کوڕی نووح

کۆنگۆ: برادەری لیو

پشکنەر

پیرل و پونیت جورج

## بەشی یەکەم

(ماڵێک لە دووڕیانی ڕێگە، پەیژەکانی ژێرزەمینەکەی لە دوورەوە دیارن، ژوورێکی بنمیچ نوی، سەربانێکی ڕاست و دووکەلکێشێک، لەسەر پەیژەی ژێرزەمینەکە شەمعدانێک و چەند ئەلبومێکی وێنەو هەندێک وێنەی جۆراوجۆری پەخشکراو کەڵەکە بووینە، (نووح) دەیەوێ سندووقێکی گەورە بۆ سەر پەیژەکە بەرز بکاتەوە و (بیتی)یش یارمەتی دەدات، ژوور و سەربانەکە نیمچە تاریکییەک دای پۆشیون).

بیتی: لە سەرمان دەمرێت.

نووح: پێویستە ئەو کارە هەر ئەنجام بدەم، بیتی، هیچ شتێک قەرەبووی ناکاتەوە، پێویستە...

بیتی: دەزانم، بەڵام زۆربەیان ئێستاکە لە سەربانن، ڕاستە، من...

نووح: بەس ئەو سندووقە.

بیتی: برایەکەم من لاریم نییە، بەڵام سندووقەکە زۆر قواسە،

نووح: بێگومانم لەوەی هەندێ شووشە بوتڵی تێدایە، کە زۆر دەگمەنن.

بیتی: چوزانیت؟ چ شتێک نییە گەواهی ئەوە بدات، هەر خوا خۆی دەزانێت لەناو ئەو سندووقە چی هەیە

(پەڕی ئەلبومەکان هەڵدەداتەوە) ئۆ، نووح، سەیری وێنەی لیو بکە، ئا ئەمەیان.

نوح: لیو، لیو – ئحم، بەڵام بەو مشەخۆرانەی نهۆمی سەرەوە چی دەڵێت؟ بۆ نایەنە خوارەوە یارمەتیمان بدەن؟

بیتی: چەند جوان بووە کاتێ منداڵ بوو! بیرتە کاتێ من و تۆ و ئیرنا ویستمان...

نووح: ژنەکەم لەوێ نەبوو، هەرگیز لەوێ نەبوو.

بیتی: باشە ڕەنگە لەوێ نەبووبێ، ئەو کات ناساغ بوو، بەهەرحاڵ، ئەمە لەسەر

کەناری دەریا گیراوە، منداڵەکە سەیری ئەو خاتوونە دەکات، کە مایۆی مەلەوانی لەبەردایە، مایۆکەشی هێڵی شین و سووری تێدایە، بیرتە ئەو خانمە چی دەویست.

نووح: بیتی، هەست ناکەی ئێرە شوێن و کاتی گونجاوی ئەو قسانە نییە، باجارێ ئەوان بێنە خوارەوە هاریکاریمان بکەن، یۆ.. هۆ هۆو

بیتی: وا بزانم گوێیان لێ نییە.

نووح: ئەوان خۆیان نایانەوێ گوێیان لێمان بێت ئەوەی ئەوانە خەریکینە کردەوەی چەوت و خراپە.

بیتی: تۆ زۆر دڵڕەقی بەرامبەریان دەنوێنی، جارێ منداڵن، خوارێ زۆر سارد و سەرمایە.

نووح: هەموو شتێک دەڕوخێ، کار و کردەوەکانم، ساڵانی ڕەنج و ئارەقڕشتنم و خۆگرتن و خۆنەویستیم، نیوەی تەمەنم، هەموو گەشت و پارەی سەفەرەکانم.

بیتی: بەڵێ، هەمووی دەدەمە دەست تۆ، تۆ کارێکی زۆر قواس و بەئازارت ئەنجام داوە، بەرامبەر بەچی؟ بەرامبەر بەچەند شووشە مەرەکەبێکی بچووک و گەورە، تەنک و ئەستوور هەندێکیشیان درز بردوو.

نووح: باوەڕ ناکەم تۆ تێ بگەیت، ها سەیری ئەمەیان بکە، دەتوانی ئاسەواری مەرەکەبی وەنەوشەیی لەسەری ببینی، بەڵێ دەزانم ئێستاکە شووشەیەکی وشک و بەتاڵە، بەڵام دەزانی کێ قەڵەمی خستووەتە نێو ئەو شووشە مەرەکەبە؟ (لویزا)ی شاژن کە لە ڕێگەی بەرەو تاراوگەیدا بوو، لێرە شەوێک مایەوە و چەند نامەیەکی نووسی.

بیتی: بەڵام خەڵکی دەڵێن....

نووح: بەڵێ، دەزانم، دەڵێن نامەی تایبەتی بوون، هەر هەمان شەو هەموویانی دڕاندن، ڕەنگە ئەمەیان ڕاست بێ، بەڵام جیاوازی چییە؟ خۆ شاژنێکی ڕاستەقینە بوو.

بیتی: بەڵێ، شاژنێکی ڕاستەقینە بوو.

نووح: ئێـمـە ڕاوەسـتـاوین و گـاڵتـە لـەگـەڵ یەکـتـردا دەکـەین، ئـاوەکـەش وا بەرز دەبێتەوە.

بیتی: بەڵێ، ئاوەکە وا بەرز دەبێتەوە و ساردەکەشی زۆر سەختە، وا باشترە کە...

نووح: ئەمانە بۆچی نایەنە خوارەوە؟ ئەوانە بیر لە هیچ ناکەنەوە تەنیا لە خۆیان نەبێت، چەند کاسێتێکی فۆتۆگراف و کۆواری کۆن و دواین سندووقێکی شەرابیان گواستووەتەوە.

بیتی: پاشەڕۆی چەند بوتڵێکی تورشیاتی، نووح، پێویستە لە ئاستیاندا دڵڕەق نەبیت.

نووح: دڵڕەق، من پێویستە هەر دڵڕەق نەبم، نافەرمووی پێم بڵێی بۆچی؟

بیتی: نووح!

نووح: ڕۆژێک یەکێکیان لە منیان پرسیوە؟ یەکێکیان دەستی یارمەتیان بۆم درێژ کردووە؟ ئەمانە لە سەرەوە ڕادەبوێرن... تۆش کاتت بەسەیرکردنی ئەلبوم دەبەیتە سەر، وێنەی منداڵەکانم نیشان دەدەیت، وێنە لێیان گەڕێ بابێنە خوارێ و یارمەتیم بدەن، یۆ – هۆ! یۆ و – هۆ ۆ!

بیتی: نووح، وا مەکە دڵت دەوەستێ.

نووح: ببوورە، بەڵێ پێویستە بیر لە تەندروستیم بکەمەوە.

بیتی: بەڵێ، دەبێ ئاگات لە خۆت بێت، خۆ تۆ گەنج نیت، هەر وەک جاری جاران.

نووح: ئەمەیە ڕاستییەکە، بەڵام ئەوانە بۆچی نەهاتنە خوارێ، دەزانن کەلوپەلەکان هەمووی تێک دەچن، ئەوەتا وەرەقەکان بەردەبنەوە، مەرەکەبەکە ڕەنگی دەچێ.

بیتی: تۆ ناکرێ ئیشەکە بەو زەحمەتییە وەرگریت، دەتوانی نیشانەی نوێ جارێکی تر پێوەیان بلکێنییەوە.

نووح: دوایی! کێ دەزانێ دوایی چی ڕوو دەدات؟

بیتی: کێ دەزانێ چی..؟ مەبەستت چییە لەمە؟

نووح: ڕۆژێک دادێت ئێمە هەموومان دەفەوتێین، وا نییە؟

بیتی: نووح.

نووح: دەبێ لە ژیاندا لەوەش زیاتر چاوەڕێی خراپتر بکەیت (ئاماژە بەسندووقەکان دەدات) ئەمە تاکە شتە لە ژیانمدا کە پشتم پێی بەستبێت – ئیشم، بەڵێ من دەزانم ئەوەیان شتێکی گرینگ نییە هەروەک تۆ بۆی دەچیت، تەنیا شووشەی مەرەکەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گرینگیی خۆی هەیە، ئیش و کاسبی ژیانمە، پێویستە لێی بیهوودە نەبیت، پیاوێکی تێکشاو دەبینیت.

بیتی: نووح.. ئەمە چییە...

نووح: ئاوەکە لە ڕۆژی شەمووە گەڕایەوە و بەرز دەبێتەوە، ئەو گەمژانەی سەرەوەش هیچ هەستێکی پێ ناکەن، وا دەزانن باران تەنیا دەنگی ئیستوانەی فۆنۆگرامی دووبارە کراوەیە، کە شتێکی کۆن بژەنیت، کاتێ لێی وەڕەس دەبیت دەبێ بیوەستێنی، دەزانی مەبەستم چییە؟ وادەزانن دەتوانن باران بوەستێنن کاتێ لێی بێزار دەبن.

بیتی: بەڵێ، منیش وای بۆ دەچم، وا بزانم تۆ لەسەر حەقیت.

نووح: بێگومان، من لەسەر حەقم پێویستە لێرە لێیان نەگەڕێین، زیان بەهەموو شتێک دەگات، ڕەنگە لەناو سندووقەکان وێنەی فۆتۆگرافیشی تێدا بێت، لە ڕاستیدا من دڵنیام لەوە، وێنەی لیو، فریشتەکەت،

بیتی: تۆ بەڕاستی وای بۆ دەچیت؟ ئا لەنێو ئەم سندووقەیان؟ لەو حاڵەتەدا دەبێ کات بەفیڕۆ نەدەین، دەبێ... هۆ بچووکەکان... هۆ بچووکەکان! یۆۆ... هۆهۆ! (چەپڵە لێ دەدات، تاریکی هێواش هێواش بۆ سەر پەیژەی ژێرزەمینەکە دەکشێ و، ژوورەکە ڕووناک دەبێتەوە، کاتژمێرە درێژەکەی سەر دیوار لەسەر زەوی کەوتووە، کەلوپەلی نهۆمی ناوەڕاست خەریکە لەبەر سندووق و شەمعەدانەکان دیار نەکەوێت، ئەلبومی وێنەکان لە بەشی دووەمی ژوورەکە دانراون کە دیمەنەکە بەتەواوی کەوتووەتە بەر ڕووناکی، هنری و یتا لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتوون)

هنری: یتا، باوکت بانگت دەکا.

یتا: لێی گەڕێ، با بانگم کات.

هنری: وای بۆ ناچی کە دەبێ چاوێک بگێڕی، ڕەنگبێ شتێکی نائاسایی ڕووی دابێت.

یتا: چ شتێک ڕوو دەدات؟ دەتوانن سەربکەون ئەگەر هەر شتێکیان لە ئێمە بووێت

هنری: دەکرێ بەخێرایی چاوێک بخشێنم.

یتا: نەخێر، لێرە بمێنەوە، دەست بکە بەهەڵخەڵەتاندنیان.

هنری: چاکە، ئەگەر دەتەوێ هەڵیان خەڵەتێنم، ئامادەم، بەڵام شتێکی ڕاستەقینە، نەک فرتوفێڵ، هەر کاتێک تەواو بوو پلانەکەمان سەردەکەوێ، دەشتوانم لە ژمارە ڕێکوپێکەکەش ئاگەدارت بکەمەوە، دەبێ تۆش لەگەڵ مندا وشیار بیت.

یتا: باشە، باشە، دەست پێ بکە.

هنری: باشە، ئێستاکە چاودێریم بکە، پەنجەی گەورە.

یتا: پەنجەی گەورە.

هنری: بۆچی تۆ ئەوەندە جارسکەری؟ چاکە، پەنجەی گەورە، دۆشاوەمژە، بالاّ بەرزە، تووتە، برای تووتە تێ گەیشتیت؟

یتا: ئحم.

هنری: چاکە جارێکی تر دووبارەی بکەوە تووتە، برای تووتە، دووجار بازدە.

یتا: بۆچی؟

هنری: لەبەرئەوەی ئەو ڕێگەیەیە کە پێی دەڕۆیت، بەس ئاگەدار بە، دوو جار بازدە، ئێستا دەتوانی بیر لە شتێک بکەیتەوە.

یتا: باشە

هنری: لەگەڵ بازدانەکەت بژمێرە.

یتا: باشە.

هنری: ئێستا لە سەرەتاوە دەست پێ بکە.

یتا: پەنجەی گەورە.

هنری: قسان مەکە ئاگەدار بە.

یتا: باشە لەعنەت.

هنری: بەڵام پێویستە کە من بزانم تۆ دەتەوێ ژمارەکە هەڵبهێنیت! ئەگەرنا من ناتوانم...

یتا: له بارێکی دەروونی چاکدا نیم.

هنری: پێم بڵێ!

یتا: تۆ ناتوانی هەڵی بهێنی، تۆ لەو شتانە زۆر زیرەکیت، کوڕێکی زیرەکی وەکو تۆ چۆن باوکێکی لەو جۆرەی دەبێت، – دەڵێم – لێرە ناڵەرزیت.

هنری: ناڵەرزم، جا پێم بڵێ تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

یتا: ئەمە یاریکردنە یان جارێکی تر سیخوریم لەسەر دەکەی؟ تۆ گوتووتە کە دەتوانی هەموو کار و نهێنییەکان ئاشکرا بکەیت؟

هنری: بەڵێ، دەتوانم ئەمە کارێکی زۆر سروشتییە، بەڵام سەرەتا دەمەوێ بزانم تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

یتا: پێتی ناڵێم.

هنری: ئەو خۆشییەمان لێ تێک مەدە.

یتا: ئەمە هیچ پێوەندییەکی پێوەنییە، باری دەروونیم چاک نییە، ئەمەش سروشتییە ڕوو بدات، وا نییە؟

هنری: کەواتە، تۆ لە بارێکی ئاسایی دەروونیدا نیت، بەڵام وا دابنێ کە من تکات لێ دەکەم.

یتا: تۆ، ئەمە لە بیر خۆت بەرەوە.

هنری: بەڵام، بەڵام، من تۆم خۆش دەوێ.

یتا: دەزانم، دەزانم، هەردووکمان ئەمە دەزانین، ئەگەر ئێستا ڕۆژنامەکان لەسەر دەرچوون نەبوونایە دەبووە مانشێتی سەرەکیی لاپەڕەکانی یەکەم.

هنری: پێم بڵێ.

یتا: نەخێر.

هنری: باشە، هەڵی بێنم.

یتا: هەڵسە، هەڵی بێنە.

هنری: بیرت لە من کردووەتەوە.

یتا: وا مەکە پێ بکەنم.

هنری: کەواتە بیرت لەو... بەو بەیانییە کردووەتەوە.

یتا: ئەم بەیانییە؟

هنری: بیرت کردووەتەوە کە تۆ دەبیتە دووگیانی، چونکە...

یتا: ژاوە ژاو.

هنری: ئەی مادام دەپێم بڵێ.

یتا: دیارە زۆر لات گرینگە، من تێ ناگەم بۆچی؟

هنری: بەڵام لای من گرینگە (بەدڵەڕاوکێیەکەوە وەستاوە) هەر کات پرسیار بکەم، دەبێ هەموو شتێک بزانم کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، هەموو شتێکی بچووک – کاتێ لێرە دەوەستی و تەماشای ئاوێنەکە دەکەیت، بەڵام لە ڕاستیدا تۆ سەیری ئاوێنە ناکەیت، بەڵکو کاتێ پەنجەکانت مێزەکە هەڵدەکۆڵیت، یان گاز لە سێو دەگریت، یاخۆ هەر هیچ نەکەیت، کاتێ تۆ لەوێ دەبیت.. من دەپرسم کە تۆ خەیاڵت لە کوێیە؟ کاتێ بەرەو دەستشۆرەکە دەچیت، بیر لە چی دەکەیتەوە؟ وەختێ کراسە خورییە کۆنەکەت لەبەر دەکەیت، هەست بەچی دەکەیت؟ ها دەی بڵێ. بیرت بەلای چیدا دەڕوات.

یتا: ئەوەی بیرم لێی کردبێتەوە، باران چەند دەبارێت، باران چییە من چەند هێڵێک دەبینم لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دادەبەزێت، یان ڕەنگبێ بەرەو ئاراستەیەکی تر دابەزێت، ناتوانم بزانم جیاوازییەکەی چییە دوای ئەوە

هنری: تۆ بیرت لەمە زیاتر کردووەتەوە.

یتا: (بەهێواشی بەرەو هنری ڕووی دەسووڕێنێ): بیرم کردووەتەوە: تا چ بەرزاییەک ئاوەکە بەرز دەبێتەوە تاکو تۆی پێ بێدەنگ بکا، لە منی وەرگرە پێش ئەوەی بگەیتە هەر شوێنێ، تۆ دەکەویتە ناو پیسایی (یتا دەگەڕێتەوە سەر قەرەوێڵەکەی خۆی)، پاڵ دەکەوم بۆچی پاڵ نەکەوم، هیچ شتێک سەبارەت بەمن دەگۆڕدرێ ئەگەر بەرامبەر بەو پەردەیە یان پشت ئەو پەردەیە بوەستم – زۆر ساردە و تەڕیشە.

هنری: دەتوانم لە پاڵ تۆ پاڵ بکەوم.

یتا: ناتوانیت.

هنری: دەتوانم لە تەنیشتت پاڵ بکەوم؟

یتا: نەخێر ناتوانیت.

هنری: تۆ ڕاهاتووی ئاوازێکی جیاواز بچڕیت، لەو سێ هەفتەیەی کە لە دەریاچەکە بووین تۆ هەر وازت لێیان نەدەهێنا.

یتا: بەڵێ، بەڵام ئێستا بارەکە جیایە.

هنری: مەبەستت چییە؟ ئێستاکە دەڵێی بایەخ بەمن نادەیت؟

یتا (ڕادەوەستێ): شش: گوێت لە هیچ نییە (بەجوولانەوەیەکی درامیانە)

هنری: گوێم لە هیچ نییە تەنیا دەنگی خوێنم نەبێت، من هەردەم گوێم لە دەنگی خوێنی خۆمە، هەر کاتێکیش...

یتا: نەفرەت لە خوێنت، دەنگی شتێک دێتە بەرگوێم لە سەربانەکە وەک ڕۆژ، بەئاسانی و بەئاشکرایی گوێم لێی بێت، پیاوەکە، یەکێک لە سەربانە (خۆی باز دەدات).

هنری: ئەوە جورجن، پێشووتر لە ژێرزەمینەکەدا بوون، ئێستا چوونەتە سەربانەکە. (تاریکی هێدی ژوورەکە دادەگرێت و سەربانەکە ڕووناک دەبێتەوە دوو جورجی گەورە بەماسکی بریقەدار بێزەوەر و ناشیرین، لەسەر ڕۆخی سەربانەکە دانیشتوون)

پیرل: خەریکە هەست دەکەم لە مەل دەچم.

پۆنیت: بەس ناتوانی بخوێنی.

پیرل: ئەوەشیان دەکەم، ئەگەر مەسەلەکە وا درێژەی پێ بدات، دەست بە هێلکە دانان و هەڵهێنانیشی دەکەم.

پۆنیت: شتێکی نابەجێ و نامەعقولە، ئەوە بەداوێک دەچێت، خەریکە بیپسێنم.

پیرل: بیپسێنە ئەگەر ئارەزوو دەکەیت، بەس قوتی نەدەیت دوایی دەبیە کرمی شریتی.

پۆنیت: ئەمەیە هەمووی ئەوەی کە من دەمەوێ من دەمەوێ بزانم

پیرل: چیمان بەسەر دێت، ئێمە جورجی ئاو نین لە پێش هەموو شتێکدا، پێ دەچێ

ناچار دەبین خۆمان بە دووکەڵکێشەکە هەڵواسین.

پۆنیت: ئەمە ئیشێکی خراپ نییە، بەڵام ئەو کات جغارە مەکێشە.

پیرل: سەیرە ئەی کوا ئەوانی تر، هەموو کات ئەوان وا تێ دەگەن لە ئێمە زیاتر دەزانن، ئەو ئیش و کارانە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ ڕوو نادات، ئەوان وا دەبێژن.

پۆنیت: (سناوت)پێش کەمێک لێرە سووڕایەوە، هیلاک دیاربوو خەمگین بوو، دەمەوێ بزانم.

پیرل: ئەم جارەیان دەتەوێ چ بزانیت؟

پۆنیت:... ئەگەر هیچ چۆلەکەیەک لێرە هەبێت، لە سەرەوە؟

پیرل: بۆچی دەتەوێ وانەیەک لە فڕین فێر ببیت؟

پۆنیت: نەخێر ئەوە نییە کە من مەبەستمە، بەڵام

پیرل: باشە، کەواتە، بۆچی گرینگی بەچۆلەکە دەدەیت؟ (پۆنیت بەغاردان دێت و دەچێت).

پۆنیت: پیرل، خێراکە، دەبا لێرە بێینە دەرەوە.

پیرل: بەس، بۆ کوێ بچین؟

پۆنیت: بۆ جێگەیەک لێرە پارێزراوتر بێت و داڵدەمان بدات، ئەوێ پشت دووکەڵکێشەکە.

پیرل: شێت بوویت؟ دەتەوێ لەوێ هێلکە دابنێیت و زیاد بکەیت.

پۆنیت: خێراکە، پیرل... وەرە (پۆنیت و پیرل لەژێر دووکەڵکێشەکە خۆیان حەشار داوە، ڕووناکی لە سەربانەکە نامێنێ، ژوورەکە ڕووناک دەبێتەوە، یتا لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵکەوتووە، هنریش لە تەنیشتی لەسەر کورسییەک دانیشتووە، پشتی لە یتایە).

یتا: هەندێ جار وام بەخەیاڵدا دێت ئێمە خۆمان ون بکەین باشە، هەندێ جاریش دەڵێم باپاسەوانی خۆمان بکەین و وشیاربین، ئێستا شتێک دەقەومێ، ئێمەش بچینە شوێنێک، هەر شوێنێک بێت شوێنێکی جوان.

هنری: یان خۆمان بمرێنین، وا بزانم ئەو فیکرەیەش خراپ نییە.

یتا: واز بێنە، مردن کارەساتێکی غەریبە، تێ ناگەین ئەوان چی دەڵێن.

هنری: لاڵ بە.

یتا: (دادەنیشێ) حەز دەکەیت ڕاکشێیت؟ هنری، پرسیارێکم لێ کردیت.

هنری: پرسیارێک وەک ئێستاکە لەبارەی مردن و شتێکی تر.

یتا: واز لەو گاڵەگاڵە بهێنە، تۆ سەرەتا دەستت پێ کرد.

هنری: ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت

یتا: دەڵێم باشە ئەی سەبارەت بەئەو، دێت یان نا؟

هنری: ئەوەیان لە بیر خۆت ڕەش بکەرەوە، من ئەوها دڵشادم لێرە.

یتا: باشە.

هنری: من دەتوانم پاڵ بدەمەوە ئەگەر تۆ دەتەوێ و حەزت لێیەتی. (کاتێ هنری چاکەتەکەی لەبەر دەکاتەوە و بەرەو قەرەوێڵەکە هەنگاو دەنێت، ژوورەکە تاریک دادێت و پەیژەکە لەم وەختە ڕووناک، نووح سندووقەکە ڕادەکێشێ، بیتی سەیری لاپەڕەی ئەلبومی وێنەکان دەکات)

بیتی: من هەردەم بەو وێنەیە شەیدا و سەرگەردانم، چۆن پێ دەکەنێ، هەر دەڵێی منداڵێکی ڕاستییە.

نووح: بەڵام هیچ وەختێک بە ڕووتا پێ نەکەنیوە.

بیتی: ڕاستە منداڵێکی ڕەق و سەنگین بوو، بەڵام تا بڵێی زیرەک.

نووح: تۆ دەڵێی زیرەکە، ئەحم، بۆ ناڵێی ترسنۆکیشە، تا سەر ئێسک ساختەچی و خراپکارە.

بیتی: نووح.. چۆن دەتوانی...

نووح: دەزانم دەتەوێ چی بڵێیت، دەتەوێ بڵێی کوڕمە، وانییە دەتەوێ وا بڵێی؟ ئەی سەبارەت بە کارەساتەکەی نەخۆشخانە چی دەڵێن؟

بیتی: نووح.. تۆ تەوقت لە گەردنی ئاڵاندووە، زۆر لەگەڵی توندڕۆی، منداڵێکی وەکو لیو پێویستی بەئارامی و ئاسوودەیی هەیە، کاتێ (ئێرن) هێشتا لە ژیاندابوو...

نووح: نەیدەتوانی کارەکانی ڕاپەڕێنێ، زۆر بەگلەیی بوو لێی، لەناو لەپەکانمدا

دەگریا، بەڵام قسەکردن چ سوودێکی هەیە، جێی هێشتیت.

بیتی: وا دابنێ لە هیکرا هاتەوە سەر دنیا؟

نووح: سەیرکە، سندووقەکە پاش دەقیقەیەکی تر دەکەوێتە سەر ئاو، لێگەڕێ جارێکی تر هەوڵ بدەین، دەبێ شتێک بکەین بیتی.

بیتی: بەڵام هیچ هیوایەک لە بەردەممان نەماوە، تۆ دەزانی هیچ هیوایەک نەما

نووح: واچاکە جارێکی تر بانگیان بکەینەوە، تۆ چۆنی تێ دەگەیت؟

بیتی: هیچ کامیان لەم بارانە گوێیان لێت نابێت.

نووح: یتا، یتا، بەبەرادەرەکەت بڵێ بابێتە خوارەوە یارمەتیم بدات.

بیتی: پێم وتی کەس گوێی لێت نابێت لەبەر دەنگی باران، بەڵام دەکرێ خۆت هەوڵێک بدەیت، دەبا سندووقەکە بکەینەوە، کەرستە، ئۆ خۆ هەمووی کەرستەن.

نووح: ڕاست دەکەیت، پێویستە سندووقەکە بکەینەوە (چەکوشێک بە دەستەوە دەگرێت و سندووقەکە). پارچە پارچە دەگوێزنەوە.

بیتی: ڕەنگە ئەلبومێکی تریشی تێدا بێت، خۆش دەبێ ئەلبومێکی تریشی تێدا بێت.

نووح: ڕەنگە ئیحتمالێکی زۆر هەیە خۆشەویستەکەم، ئای ئەوها، دێوی پەنجەدار.

(لیو و گۆنگو بۆ دەرەوەی سندووقەکە ڕادەپەڕن هەردووکیان جلوبەرگێکی خاکی ساکاریان لەبەردایە، بە جلوبەرگی فەرمی دەچێت).

لیو: ئەورووپا! ئەوێ زۆر ساردە، زۆر ساردترە، سڵاو بابە، دەمێکە بە دیداری یەکتری نەگەیشتووین، ئەوە کۆنگۆیە، ئەو باوکمە، نارچیبولد نووح، کۆکەرەوەی شووشە مەرەکەب و شەمعدان، چ دەڵێیت، گۆنگۆ، بەڵێنی شتێکی زۆری پێداویت؟

کۆنگۆ: ڕێزدار نووح، من دڵشادم بەناسینت، شووشەی مەرەکەب، قەیدی چییە، ئەمەش جۆرە گۆڕانکارییەکە لە ژیاندا.

بیتی: ئەوە تۆی بەحەق و حەقیقەت؟

لیو: پورە بیتی، باشە، من دەبم...

بیتی: بەڵێ لە ڕاستیدا، پورە پیرەکەتە، دەلێگەڕێ کوڕە باتەماشایەکی بکەین، داخوا ئەوە خۆیەتی لە حەقیقەتدا؟ من بەباوکتم دەوت، ڕەنگە لەناو سندووقەکە وێنەیەکی لیوی تێدا بێت.

لیو: پورە بیتی، کاسێتەکە! ناکرێ شتێک ڕای بگرێ..

بیتی: لیو! ئەمە برادەرەکەتە، گەنجێکی جوانە، نووح، تۆ چی دەڵێیت؟

نووح: من.. من باوەڕ ناکەم.

لیو: ئەوە چییە؟ سەیرە؟ هەڵەیەکت کردووە هەڵەیەکی بچووک، ئەوە هەموو شتێکە، تۆ سندووقەکەت بەهەڵە هێناوە، چاوێکی بدێ، نەنیشانەی مەرەکەبی فرەنسی، تۆ دەزانی سندووقەکە چی تێدایە، توکن لاوس، مەملەکەتی خامۆش (نووح بەرەو سندووقەکە پاڵدەنرێت) ها، سەیری کە، بۆنی بۆن و بەرامی دارستان بکە.

نووح: واز لەمە بهێنە، لیو، تۆ لە بیرت کردووە؟

لیو: چی؟ کە تۆ باوکمی؟ باشە، بەڵێ، لە ڕاستیدا لە بیرم چوو بۆ وە من لەوێم، پێویستە جارێکی تریش وابکەم جێگەی باوەڕت بم، تۆ تا ئەمڕۆش باوکمی، هەروەک جاران، تۆ قەت ناگۆڕێی.

بیتی: بەڵام ئەوەتا گۆڕاویت چەند خۆت و قسەکانت گەورە بوویتە.

لیو: پورە بیتی، پرچی وەک یەکێک گرێ داوە، تەماشاکە چۆن دەلەرێتەوە، ئەی پیاوەکە! هەرهەمان ئەلبومی وێنە کۆنەکانی لە ئامێزدایە.

نووح: لیو، برادەرەکەت...

لیو: دەتوانی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵدا بکەیت، ناتگەزێت.

نووح: بەڕێز...

کۆنگۆ: ناوم کۆنگۆیە.

لیو: یاریزانی بۆکسێنە.

کۆنگۆ: واز لەمە بێنە.

نووح: بەڕێز کۆنگۆ، ئەگەر هەڵە نەبوویم، من گوێم لێ بووە، کە تۆ ئەو کوڕە لاوە بوویت کوڕەکەی منت ڕازی کرد سەفەر بۆ ڕاینلاند بکا، بۆ... من دڵنیام

تۆ دەزانی من ئاماژە بەچی دەدەم.

کۆنگۆ: بێگومان، من ڕازیم کرد، ئەگەر ئیشێکی هەڵەم نەکردبێ، تۆ مەبەستت گەشتەکەی ڕۆژی یەکشەممانە، بێگومان من دەزانم زۆری خایاند کە لەو باوەڕەدا نەبووین هێندە درێژە بخایەنێت، بەڵام جارێکی تریش ئەوەتا گەڕاینەوە، ئەدی وا نییە؟

لیو: چۆن! گرژ مەبە باوکە.

نووح: باشە، باشە، ئەوەتە تۆ لێرەی، لە کانگای دڵمەوە بەخێر هاتنت دەکەم.

بیتی: هەروەها منیش بەخێر هاتنێکی گەرمت دەکەم، لە قووڵاییی دڵەوە بەخێر بێیت، یتا دڵخۆش نابیت؟

لیو: ئەو لێرەیە؟

نووح: بەڵێ یتا لێرەیە، ئەو هەر لەگەڵ باوکیەتی، نازانم چۆن گوزارشتی لێ بکەم، بەهەڵە لێم تێ مەگە، بەڵام جێی داخە، کە دەیڵێم.. لیوی خۆشەویستم ئحم... تۆ لە وەختێکی نارێک و ناخۆش هاتوویت.

لیو: بەبێ گاڵتە؟

نووح: ڕێگەم بدە دووبارەی بکەمەوە، بەهەڵە لێم تێ مەگە....

لیو: چیت هەیە بەبێ دوودڵی بیڵێ.

نووح: لیوی ئازیزم، تۆفانمان لێ هەڵساوە، نایبینیت، مەبەستم چییە لەوە؟ پێویستە باوەڕم پێ بکەیت، بەڕێز کۆنگۆ، ئێستا ئێمە هەر چوارمان لەژێر کاریگەری ئەو تۆفانە وێرانکارە دەناڵێنین، کە شتێکی زۆر مەترسیدارە....

لیو: هەر چوارتان؟ مەبەستت چییە؟ کەسێکی تر لێرەدا هەیە؟

نووح: جێگای داخە کە پێت دەڵێم، دەسگیرانی یتا.

لیو: دەستگیرانی یتا؟

بیتی: بەڵێ، هنری، تۆ نایناسیت؟

لیو: ناوی چییە؟ جارێکی تر دووبارەی بکەرەوە؟

بیتی: هنری – ناوێکی خۆشە وا نییە؟ کوڕێکی ڕێکوپێکە، لاواز و دوودڵە، بەڵام

لەگەڵ ڕۆژگار چاک دەبێت، لە پاڵ ئەمانەش زۆر یتای خۆش دەوێ.

لیو: ئەویش ئەوها دەڵێ؟

بیتی: ئەمە چییە؟

لیو: ئەویش بەخۆی دەڵێ یتام خۆش دەوێ، ئا لەم جۆرە شتانە؟

بیتی: بەدرێژاییی کات و بەردەوامیش دووبارەی دەکاتەوە و سوریشە.

لیو: ڕەنگە لە قسەکانیدا ڕاست بکا، مادامەکی سورە و زۆریش دووبارەی دەکاتەوە، یتا و دەستگیرانی بارگرانیی ئەم کارەیان دەکەوێتە ئەستۆ، پێش دوو ساڵێک لەمەوبەر یتا یاریی پزیشک و نەخۆشی لە باخچەی ماڵەوە لەگەڵ نوگی ئاکسەر دەکرد، ئێستا دەستگیرانی هەیە، کات بەخۆی دەڕوات، وا نییە کۆنگۆ.

کۆنگۆ: پێ دەچێت وابێ.

نووح: چاکە، هەروەک خۆت دەتگوت، ئازیزم لیو، شوێنێکی باشمان نییە ئەمەش جێگەی خەجاڵەتییە، لە بەدبەختیی خۆمانە، هەتا............. نییە.

لیو: چی، دەتەوێ لە چۆلاییمان دابنێیت، بۆ سەردان هاتووین، ئێمە یەکترمان خۆش دەوێت و بەڕەوشت و گوێڕایەڵین، تۆش دەتەوێ لەو چۆڵەوانییە فڕێمان دەیت.

نووح: بەڵام.

بیتی: بەڵێ، بەڵام، شوێنێک ئامادە دەکەین... داخوا یتا سەری سوڕنەماوە؟

نووح: بەڵێ، بەڵێ، بێگومان.

لیو: ها کۆنگۆ، ڕات بەپورم بیتی چییە؟ ژنێکی خانەدان نییە؟ هەڵسە کەلوپەلەکانت بهێنەرە خوارەوە، هەموو شتەکانت هێناوە؟

کۆنگۆ: من دەچمە ئەوێندەرێ.

نووح: وا بزانم ئەوە دەبەم، ڕەنگبێ ئەوەشیان.

بیتی: من ئەلبومەکە هەڵدەگرم، چی دەبینی، لیو؟ پێویست نییە من ئەلبومەکە هەڵدەگرم؟

لیو: بێگومان، پێویستە، پورم، ئافرەت بێ ئەلبومی وێنە وەک تابووت وایە سەری

نەبێ. (نووح و بیتی لە پێشەوە لەسەرخۆ بەسەر پەیژەکە دەکەون، کۆنگۆ کۆمەڵێک شتومەکی لەبن هەنگڵی هەڵگرتووە، ژوورەکە ڕووناک دەبێتەوە، هنری دادەنیشێ و چاکەتەکەی لەبەر دەکات)

هنری: یتا باوکت هاتەوە.

یتا: بابفەرمووێت (ڕووی بۆ دیوار دەسووڕێنێ)

نوح: (لە مەدخەلی دەرگە) یتا، فریشتەکەم، چییە بۆ دڵتەنگی بەهاتنم؟ دەزانی چیم بۆ هێناویت؟

بیتی: ئای، بەڵێ، یتا، هەڵی بێنە، (بۆ بەردەم نووح لە ناوەڕاستی ژوورەکە پاڵ دەنرێت، تادەگاتە ناوەڕاستی ژوورەکە)

نووح: شتێکی زۆر تایبەتی.

بیتی: (پێ دەکەنێت) سەرت سووڕدەمێنێ.

یتا: دەتوانم وابێنمە بەرچاوم (بەهێواشی دادەنیشێ)یان بەژمارەیەک شووشە مەرەکەبی بێ نرخ هاتوویت، یان هەندێ وێنەی ناشیرینی خێزانت هێناوە کە هەموویانی تێدایە. بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ناوەڕاست، منداڵەکان لە پێشەوا، وا نییە؟ یان لیو لێرەیە؟

بیتی: هەڵت هێناوە.

نووح: چۆنت زانی؟

لیو: (پاڵێک بەنووحەوە دەنێ بۆ لایەک) سلاو، یتا.

یتا: سلاو لیو، گەڕایتەوە؟

لیو: تەنیا سەردانێکە، هاتووم چاوێکم پێتان بکەوێ، دەڵێم زۆر جوان دێیتە بەرچاوان، هەر وەک لێرەوە دەتبینم.

یتا: بۆچی ئەوها دێمە بەرچاوان؟

لیو: ئەوە کۆنگۆیە، برادەرمە دەمەوێ ناسک و خانمانە لەگەڵیدا بجوڵێیتەوە نەباوکی هەیە نەدایک.

یتا: دەتوانم بیر لە کارەساتی گەورەتریش بکەمەوە – سلاو.

کۆنگۆ: هیوای ڕۆژێکی شادت بۆ دەخوازم، خانمەکەم، ئاواتەخوازم بێزارم

نەکردبن.

لیو: بەم جۆرە خەیاڵاتە قسە مەکە.... ئەو یاریزانی بۆکسێنە، بۆیە زۆرجاران دەبینی بەڕەوشت و ڕێکوپێکە.

نووح: بەڵام یتای کچکۆلانەکەم، لات سەیر نەبێ گەڕانەوەی لیو بۆ ماڵەوەی دوای ئەو دابڕانە درێژە.

بیتی: تەنیا بیر لەوە بکەرەوە، کە لە هیکرا گەڕاوەتەوە ئێرە.

یتا: پێم سەیر بێت؟ بۆچی؟ هەردەم وتوومە: ئەگەر باران ئەوها بەم جۆرە بەردەوام بێت، لیو دەگەڕێتەوە ماڵەوە، سەیرکە ئەوەتا گەڕایەوە.

بیتی: بەڵێ نووح ئەوە ڕاستە، یتا لەمەڕ باران چەند جارێ وای گوتووە.

نوح: بەهەرحاڵ، ئەمەیان ڕاستییەکە، ئەو لە خراپترین کەش و هەوا دەگەڕێتەوە (لیو بەرەو ژوورەکە ڕووی وەردەچەرخێنێ)

لیو: ئەوە کێیە لەوێ؟

یتا: خۆیەتی.

لیو: بەڵێ، خۆیەتی.

نووح: ئەوە هنرییە، دەسگیرانی یتا، باوکی دوکتۆری ناوداره، هیواخوازم بە خێراترین کات ئەمە بهێنێتە بەرچاوت.

لیو: من دوکتۆرانم خۆش ناوێت، ئەو پیاوە بەقژ داهێنەر دەچێ.

یتا: وازی لێ بێنە، ئەو هیچی لەگەڵ تۆدا نییە.

لیو: باشە کۆنگۆ، ڕات چییە بەم شوێنە، بەماڵەکەم؟

کۆنگۆ: خوشکت....

لیو: من پرسیارێکی خوشکتم لێ نەکردووی، من دەڵێم ئەو شوێنە چۆن دەبینی لە ڕاستیدا زۆر جوانە وا نییە؟

کۆنگۆ: مەبەستت لە ماڵەکەیە، بەڵێ، چی بڵێم، خۆشە، بەڵێ خۆشە، لە زۆر جێگەی تر کە من بینیومە خۆشتر و بەئیسراحەتترە.

لیو: کەواتە تۆ وای بۆدەچی کە جێگەیەکی دڵگیرە؟

کۆنگۆ: دەڵێم، هەر کاتێ چاوێکم بەر کاتژمێرە درێژە چەقیوەی ئەوێ دەکەوێ

هەستێکی دینی دام دەگرێ، هەروەک جاران کە لە منداڵی هەستم پێی دەکرد، بەڵام خوشکت...

لیو: خوشکت چییەتی؟

کۆنگۆ: هیچی نییە تەنیا سەرنجم ڕادەکێشێ، ئەدگاری ئەوتۆی هەیە بۆم ناکرێ وەسفی بکەم.

لیو: گوێ مەدەرێ، لای من ئیشەکە وەکو یەکە.

هنری: وا بزانم تۆماوەیەک لە ماڵەوەتان دوور کەو تبویتەوە .

لیو: هەی ئەوە باسی تۆ دەکات.

کۆنگۆ: هەردووکمان ماوەیەکی درێژ لێرە دوور بووین.

هنری: لە کوێ بوون؟ مەبەستم سەردانی چ شوێنێکتان کردبوو، ئەگەر ڕێگەم درابێ پرسیار بکەم.

لیو: پێی بڵێ، نەخێر، ناتوانێ پرسیار بکا.

کۆنگۆ: گوێت لێ بوو؟ پێویستە پرسیار نەکەیت، پرسیار قەدەخەیە! گوێت لە (لوهنکرین) نەبووە؟ دیوتە

تیا: تۆدەمت داخە.

لیو: خێراکە، کۆنگۆ، با سەیری پۆستە بکەین.

کۆنگۆ: زۆر تەڕ نەبووە.

لیو: (ڕەزمەکان دەکاتەوە و شریتێکی درێژ لە ئاوریشم دەدرێنێ) بیتی، پورە جوانەکەم، سەیرکە چیم لایە.

بیتی: ئەڵڵاه، ئەمە چییە دەیبینم؟ ئەمەت لە کوێ هێناوە؟

لیو: ئەمە بۆ تۆیە، بۆ تۆمان کڕیوە، ئاوریشمی بەڕەشوتی پلەی یەک، وا نییە کۆنگۆ؟

کۆنگۆ: ئەمە گومانی تێدایە نییە.

بیتی: نەخێر، من چەندی دەکەم باوەڕ ناکەم، ئاوریشمی بەڕەشووت، چەند جوانە، بۆم ناکرێ ماچی بکەم، ڕات؟ نووح!

نووح: لێم مەپرسە من ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم، ئاخۆ ئەوە ئاوریشمە...

بیتی: ئاوریشمە پەڕەشووت.

نووح: زۆر چاکە، ئەگەر بێتو ئاوریشمی ڕاستەقینە بێت یان...

یتا: وازبێنە، تۆ هەردەم ڕای خۆت دەردەبڕی بێ ئەوەی کەس پرسیاری ئەوەی لێ کردبێت، دەتەوێ شادی و خۆشی پورم تێک بدەیت.

هنری: بەڕێز من دڵنیام لەوەی کە شتێکی گرینگ لە ئارادا نییە...

یتا: زۆر باشە پورێ ئەگەر لیو هەر شتێک بێنێت دڵنیابە کە شتێکی چاک دەبێت.

بیتی: بەڕاستی تۆ لەو بیروڕایە دایت؟ لەو حاڵەتەدا ئەمەیان شتێکی باشە زۆر سوپاس بۆ تۆش کۆنگۆ.

کۆنگۆ: شتێکی ئەو تۆ نییە شایەنی باس نییە، بەختیارم بەوەی کە ئەمە دەدەمە ئەو خانمە پیرەژنە جوانە.

بیتی: (بەپەنجە هەڕەشەی لێ دەکات) ئۆ، کۆنگۆی بەڕێز، وا دیارە تۆ دڵپیس و بۆگەنیت.

لیو: ئەمە ڕاستە پورێ، پێویستە ئاگەداری کردەوەکانی ببیت کە لەگەڵتا پێرەوی دەکات.

بیتی: نەخێر، تا ئەو سنوورەش نا، دەزانی من چی دەکەم؟

لیو: چی دەکەیت؟

بیتی: پەڕەشووتێک بۆ هەر یەکەتان.

لیو: بێ گاڵتە.

بیتی: بەخوا، پەڕەشووتی بچووک، یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، ئەگەر شتێک مابێ، یەکێکیش بۆ من، شەش پەڕەشووتی بچووک.

یتا: بۆ دەوڵەمەندیت پورێ؟ بارانێکی بەگوڕ دادەبارێت، لەو کاتەی تۆ باس لە پەڕەشووت دەکەیت.

بیتی: هەر شتێک کات و ساتی خۆی هەیە، ئازیزەکەم، خۆ تاهەتایە هەر نابارێت.

نووح: ناکرێ بزانیت.

بیتی: گاڵە گاڵ، تۆ لەو باوەڕەدانیت کە باران لە بارین بێزار نابێت.

لیو: خۆ ئەو ڕاست دەکات، کە بارانێکی زۆر بباری دواتر بێزار دەبێ و

ڕادەوەستێ.

یتا: تۆ بۆ چی هەموو کات هەوڵ دەدەیت خۆت بکەیتە گاڵتەجار، پشووی خۆت وەرگرە، یان تۆزێک پاڵاوانییەتی و کەڵکێشی خۆتمان بۆ باس بکە.

لیو: هیچم نییە تا بۆتانی باس بکەم.

یتا: ئەوەم بەدڵە، (تاریکی لەسەر خۆی دەگەڕێتەوە، سەربان ڕووناک دادێت)

پیرل: چیرۆکێکی کورتم بۆ بگێڕەوە، پۆنیت.

پۆنیت: پێ دەچێ ئەوان لە خوارەوە لە یەکتری نێزیک بوونەتەوە.

پیرل: من تێبینی ئەوە ناکەم، خێراکە پۆنیت شتێکم بۆ بڵێ.

پۆنیت: چی؟

پیرل: هەرشتێکی کۆن، تۆ جورجی، تاقیکردنەوەت لە گەشت و سەفەردا زۆرە، دە خێراکە دەست پێ بکە.

پۆنیت: بەڵێ لە ژیانمدا شتێک یان دوو شتم بینیوە، ئەوەت بۆ باس دەکەم کە جارێکیان سێ ڕۆژان لەناو قاسەی پارەیان بەند کردم، تێیدا هیچ خواردنێک نەبوو بیخۆم تەنیا لیستی ژمێریاری بیست مارکی نەبێت، یان دەتەوێ سەربووردەی کاتژمێرەکەت گوێ لێ بێت؟

پیرل: چیرۆکی کاتژمێر چۆنە؟

پۆنیت: لە دوایین چرکەدا لەنێو کاتژمێرە درێژە چەسپاوەکەی سەر زەوی وەک ئەو کاتژمێرەی کە لە نهۆمی خوارەوەدا دانراوە، بازم دا و نەمتوانی بێمە دەرەوە لەبەرئەوەی (دوبرمان) لەوێ بوو، دەزانی دوبرمان کێیە؟

پیرل: خۆت مەشێوێنە، بێگومان من دەزانم دوبرمان کێیە.

پۆنیت: باشە، ئەو کاتەی دوبرمان بەرامبەر بە کاتژمێرەکە دانیشتبوو چاوەڕوانی دەکرد، منیش لەناو کاتژمێرەکەدا دانیشتبووم و خەوم لێ کەوتبوو لە هیکرا زەنگی کاتژمێری (١٢)ی لێ دا.

پیرل: نیوەی شەو.

پۆنیت: بەڵێ نیوەی شەو، ترسێکی زۆر گەورە لەو شتە نامەعقولە دامیگرت، بەس باوەڕ بکە، زۆر شڵەژابووم، بەڵام توانیم دان بەخۆم بنێم، شێت بووبووم

هەتا میلی چرکە و دەقیقـەژمێرم خـوارد، پارچە پارچە هەتا دوا پارچە، دواتر کاتژمێرەکە لە جێی خۆی وەستاو و جوڵەی لێ بڕا.

پیرل: ئۆف! چەند سەیر بووە! ئەوەی (دێر)م بۆ بگێڕەوە.

پۆنیت: تۆ ئەو چیرۆکەت بیستووە.

پیرل: گرینگ نییە، دەی، دەست پێ بکە.

پۆنیت: باش، ئەوە بوو دوای گـەشـتی دووەمم بۆ پاریس، چوومـە جـێگەیەک وەک ئەوەی خانەی پەککەوتووان بێت.

پیرل: مەبەستت ماڵی بەساڵاچووانە؟

پۆنیت: ئا، بەڵێ، پەیمانگەی کامۆلیکی لە دۆسلدرۆف لەسـەر ڕووباری رازریرویچ.. شوێنێکی دڵڕفێنە، نێزیک هێڵی شەمەندەفەر، دوو هەنگاو بەرەو کۆگاکان، لە هـەمـان شـوێن، باوەڕم پێ بکە، بەرزترین ئـاست، ژێرزەمـینی گـەورە خۆش و تاریک درز و شـێیـەکی زۆری هەبوو وەک دەڵێن پـارووم کـەوتبـووە ناو ڕۆن.

پیـرل: دەکـرێ وای لێک بـدەمـەوە، تۆ بـەردەوام حـەز دەکـەیت لەنێـو خـۆشی و مەلەزراندا نگوم ببیت، بەڵام ئەی ژنە رەبەنەکان؟

پۆنیت: وەک ئـەوەی بە تـەواوی تێی گـەیشـتـووبیت. چێـشـتـخـانە و بەشی نیـشـتـەجـێبـوون لە نهـۆمی سـەرەوەدا، ئاگـەداری خـۆشـم دەبم، ئەگـەر یەکێکیان هاتنە ژوورەوە ویستی شتێک بکا، من لەو خێراتر دەبم و لەژێر جلوبەرگەکەی دەچمە دەرەوە.

پیرل: تۆ زۆرزان و چەنەبازیت.

پۆنیت: دواتر بەسـەر قـاچەکـانی هـەڵدەزنێم، چونکە ئەوان گـۆرەوی سـوف لەبەر دەکـەن، دواتر گـەزەیەک لـە نەرمـە ڕانی دەگـرم، ئەو دەست بەهاوارکـردن دەکات و شتەکان هەمووی فڕێ دەدات.

پیرل: چی فڕێ دەدەن؟

پۆنیت: ڕەنگە قاپێک کە پڕیەتی لە بازللا، باوەڕ بکە ڕەبەنەکە هێشتا نەڕۆیشـتووە من بازللایەکەم قڕ کردووە.

پیرل: ڕاوەستە خەریکە گومانم لەلا دروست دەبێ

پۆنیت: جارێکیان گوێ بگرە جارێکیان پارچە گۆشتێکی هێنا، دەزانی ئەمە چییە؟

پیرل: نەخێر، دان بەوەدا دەنێم کە نازانم ئەمە چییە.

پۆنیت: لە داهاتووشدا هەر نایزانی، چونکە نەچوویتە پاریس.

پیرل: دەپێم بڵێ دەموچاوی ڕەبەنەکان چۆنە؟

پۆنیت: دەبێ شکڵیان چۆن بێت، ئەسمەر و قەڵەون، وەک پەتاتەی سوورکراوە وان، تەنیا یەکێکیان نەبێ لەوان ناکات، ئەویش خوشکە (ئەلڤۆنس ماریا)یە

پیرل: چۆن ناوی بووەتە ئەلڤۆنس ماریا؟

پۆنیت: هەندێ جار ڕەبەنەکان ئەوها ناو دەنرێن من خۆشم...

پیرل: ئەدگاری چۆنە؟

پۆنیت: واز لەو قسانە بێنە، تۆ خۆت هەموو شتێک دەزانی، دە جاران پێم گوتوویت.

پیرل: بەڵام ئاخر سەرنجم ڕادەکێشێت، بۆیە بەردەوام دەبم، داخوا ئەلڤۆنس ماریا جوانە؟

پۆنیت: جوانە؟ لە سەرەوە جوانە، بەڵام لە خوارەوە! دەزانی چی تێدایە، لەسەر قاپەکانی پەڵە هەیە لە خوارەوە تا سەرەوە.

پیرل: لەکوێ؟

پۆنیت: بێگومان لە ژێرزەمینەکە، ئەی گوایە لە کوێ؟ ڕاهاتبوو ناوە ناوە بۆ ژێرزەمینەکە دەچوو دەرگاشی لە دوای خۆی دادەخست، بەردەوام ئەملا و ئەولای خۆی دەڕوانی بە وشیارییەوە، پاشان تەنوورەکەی بڵند دەکرد و گۆرەوییە سووفەکەی دەهێنایە خوارەوە و سەیری قاچەکانی خۆی دەکرد، نێزیکەی دە دەقیقە ئەوها مایەوە و هەر تەماشای قاچەکانی دەکرد و تەماشای دەکرد.

پیرل: قەت بەم جۆرە ناشرینی و ناڕێکییەی باوەڕ ناکرێ

پۆنیت: ئەوهای لێ تێ دەگەیت، دوو قاچی خڕ و سپی وەک پەنیر، هەر لە پاژنۆیەوە تا دەگاتە کەوانەی سەرکەوتن هەمووی بەپەڵە داپۆشراوە.

پیرل: ناوی چی بوو؟

پۆنیت: ئەلفۆنس ماریا، خوشکە ئەلفۆنس ماریا.

پیرل: ئای لەو بەزمە؟!

پۆنیت: پاشان قەشە لەگەڵ کۆمەڵێک مندالّی ڕەنگ هەڵبزرکاوی زەردی کۆرس هاتنە خوارەوە، ئەو شوێنەیان بەبۆنی بوخورِ و ئاوی پیرۆز تەنی.

پیرل: بۆچی وایان کرد؟

پۆنیت: پرسیارێکی قۆرِە! لەبەر من، بێشک وایان زانی دێوێک لەژێر جلوبەرگی ڕەبەنەکە فرتەی کردووە.

پیرل: ئۆ خۆ دەشێ تۆ ببیە دێوێکی جوان.

پۆنیت: حەقی خۆتە پێ بکەنیت، هەندێکیش لە ئاوە پیرۆزەکەیان بەسەرما پژاند، بەلاّم چ سوودێکی بۆم نەبوو، باوەرِ بکە، وایان لێ کردم بیر لە کابووس بکەمەوە، بەهەڵەداوان لە شوێنەکە چوومە دەرەوە.

پیرل: ئەی ڕەبەنە قاچ پەڵەکە چی لێ هات؟

پۆنیت: ئۆ بۆ شوێنێکی تریان گواستەوە، هەر خوا خۆی دەزانێ چی کرد، بەلاّم خۆ هەندێ جاریش گوێت لە هەندێ چیرۆکی خراپ کە لەو دێرانە ڕوو دەدەن دەبێت.

پیرل: بەڵێ، ڕەنگە ئەو چیرۆکانەش هەموویان ڕاست نەبن، من هەست دەکەم برسیمە، ئەی تۆ؟

پۆنیت: من نەخێر، برسیم نییە.

پیرل: شتێکی سەیرە ئەمە چۆن دەبێ؟

پۆنیت: جارێکی تر برسیم نابێ.

پیرل: ئەمە چییە؟ قەت جارێکی تر برسیت نابێ؟

پۆنیت: بەڵێ.

پیرل: سەیری ئێرەکە، جارێکی تر تۆ لێرە ڕاناوەستیت و بەدەموچاوێکی گرژ و مۆن قسەم لەگەڵدا بکەیت...

پۆنیت: ئۆ، منیش هەروەها.

پیرل: واتە تۆ برسیت نییە؟

پۆنیت: ئەوەم وتووە، هەر کە تازە تۆ لە بەرچاوم ونبوویت، من خۆم تێر کرد لێرەوە تا ئەبەد، رۆح خۆراکم دەدات، تێ گەیشتی؟

پیرل: نەخێر هیچی لێ تێناگەم، خۆ جورجێک نییە رێز لەخۆی بنێ و مامەڵەی لەگەڵ روحدا هەبێت.

پۆنیت: دەبێ بەم شێوەیە قسە نەکەیت، روح وات لێ دەکات سارد و تەنک و نەرم بیت، بەکورتی وا دەکات نەمر بیت، من لە هەموویان تەمەن درێژ دەبم، لە هەر هەموویان هەتا لە – پشیلەکان – یش (تاریکییەکی هێواش سەربانەکە دادەگرێت، پەیژەکە ڕووناک دەبێتەوە، نووح ڕاوەستاوە سەیری بنمیچەکە دەکات، هەموویان دانیشتوون یاخۆ خۆیان بەشتێک ڕاگرتووە)

نووح: پێویستە یەکێک بەسەر کەوێت ئەو جورجانە دەربکات، هنری؟

هنری: من، بۆ من؟

نووح: تێ گەیشتم هەمان بەزمی جارانە دەبێ دیسان بەخۆم ئەو کارەش ئەنجام بدەم.

لیو: لێیان گەڕێ بابڕژێن خەریکن دەفەوتێن وەک چۆن خۆمان خەریکە تێک دەشکێین

نووح: ئەگەر قسەکانت ڕاستیش بن، بەڵام هەر دەبێ جورجەکان لە سەربانەکە دەربکرێن

یتا: دەتەوێ لەگەڵ ئێمە بێیتە ئێرە، دابەزیت؟

بیتی: نەخێر، ئەی خوا، ئەمە چۆن دەکرێ؟

نووح: سەحیف مەبە، ئێستاکە لەگەڵ ئاوەکە ڕای دەماڵم (بەرەو پەیژە رێ دەگرێ، لیو بەلێوی چاکەتەکەیەوە لە خوارەوە دەیگرێ و دەیهێنێتەوە)

لیو: جورجیش مرۆڤن، ئەوەیە هەموو باسەکە. (نووح جارێکی تر لە ناوەڕاستی شووشەکە مەرەکەبەکان دادەنیشێتەوە)

یتا: لێی دڵتەنگ مەبە، لیو، چیرۆکێکیان بۆ بگێڕەوە.

لیو: هیچ چیرۆکم نییە، پورێ تۆ بەچییەوە خەریکیت؟

بیتی: لیو، تۆ دەزانیت، پێشم وتوویت، سەیوانێک، دوو سەیوان، سێ، چوار پێنج، شەش سەیوانی بچووک، هەریەکەو یەکێک.

لیو: خۆت بەوەی من خەریک مەکە، من دەچمە بەستەڵەکی باکوور.

بیتی: قەیدی ناکات هەر پێویستمان بەسەیوان دەبێت.

لیو: تۆ هەموو کات بایەخ بەئارامی و خۆشی من دەدەیت ئەوەم پێ باش نییە.

بیتی: پاش ئەوەی خوشکم مرد، دایکت زۆر ئازیز بوو...

لیو: دایکم سەیوانی دروست نەکرد، ئەو هەر کات لەسەر گازەرەی پشت لەسەر نوێن ڕاکشا بوو، ڕەنگ زەرد و دڵتەنگ دەهاتە بەرچاو.

بیتی: هیچ سەرنجێک ڕاناکێشێت، لەو حاڵەتەدا، خۆشەویستییەکەی بۆ شووشە مەرەکەبەکان بووە.

بیتی: لیو!

لیو: باشە، باش، من دەزانم ئەو دووچاری نەخۆشی شێر پەنجە هاتبوو، هیچ گلەییەک لە شووشە مەرەکەبەکان ناکرێت، لە بیری بکە!

نووح: تۆ لەسەر تەرمەکەی دڵۆپەیەک فرمێسکت ڕشت! تۆ هەر بەخۆت دەتگوت ئەو کەسانەی بەنەخۆشی شێرپەنجە دەمرن دەچنە بەهەشتێ، یان تۆ، تۆ وات نەفەرمووە؟

یتا: واز لەمە بێنە، ناخۆشتان کرد، لێرەوە کۆتایی پێ بهێنە (بەرەو پەنجەرە دەڕوات) سەیری ئەو خێزانە تێکپرژاوە بکە، خێزانێکی بەتاڵ، هیچ کەسێکی لێ دیار نییە، خۆزگەم دەخواست، قەرەوێلەیەک بوومایە وەک قەرەوێلەکانی ئێرە، بەتاڵ، هەڵدەگەڕێتەوە، لەسەر چوار پەلی ناوەستێ، لەژێر ئەو وێنە زەیتییە سەخیفە بەستراوەتەوە بەدەستتشۆرێک لە تەنیشت مێزێک، کە ددانی دەستکردی لەناو کوپێک ئاو لەسەری دانراوە، چیرۆکێکی پۆلیسییە، کە خەون بەچارەنووسی تاوانبارە پیاوکوژەکە دەبینی لە کۆتاییە تاڵەکەیدا ئارامگرە بەو حەوتا ساڵەی کە مرۆڤ دەژی لەسەر ئەم زەوییە و بێ ئیرادەی خۆشی، وا باشە بۆ من ڕوو بکەمە دارستانێک، بەڵام لە سەرەتا دەمەوێ سەرینێک لەگەڵ خۆمدا بێنم، گەر سەربەست بوومایە دەمگوت، با خێراکەین برۆین! پشیلەیەک لە نێوان دوو

باسکمدا غار دەدات و بەختیارە، ئەگەر ڕۆیشتنم نەبووایە دەخنکام لیو، تۆ ئەو خودایە شتێک بڵێ، یان برادەرەکەت قسەیەک بېژێ (یتا بۆ ژوورەکە دەگەڕێتەوە) ئۆ، لیو، هەڵسە، قسەیەکت لە دەم دەرچێ.

لیو: چیم لا نییە بیڵێم.

هنری: تکایە سەربردەیەکمان بۆ باس بکە.

لیو: (بەتێڕوانینێکی دڵڕەقانەوە بۆ هنری) بێدەنگ بە قژ داهێنەر، باکۆنگۆ شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو درۆزنێکی گەورەیە.

یتا: من هیچ لام گرینگ نییە کە کێ بێت و چی بێت، مادام یەکێک هەبێت لە نێوانمان بتوانێ بدوێ، ئەگینا باران قسە دەکات، منیش چیرۆکی باران دەزانم.

لیو: پورم نووستووە؟

یتا: وا بزانم پیرەمێردەکەش خەوتووە.

لیو: باشە گرینگ نییە، کەی و لە کوێ، لە سێرک دانیشتبووم.

کۆنگۆ: لە سایگۆن بوو.

لیو: وتم گرینگ نییە لە کوێ بوو، لە سێرک، سێرک بازنەییە وەک هەر سێرکێکی تر و هەمان بۆنیشی هەیە، لە سەرەوە ڕووناکیی شانۆ، لە ناوەڕاستی هەواکەش دوو قاچی ئافرەتێکی دەم بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی. (هنری پێدەکەنێت) دەڵێم بۆکسێک بۆ دەم و چەنەگەی قژ داهێنەرەکە بکێشم.

یتا: ئەمە چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە.

لیو: باشە بەردەوام دەبم ئەو ئافرەتە دوو قاچی هەیە لە خەزەف دروستکراون دووپاتی دەکەمەوە دەڵێم لە باشترین خەزەف دروست کراون

کۆنگۆ: باوەڕت پێ دەکەین.

یتا: کێ پێی گرینگە کە لە چی دروست کراون؟

لیو: من لام گرینگە قاچەکانی ساردبوون کاتێ... وشیاربوو دواتر ساردتربوو دواتر ساردتربوون زۆر سارد بوون لە دوایدا بوونە سەهۆڵ دووستوون لە بەفر کە بووبوونە پەرستگایەک لە ناوچەی بەستەڵەک جەمسەری باکور –

کە ناکرێ بیگەیتێ، وەهیچ گەڕۆکێک ناتوانێ بیگاتێ و دەستی بۆ درێژ بکا، دەزانی ئەوە مانای چییە؟ بەستەڵەک لە سەرەوە لەسەرت بڵند، بەڵام زۆریش بڵندنا نیوەی بەرزاییی ڕەشماڵێک – نیوەی ماوەی لووتکەیەکی بەرز بەفر، بەڵام ناسک دڵڕفێن جوان ڕەوتێکی شیرین نەک بەستەڵەکێک لەسەر مۆمدانێک هەڵواسرابێت یان پارچە بەفرێک لە شێوەی شەشپاڵۆ لە ساردکەرەوەیەک دەرت هێنابێت

کۆنگۆ: لە مەبەستت دەگەم بەفر کە جومگەی هەبێت هەر کە سەیری بکەیت ئارەقە دەربکەیت.

لیو: ئافەرین ئەمەیە بەتەواوی مەبەستم دوای چی ڕووی دا؟ جولەیەکی خێرا پروشکە تەقینەوە خەڵکەکە هەموویان دەستیان کرد بەچەپڵەلێدان هەموو شتەکانی ناشیرین و بێ مانا کرد تۆپەڵێک بەفری داڕماو بەهۆی پروشکەی ئاگر! زوخام تەمێکی تەنک بای باشوریی دواتر پروشکەی بەفر.

یتا: ئەی خانمەکەی تۆ؟

لیو: بەکورسییەکە هاتە خوارەوە داچەمایەوە دڵۆپە ئارەقەی لێ دەچۆڕا، پیس زڵقت، نێزیکەی سی ساڵییەک دەبوو، پێکەنینی گۆمێک بوو بۆ خۆی دەتگوت میزی ئەسپە.

کۆنگۆ: چی لە هەموو چەپڵەیە چاوەڕوان دەکرا؟

یتا: چەپڵە هەموو کات هێمای خراپە کارییە.

لیو: زۆر دەچوومە ئەوێ تابیبینم.

کۆنگۆ: بەڵام دەتزانی چی ڕوو دەدات.

لیو: ڕاستە، بەڵام دەمویست کە بەردەبێتەوە بیبینم، پرسیارم دەکرد چۆن شتێک لەو شتانە ڕوو دەدات (ڤاپێکی بلور بەردەداتەوە، نووح و بیتی ڕادەچڵەکێن

نووح: ئەوە چی بوو؟

یتا: هیچ نەبوو، بڕۆ بخەوە.

نووح: ئەو شتە پێویستی دەکرد؟

لیـو: بەڵێ پێـویست بوو، تێ گـەیشـتـیت؟ ئەوە دەنگی شکانێک بوو، پەرتبـوونی جەمسەری باکورە لە هەموو شوێنەکە، لە نێجریاوە تا ناوچەی بەستەڵەکی باکور، بەڵام بێ هیچ چەپڵەیەک (نووح و بیتی جارێکی تر خۆیان بێدەنگ کردەوە).

یتا: چی تر؟

لیو: هەموو شەوێک چاوەڕێی ئەوەم دەکرد.

یتا: چی ڕووی دا؟

لیو: هیچ شتێک، بەسروشتی خۆیی جارێکیان پیلۆ هاتە لام.

کۆنگۆ: پیلۆ؟

لیو: بەڵێ، قۆشمەبازە.

یتا: ئەوە چ پێوەندییەکی پێوەی هەبوو؟

لیو: وتی هیچ سوودی نییە، گوتی پێویستە بەخۆت گوللەیەکی لێ بدەیت، باش، بەڵام نەمدەویست ئەو کردارە بکەم سەیری ئێرە بکە کۆنگۆ ئەو هەموو پرسیارە بێ مانایانە چین تۆ سەربووردەکەی دەزانیت چاکیش دەزانیت کە ڕاست نییە.

کۆنگۆ: دەزانم.

لیو: ئەوها؟

کۆنگۆ: تۆ هەر جارەی بەجۆرێک دەیگێڕیتەوە، چیرۆکێکی بەلەزەتە، من تاک و تەنیام کە دەزانم چی ڕووی داوە تۆ لە بیرت چووە؟

لیو: (هەڵدەچێت و دادەنیشێتەوە) دەمەوێ بچمە ناوچەی بەستەڵەکی باکور.

کۆنگۆ: باشە کارێکی چاکە دەچینە ناوچەی بەستەڵەکی باکور.

یتا: تا ئێستا باران هەر دێتە خوارەوە (بەگرانی ڕادەوەستێ) تۆ وا دەزانیت زیرەکیت هەردەم باس لە سبەی دەکەیت، ئەمڕۆ باران دەبارێت، هەموو شتێک هەیە دەیزانم، دەزانم ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە ئەوە ئە و هەموو ئاوەیە چەقۆی نان بێنە بۆ خۆت پارچەیەک نان ببڕە ئەگەر حەزت لێیە ئەمڕۆ ڕۆژی دانیشتنە بۆ بیرکردنەوە بیر بکەرەوە سەیری ئەو ئاڵتونەم بکە و بیر

بکەرەوە ئەی خوایە ناکرێ لێرە دابنیشیت و چاوەڕێ کەیت تۆ ئەوەی ئەوەی ئەمری لەسەریەتی دەیکات تۆ دەستگیرانە بچکۆلە جوانەکەمی تۆ ئەو پیرەمێردەی کە باوکمە و پورە خۆشەویستەکەم ئەوەندەی نییە بەشی بکات هەموو کات حەز دەکات زیاتر سەیری وێنە بکات، ئەگەر یەکێک هات پارچەیەکی چوارگۆشەی بچووکی بەتاڵی بەدەستەوە بوو گوتی (سەیری ئێرە بکە، پورە ئەوە مەسیحە فرسەتێکیان بینیوە تا وێنەی بگرن) تۆ دەزانی ئێمە چی دەڵێین ئەی خوای مەزن! ئەوە بوو کە چاوەڕێم دەکرد بەتەواوی وێنەکە لە نێوان ستانیسلاسی خاڵم و کچی خاڵم برجێت لە ئەلبووم دەدەم ئەوها دەکەم.

هنری: تۆ گوزارشت لە بیرۆکەیەکی سەرپێیی دەکەیت.

یتا: دەمت داخە (لای پەنجەرەکە) لە دەرەوە سەیری ئەو خێزانە بکە لەوێ ئەوە دەبێتە شتێک بۆ کوێ چوو؟ کەس وێنەی بۆ نەگرێت.

یتا: بەڵام دوارۆژێک لە بەردەمیەتی، پێویستە دوارۆژێک بۆ خۆت دابیت بکەیت، منداڵ، دوا ڕۆژ، وەک کۆمەڵێک پایسکل وایە، هەردەم لەسەر سەرتەوە نهۆمێک هەیە، لەسەر ئەویش نهۆمێک ئینجا سەربان پاشان گەڕانەوە بۆ خوارەوە یەک کۆمەڵ لە پایسکل، دووان، بۆ سەردابەکە، ئاخۆ ئەمەیان بە دوارۆژ دادەنێی

هنری: تۆ هیچ هەوڵێک نادەیت تا تێ بگەیت؟ تۆ چاک دەزانیت ئەگەر باران ڕاوەستێ، ڕۆژێک هەڵدێت، من دەیبینم، ئا ئەی ڕۆژ لە دیمەنی جوانی و پرشنگت! لە ناوەوە ناسک و سپیلکەیە لە دەرەوەیش سووتینەرە!

کۆنگۆ: وەک ئەوە وایە کە ئاوازێک پێشکێش بە گۆرانیبێژێکی کۆرس بکەم بایەخ بەلاتینی نادەم بوارێکی زۆر فراوان لە سەربانەکە هەیە.

یتا: بیرکردنەوەیەکی چاکە منیش بێزاربووم.

هنری: چیت هەیە لە دژمدا؟ تۆ خۆت ئازار دەدەیت. ئەو هەموو باس و خواسە گشتی لەسەر بەفر و ناوچەی بەستەڵەکی باکورە، ناتوانم بەرگەی بگرم

لیو: ئحم، خەریکە دەست بکەم بەبیرکردنەوە.

هنری: تۆ جارێکیان لە فلۆرنس بویت، من لە گۆرەپانەکە دەپەڕیمەوە، قاتە

جلوبەرگـێکی هـاوینم لەبەردابوو، ڕووناکی بەهـەمـوو لایەکـدا پەخش بووبووەوە، وام هەست دەکرد ڕۆژ لەناو دەروونمە لەناو سەرمە.

یتا: ئێستا دووچاری لێدانی ڕۆژ هاتووە.

هنری (بەسـووربوونێکی زۆر) لە گـۆرەپانەکـە پەڕیمەوە لەوێ پەیژەیەک هەبوو بەئارەقـەی مـرواری داپۆشـرابوو لە گـەرمـاوەکـە، ئەوانەی بەخت دێن هەندێکیانم لێ گرتەوە.

لیو: کۆنگۆ؟

هنری: تۆ نازانی هەتا مانای بەختەوەریش چییە؟

کـۆنگۆ: لەبارەی ئـەمـە بەڕاسـتی تۆ لـەسـەر حـەقـیت (بە هێـمنیـیـەوە بـەرەو هنری هەنگاو دەنێت)

هنری: وەتۆش نازانی سەربەستی چییە.

کـۆنگۆ: هەڵسـە کوڕەکـەم، تۆش ڕۆڵێکی بچووک لە سـەربانەکـە وەربگرە، دڵشـاد دەبن ئەگەر گوێیان لە ئامۆژگارییەکانت ببێت ئەوانە حەز لەو جۆرە شتانە دەکەن (هنری دەگرێت و بەرەو پەیژەکە پاڵی پێوە دەنێت)

هنری: نا.. نا.. نا.. تکایە، ئەوێ تاریکە، بەسـەرم مـەخـە خـەریکە تاریکی باڵ بەسەر... شەو... (کۆنگۆ دەرگەکەی سەقفەکە دادەخات)

یتـا: نازانم چیـیـەتی، ئەو بەردەوام ئەوها نەبوو، جـار هەبووە زۆر بەڕێکوپێکی بینیوومە.

لیو: کۆنگۆ؟

کۆنگۆ: چییە؟

لیو: گوێ دەگرن، وا بزانم پێویستە ئێمە پاپۆڕێک بۆ لێڤرپۆل بگرین دوایی...

یتا: بەسە، بەسە!

کۆنگۆ: ئەوەیان ڕاستە، لیو، لەسەر خۆبە، ماوەیەکی کەم لێرە دەمێنێتەوە هەروەها ئەگـەر باوەڕ دەکـەیت یان نا خـوشـکت سـەرنجم ڕادەکـێـشـێ.(بـەرەو یتـا هەنگاو دەنێت، تاریکی ژوورەکـە دادە پۆشـێ سـەربان ڕووناک دەبێـتـەوە هنری لە تەنیشت دووکەڵکێشەکە وەستاوە)

پۆنییت: خێراکە، وا یەکێک بەرەو ئێمە سەردەکەوێت

پیرل: ئەوە دەکرێ، بەڵام یەکێک نەبێت لە خزم و کەسانی ئێمەوە.

پۆنییت: ئەوەی پێم دەکرێ بیڵێم، کاتێ ئەو حاڵەتە کۆتایی دێت و دەتوانین بچینە خوارەوە لێرە ڕزگارمان بێت، لاشم گرینگ نییە کە بەرەو کوێ بچین.

پیرل: ئازیزەکەم وا چاکترە چاوەڕوانی بکەین هەر کات بمانەوێ دەتوانین بچینە دەرەوە.

پۆنییت: تۆ وا دەزانی هیچ چۆلەکەیەک نییە؟

پیرل: من وای بۆ دەچووم کە پاش ئەمە چیی تر برسیت نابێت

پۆنییت: بەردەوام لەسەر ئەو قسانە کە دڵتەنگمان دەکات، ئەو بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە.(هنری لە تەنیشت دووکەڵ کێشەکەوە دەجوڵێتەوە، جورجەکان لە بنمیچە تاریکەکەدان)

هنری: ئەو وا تێ گەیشتووە کە من لەوێ تووڕەم، بەڕاستی خۆم لێم دا، پاش ماوەیەکی تر دێن تۆڵەم لێ دەسێننەوە پێم دەڵێن هنری با گرفتەکانی نێوانمان بەئاشتی چارەسەر بکەین تووڕە مەبە مەبەستم ئەوە نەبوو کە وتم هەڵسە برۆ خوارەوە ئەوە شێوازی قسەکردنی ئەوە دواتر چەند قسەیەکی تری بە دوادا دەکەن دەی شتێکمان بۆ بگێڕەوە باسی (ڕۆژە) تووڕەهاتەکەتمان بۆ بکە ئەگەر حەزت لێیەتی لیو پێستەکەی فرۆشتینێ وا ئێمەیش بەنەرمونیانی هەڵسوکەوت دەکەین جەستەکانمان لێک هەڵوەشاون دادەبەزم دەچمە خوارەوە بێدەنگی بەسانایی بۆم دێت یەکەم شت لێی گەڕێ با واز بێنێ لە گاڵتە و ڕابواردن لەگەڵ کۆنگۆ هیوادارم تەنیا ئەوەندە بزانم ئەو چی لەو بینییە ئاخۆ هەڵەی منە کە من گەنجێکی تازە پێگەیشتووم (بەخەمگینییەوە دادەنیشێ جورجەکان دەخرێنە بەر ڕووناکی)

پیرل: من وای دەبینم کە فەیلەسووف بێت.

پۆنییت: منیش وای دەبینم باشە کەواتە ئازارمان نادات.

پیرل: تۆ وای دەبینیت؟ بیستوومە هەندێ جار فەیلەسووف تا ئەوپەڕی مانا دڵڕەقن.

پۆنیـــیت: بەڵێ لە نووســـیندا بەڵام لە باران مـــەرەکـــەب دەڕوات و زۆربەی فەیلەسووفەکان لە وشکایدا چیان بۆ ناکرێ لاوازن.

پیـرل: سـەیرکـە وا جـارێکی تر بیـر دەکاتەوە (جـورجـەکـان لە تاریکی دان هنری ڕووناکی دەخرێتە سەر)

هنری: کـاتێ خـوێندنم تەواو کـرد ژن دێنم ئەگـەر باوکیـشم هاتە ئاهـەنگەکـەمـان دەتوانێ کـار بکاتە سـەر دایکیشم دایکم تا ئێستـاش ئافرەتێکی خـاتوونە (هنری چاو مۆلەق لە تاریکی ڕادەمێنێ جورجەکان لەبەر تیشکی ڕووناکی دان)

پۆنیـیت: پێ دەچـێ ئەو خـەڵکە بێـزەوەرییـان لێ کـردووەتـەوە پیـرل نـازانم بۆ وایە؟ وابزانم ئێسکی سووکە و هەست ناسک و زۆر ئەندێشەیە.

پۆنییت: من مەرجت لەگەڵ دەکەم ئەو منداڵە.

پیرل: بەڵێ زۆر بەناز دیارە.

پۆنییت: زۆر برێیە.

پیرل: سەرنجڕاکێشەرە ئەگەر لە ڕای منیش دەپرسی...

پۆنییت: ئەوان دەمێکی تر دێن و تۆڵەی خۆیان لێ دەسێننەوە.

پیـــرل: ڕەنگە هەر هـەمـــوویان ســـەربکەون دەبـێ هـەروەهـاش بکـەن هەر ئێـــســـتـــا (ســـەربانـەکـە تاریک دەبـێ دەووروبەری قـەرەوێڵـــەی ژوورەکـەش ڕووناک دەبێت کۆنگۆ و یتا لـەسـەر قـەرەوێڵە ڕاکشـاون لیو لەسـەر هەردوو ئەژنۆی دانیـشـتـووە پشـتی لە قـەرەوێڵـەکـەیە زۆر قـووڵ بـیـر دەکـاتەوە لە چەپەوە لە بنمیچە تاریکەکەدا پورە بیتی دوورمان دەکات نووح شووشە مەرەکەبەکان ڕیز دەکات.

کۆنگۆ: (بەدەم گۆرانی گوتنەوە) باران دەبارێ، دەبارێ، زەوی تەڕ دەبێت.

یتا: حەز دەکەیت گۆرانی بچڕیت؟

کۆنگۆ: بەڵێ ناوە ناوە.

یتا: ڕاهاتووم گۆرانی بڵێم.

کۆنگۆ: ئێستاکە حەزی لێ ناکەیت؟

یتا: بەڵێ وەکو جاران نییە.

کۆنگۆ: شتێکی زۆر خراپە.

یتا: بۆچی؟

کۆنگۆ: باشە ئێستاکە دەتوانی گۆرانییەکمان بۆ بڵێیت؟

یتا: چی؟ ئێستا؟

کۆنگۆ: بۆچی نا؟ دەزانی گۆرانی بڵێیت؟

یتا: گۆرانی باران؟

کۆنگۆ: گۆرانییەکی خەمگینە؟

یتا: زۆر لەو باوەڕەدا نیم.

کۆنگۆ: گرنگ نییە ئەگەر وات لێ کردم دەست بەگریان بکەم داوات لێ دەکەم ژیرم بکەیتەوە.

یتا: تۆ دەگریت؟

کۆنگۆ: ئەی بۆ نا؟

یتا: باشە، «لە نێوان گۆرانی گوتن و قسەکردندا مەلێک لە باخچە هەڵنیشت پەلکی دار بەرەو باکور فڕین، بەڵام هیچی لەسەر نەنووسی هیچی لەسەر نەنووسی، چونکە باران نازانێ بخوێنێتەوە منداڵە بچووکەکان تووشی سکچوون دەبن منداڵە گەورەکان دەمرن، بەڵام من زیندووم پێم دەدەم لە ئەرز، چونکە باران پلانم بۆ دادەڕێژێ.»

سەرنجی ڕاکێشایت؟

کۆنگۆ: بەردەوام بە هیچ گومان لەوەدا نییە کە هێشتا ماویەتی.

یتا: باشە ئەگەر دەتەوێ گۆرانییەکەت بۆ تەواو دەکەم (گۆرانی دەڵێ) قالۆچە شەش قاچی هەیە منیش دووان، بەڵام من لێرە دەمێنمەوە، لێرە دەمێنمەوە لەبەرئەوەی ئاسمان لە هەموو لایەکەوە باران دەبارێنێ مامۆستا ئەستێران دەژمێرێ خەڵکە بەتەمەنەکان تەمەنی خۆیان دەژمێرن بەس من لە ژماردن وەستاوم لە ژماردن وەستاوم، چونکە باران ڕۆژی لە دایکبوونمی ون کردووە. دەتەوێ بوەستم؟

کۆنگۆ: هێشتا ماویەتی؟

یتا: بەڵێ وابزانم، بەڵام من وام زانی...

کۆنگۆ: بەردەوام بە گۆرانی بڵێ بەڕاستی گۆرانییەکی بەتام و چێژ و جوانە.

یتا: لەخەیاڵم نەماوە (گۆرانی دەڵێ) شەیتانۆکە زۆر دواکەوتبوو خۆشەویستەکەشی زۆر زوو هات، بەڵام چاوەڕوانی ڕێی لێ نەگرتم، چونکە باران هەموو کات لە کاتی خۆیدا دێت لم جلوبەرگی حەریر لەبەر دەکات بەفر تارای ڕەش دەپۆشێ منیش بەتەواوی خۆم ڕووت دەکەمەوە، چونکە بەفر جلوبەرگی منی پۆشیووە. (بێ دەنگی)

کۆنگۆ: ئەوە هەموو شتەکان بوو؟

یتا: نەخێر! هندبنرک مرد ئەدۆلف هتلەر کۆچی دوایی کرد منیش مردووم، چونکە باران ڕووپۆشی تابووتە.

کۆنگۆ: ئەم گۆرانییە چییە باس لە تابووت دەکات؟ هندبنرک و هتلەر خۆ بەتاڵکردنێکی چاکە بەڵام منداڵێک لە تەمەنی تۆدابێت ئەوها جەستەشی لاواز بێ چۆن دەبێ گۆرانی لەسەر تابووت بڵێ.

یتا: تۆ ویستت من وا بکەم.

کۆنگۆ: ئەمە کۆتایەکەیەتی

یتا: باوەڕ ناکەم.

کۆنگۆ: مەبەستت چییە لە (باوەڕ ناکەم)؟ ئێستا کۆتای دێت؟

یتا: نەخێر ئێستاکە نا ئەو گۆرانییە کۆتایی نییە.

لیو: (دادەنیشێ) من کۆتاییەکەی دەزانم.

کۆنگۆ: تۆ؟ کێ دەڵێ تۆ دەزانی گۆرانی بڵێی؟

لیو: من بەردەوام گۆرانیم چڕیوە تۆ گوێت لێ نەبووە.

کۆنگۆ: دەچاکە بەردەوام بە.

لیو: (هەڵدەستێتەوە)ئەمڕۆ بەیانی سێشەمەیە سبەی ئێوارەی دوێنێکەیە نەخێر من خەمگین نیم هیچ خەمگین نیم، چونکە باران تەنیا نووکتەیەکی پیسی چڵکنە باشە ئێمە هەموومان.

کۆنگۆ: یتا، لیو چونکە باران نووکتەیەکی پیسی چڵکنە
لیو: ئەمەچییە چەند خۆشە (لیو جارێکی تر ڕووی دەسووڕێنێ)
یتا: نەدەبووایە من گۆرانیم بگوتبایە.
کۆنگۆ: بۆچی! زۆر جوان بوو، ئێرە شوێنێکی ئارامگەیە، وا نییە؟
یتا: بێگومان.
کۆنگۆ: کاروبارەکانمان زۆر بەئاسایی بەڕێوە دەچن؟ ئێمە هەر دووکمان؟
یتا: بێگومان.
کۆنگۆ: (دادەنیشێ) تۆ چیت لەو گەنجە بینیووە؟ (ئاماژە بۆ سەربانەکە دەکات)
یتا: تۆ دەزانی ئیشەکە چۆن سەری هەڵدا ئەو گەنجێکی خراپ نییە.
کۆنگۆ: ئەو تەنیا جۆرێکە لە گەنجە فشەکەر و زۆربڵێیەکان.
یتا: بەڵێ هەندێ جار، چونکە لەوانەیە جارێ منداڵ بێت.
کۆنگۆ: ڕاستە ڕەنگە وابێت ئێوە پلانی بۆ یەکتربوونتان داناوە؟
یتا: نازانم بەڵام ئێستا تۆ لێرەی.
کۆنگۆ: (بەسەرسوڕمانەوە) من نامەوێ بێمە ناو ئەو مەسەلەیە.
یتا: دەیەوێ بچێتە بەستەڵەکی باکور پاشان بۆ شوێنێکی تر.
کۆنگۆ: ڕاستە.
یتا: بەڵام کارێکی زۆر خراپە.
کۆنکۆ: بەڵێ.
یتا: کاتێ منداڵ بوویت بۆکسێنێت دەکرد؟
کۆنگۆ: بەڵێ بەس حەز دەکەم ئەوەیان لە بیر بکەی.
یتا: تو خوا دەربارەی ئەمەیان هەندێک قسەمان بۆ بکە – بڕۆ تۆ!
کۆنگۆ: لە پڕێکا کاتێک تەمەنم پازدە شازدە ساڵانێک دەبوو بۆکسێنێم دەکرد نازانم بۆچی برادەرەکانم لە یانەکە دەیانگوت تا دوایی بەرگە بگرە بڕۆ تۆ – ئەو کات ناویان نابووم بڕۆتۆ – دەیانگوت تا کۆتایی یاری بەرگە بگرە چەند جولەیەکی کورتە و کۆتاییی دێت دەبێ بەرگە بگریت بەرگەم گرت

وابزانم دەست بەردانێكی توند بوو تا بە ئاكامی سەرشێتییەک گەیشتم.

یتا: بەڵام تۆ زۆر ئازا و نایاب بوویت.

كۆنگۆ: بێگومان، بێگومان، بەڵێ زۆر باش بووم (چاو مۆڵەق بۆ ئاسمان)

یتا: لێرەش بۆ تۆ کەش و بارەکە خراپ نییە وا نییە؟

كۆنگۆ: بەڵێ بێگومانم لەوە

یتا: تۆ بەڕاستی ئەوهای تێ دەگەیت؟

كۆنگۆ: بەڵێ سروشتییە تۆ زۆرت ماندوو کردم.

یتا: (بەپێکەنینەوە) ئەمە خۆشترین قسەت بوو کردت.

كۆنگۆ: لە کوێ فێر بوویت...

یتا: واز لەمە بێنە.

كۆنگۆ: لەوێ (ئاماژە بۆ سەربان دەکات)یان لێرە، یان لەوێ.

یتا: بڕۆ تۆ تکات لێ دەکەم.

كۆنگۆ: باشە، باش، مەبەستم ئەوە نەبوو ئازارت بدەم.

یتا: من گوێم لێیە باران جارێکی تر دەبارێتەوە.

كۆنگۆ: ڕات چییە بە قالۆچە جارێکی تریش.

یتا: قالۆچە شەش قاچی هەیە من دوو قاچم هەیە، بەڵام من لێرە دەمێنمەوە، دەمێنمەوە، چونکە باران لە هەموو شوێنێکدا دەبارێ، لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە گەر زۆریش باری جارێکی تر تۆ دەگەڕێیتەوە.

كۆنگۆ: بەڵێ هەروا دەبێ لام گرینگ نییە ئەگەر ماوەیەک نەبارێت.

لیو: (بەهێواشی دادەنیشێ) باشە کۆنگۆ کاروبارتان لەگەڵ خوشکە بچووکەکەم چۆنە.

یتا: تۆ حەقت چییە پێوەی؟

لیو: وا زۆر هەستیار مەبە ببورە گەر تەدەخولم کرد، بەڵام دڵم شتێکم پێ دەڵێ زۆریش لێی دڵنیا نیم هەستێکی دەروونی پێم دەڵێ ئاو دەگاتە ئێرە... تۆ چی دەڵێیت با بۆ سەربانەکە سەرکەوین و بزانین حاڵی برادەرەکەت چۆنە؟

دڵنیام ئێستا دووچاری بێزاری هاتووه.

کۆنگۆ: (لەسەربان دێتە خوارەوە) قاچەکانی سەلامەتن لەو گرفتە ڕزگارمان دەبێت گوێ مەدەرێ کوڕی قۆز هەندێک شت لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین دوو بەتانییە هەر ئەوەیە کە زۆر پێویستمان پێی دەبێ لەوانەیە پورە بیتی لای هەبێت... پورە بیتی.

بیتی: (لەخەو هەڵدەستێت) ئەی خوایە ڕەنگبێ من ئاگام لە خۆم بڕابێت خەونێکم دی بەس نایەتەوە خەیاڵم چۆن بوو کەس بانگی کردووم؟

کۆنگۆ: سەربەستی خۆم وەرگرتووە هیچ یەکێک لە سەیوانەکانت تەواو کردووە.

بیتی: بەڵێ بێگومان ها ئەوەیان عەقڵت دەیگرێ؟ لە سەیوان دەزانیت؟

کۆنگۆ: زۆر جوانە داینێ لە شوێنێکی چاکی دانێ.

بیتی: بەڵام خۆ تا ئێستا ڕۆژ هەڵنەهاتووە.

کۆنگۆ: ئەمە گرینگ نییە باران دەبارێتەوە (بەلێزمە) وا چاکە خۆمی لێ دەرباز بکەم (سەیوان و دوو بەتانییەکە هەڵدەگرێت)... تۆیش وەرە ئێرە، پورێ ئێمە لەو شوێنە نزمە بێزاربووین پێویستمان بەشوێنێکی بڵند هەیە هەواگۆڕکێ بکەین.

بیتی: ئەی خوا! ئاو! نووح.

نووح: باشە ئازیزەکەم هەر دەڵێی هەمووومان لەسەر پەیژە دانیشووین.

کۆنگۆ: بابچینە دەرەوە نامانەوێ سەرما بردە ببین (بۆ لیو) ها بگرە.

یتا: بەمن هەڵدەگریت؟

کۆنگۆ: پێت هەڵدەگرم... مادامەکێ دەبارێ پێت هەڵدەگرم (لیو، کۆنگۆ، یتا بەسەربانەکە دەکەون نووح و پورە بیتی دەچنە سەر پەیژەکە بەسەر کورسی و مێزەکان دەکەون)

نوح: بڕۆ.. بڕۆ.. قوتارمان کە، چیتان بە بیتی کرد؟ لەسەر شۆڕیتان نقوم کرد، خراپەکاری بڵندترە لە ئاو... ها ئەوە ئاوەکەش بەرز دەبێتەوە.

بیتی: تۆ بۆ ئەوەندە مێشکت پووچە؟ تا ئێستا لەسەرخۆ بووین.

نووح: چاوەڕێ کە! ئاو دەتگاتێ خێراکە بەسەر پەیژەکە سەرکەوە وا دەزانی ئاو

ناگاته سەر پەیژەکە؟ ئاو بەدواتا دێت وەک پۆسەچییەکە دەتگاتێ تۆیش لە سەربانی هیچ هەواڵێکی خۆشت پێ ڕاناگەیەنێ لێرە چاوەڕوانکە بیتی ئەوەم لەگەڵ خۆمدا هێناوە لەلای خۆم هەڵی دەگرم (کتێبێکی ڕەش هەڵدەداتەوە تێیدا دەخوێنێتەوە) لە هەمان ڕۆژدا کانیاوەکانی دەروون هەڵقولاون و پەنجەرەکانی ئامانیش کرانەوە (شانۆتاریکییەکی بەهێمنی دای دەپۆشێ).

## بەشی دووەم

(هەمان دیمەن سەربان ڕووناکە هنری و لیو لەلای ڕاست و چەپی دووکەڵکێشەکەن جورجەکان لای چەپی بانێژەکە و لای ڕاستیش کۆنگۆ و یتا بەدوو بەتانیا خۆیان پێچاوە).

پیرل: بەچرپەوە من لە سەرەتادا وام دەزانی ئازارمان دەدەن

پۆنییت: نامانبینن ئەوان لە شتێکی تردا دەگەڕێن.

پیرل: شتێکی تر کارێکی چاکە هیچ شتێک نییە لێرە ببینرێت ناو لەمەش دەنێ شوێن و دیمەن؟

پۆنییت: مەبەستم ئەوە نییە ئەوان سەیری خۆیان دەکەن ئەمەیش بۆ ئەوان شتێکی چاکە.

پیرل: نا باوەڕ ناکەم کاتێ سەیری خۆم دەکەم هەست دەکەم باران جەستەمی کون کون کردووە.

پۆنییت: کچۆڵەکەم گوێ مەدەرێ تۆ هێشتا قەشەنگ دێیتە بەرچاوم، لەمەش زیاتر، وا خەریکە باران ئاستی ئاوەکە زیاد دەکات هەر کاتێکیش وەستا ئەوە خواردنێکی چاکت دەست دەکەوێت.

پیرل: ئۆ، ئۆ، ئەی خوای بەئاگا.

پۆنییت: چی بووە؟

پیرل: شتێکی مەترسیدارە، من لێرەوە دانیشتووم دەبینم، شتێکی سپی لە دارەکەی ئەمبەرەوە دەرپەڕی شتەکە وا دەبینم ئەوها وا دەجولێت خۆی بۆ کەسێکی تر گۆڕی دەزانی ئەوە چییە.

پۆنییت: پێشەنگە لە کۆمەڵەی تەندروستی.

پیرل: زۆر ڕاستە سرنجی دەرزی بەدەستەوەیە هەموو کات دەڵێ (باشە ئەوی

بەرازە نەرمونیانە بچووکەکەی غینیا ئێستا تاقیکردنەوەیەکی بەچێژ ئەنجام دەدەین) دواتر نێزیکتر دەبێتەوە.

پۆنییت: پێویستە بیر لەوە نەکەیتەوە ئازیزم.

پیرل: (بەدەم گریانەوە) هەموویان هاوخێزانمن.

پۆنییت: بەڵێ دەزانم ئەگەر باران ڕابوەستێ و ڕێگە چۆڵ بێت ئەوا سەردانێکی بچووک دەکەین خەڵکێکی زۆریش دێن سوودی لێ وەردەگرێت.

پیرل: بۆ کوێ دەچیت؟

پۆنییت: بێگومان بۆ (هیملن) بۆ هیملن.(ڕووناکی بۆ دووکەڵکێشەکە دەگوێزرێتەوە)

هنری: چی تۆی هێنایە ئێرە؟

لیو: (بەسەر سوڕمانێکەوە) چی؟

هنری: بۆ هاتوویت؟

لیو: وام زانی دەمێکە ڕۆیشتووە.

هنری: بۆچی...

لیو: بێدەنگ بە قژ داهێنەر ئێمە دەمێکە لێرەین.

هنری: بەڵام بۆچی؟

لیو: دەکرێ بێدەنگ بیت چۆن من بتوانم بزانم تەنیا هەر بۆ یەک شتە ئێستا دەتوانی واز بێنی.

هنری: بەڵام خوشکت منی خۆش دەوێ.

لیو: ئەمە شتێکی باش و ئاساییە.

هنری: ئێوە هەردووکتان هاتنە ئێرە و چیتان ویست بردتان.

لیو: ئەمە ڕاستە، بەڵام تۆی قژ داهێنەر چی لێ تێ ناگەیت.

یتا: (دادەنیشێ) واز لەمە بێنە (بەنەرمییەکەوە) چیی تر هاوار و قسە مەکە.

لیو: کچەکەم ئەو سەرەتا دەستی پێ کرد برادەرەکەت میوەی شەکر هەردەم کەلێنێک دەکاتەوە و... کۆنگۆ.

یتا: ئۆی دە بێدەنگ بە هێشتا نووستوە.

لیو: کێ گرینگیی پێ دەدات؟

یتا: وازی لێ بێنە، مەسەلەکە درێژە ناخایەنێت.

لیو: ئیشەکە هەر ئەوەیە بەتەواوی، پێویستە خۆمان ئامادە بکەین هەر ئێستا ئێوە جێ دەهێڵین کۆنگۆ!

کۆنگۆ: (لە خەو هەڵدەستێ) چی بووە؟ کاتی ڕۆیشتن دەبارێنێ.(دەستی بۆ باران درێژ دەکات) هێشتا دەبارێنێ.

لیو: زۆر نییە ئێستا لێرە دەچینە دەرەوە پاپۆڕێک بەکرێ دەگرین و بەرەو لێڤەر پوول دەڕۆین گوێت لێمە؟

کۆنگۆ: هەموو وشەکە وتت لێڤەر پوول من ئاگەداری هەموو شتێکم بەڵام یەکەم شت هەندێ تێبینیم هەیە حەز دەکەم بە خوشکت بڵێم (خۆی لەگەڵ یتا لە بەتانییەک لوول دەدات).

یتا: ئەمەت دیوە کوڕەکەم ئەو شێوازەیە کە باشترین هاوڕێم مامەڵەم لەگەڵدا پێ دەکات.

هنری: بۆ وای لێ ناکەیت واز بێنێ؟ (ئاماژە بە کۆنگۆ دەدات)

لیو: بۆ چی؟

هنری: ئەو خوشکتە پێش هەموو شتێک.

لیو: خوشکم ڕەنگە خوشکم بێت، بەڵام ئەوەی تێ دەگەم کوڕەکەم ئەوەی لێرە ڕووی دا لە بەرژەوەندی تۆدا بووە ئێوە لە دوایدا دەتانەوێ... وا نییە؟

هنری: من لەمەودوا هیچ پێویستییەکم پێی نییە.

لیو: لات وا ئاسانە پێی گوتوومە کارەکەت وەها سانا نییە منداڵێکی بچووکی وەک تۆ قژ داهێنەر لە ئاست ئەوەدا بچووکیت... خوشکم وا دەزانێ.

هنری: من پیاوێکی چاکم وەک ئەو ئێوە هەر دووکتان هەموو شتێک لەنێو چڵپاودا وەردەدەن.

لیو: تاکە شتێک پێویستە بیکەیت ئەوەیە زێڕ و خشڵەکان بشاردرێتەوە زێڕ دەبریقێتەوە و زوو سەرنج ڕادەکێشێ هەندێک پەین بەسەریدا ڕۆبکە

کەسیش نەیبینێ دواتر دەکرێ بسڕدرێتەوە و برقەی خۆی بمێنێ.

هنری: هیچ کەسێک بۆی نییە خاوێنی بکاتەوە و بریقەداری بکا.

لیو: هیوادارم خۆت وانیشان نەدەیت پێمی بێژی خوشکت ڕەسەن نییە زێڕێکی بێ غەل و غەشە و عەیار (٢٤)ە گەر تۆ ئەوەیە کە دەتەوێ بیڵێیت ئەوە خۆم لە (....) دەدەم (مشتی دەستی بەرز دەکاتەوە) باشە! ئەوا باشترە ڕامەمێنە هەر تەماشای ئێرە بکەیت فێری ڕەوشتی باشیان کردووی من دڵنیام کە تۆ لە خێزانێکی ماقوڵی باوکت چ ئیشێک دەکات؟

لیو: خراپ نییە بەو دەتوانیت هەندێک خۆت هەڵدەیت بەسە هێندە سەیر مەکە بەڕێز و ڕەوشت بە ئێستا تەماشایەکم بکە چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە .

هنری: نامەوێ گوێم لە چیرۆکەکەت بێت.

لیو: بۆچی ناتەوێ گوێت لێ بێت؟ باوکت پزیشکە و تۆش ناتوانی گوێبیستی چیرۆکێک بیت واچاکترە گوێ شل کەیت چیرۆکێکی ئامۆژگاریکردنە بەتایبەتیش تۆ سوودی لێ وەردەگریت جارێکیان ئاشنایەتیم لەگەڵ پیاوێکدا پەیدا کرد لەوێ جلوبەرگێکی پۆشتەی لەبەردابوو لەگەڵ ئافرەتان زیرەکانە مامەڵەی دەکردن ئەوەی من دەمەوێ بیگەمێ ئەوەیە بەگشتی ڕەوشتی خراپ نەبوو بگرە زۆر دوور بوو لە کرداری چەتوون لە پشتەوەی باخچەی ماڵەکەیان سەکۆیەکی هەبوو دوا نیوەڕۆیەکی یەکشەمان کیلۆگرامێک تایت و ژمارەیەک ڕۆژنامەی دەهێنا دەزانی چیی لەمانە دەکرد (چیرۆکەکەی لیو دەگۆڕدرێ بە چرپە و ڕووناکیش بۆ سەر جورجەکان دەگوێزرێتەوە)

پیرل: پۆنیت دەڵێم دەبێ لەو چرپە چرپانە مەبەستیان من بێ؟ ئەمانە کە برسی بن لە هیچ ناگەڕێنەوە.

پۆنییت: تۆ هەردەم بۆ گۆشە تاریکەکان دەڕوانیت.

پیرل: ئەمە جاری یەکەم نییە ١٨٧١ لە پاریس.

پۆنییت: ئا، لەو ڕۆژانەدا، زیاتریش لەمە ئەوان فرەنسین ئەو شتانە مەحاڵە ڕوو بدەن.

پیرل: تۆ ناتوانی بزانیت کاتێ دەگەمە قۆناخێکی دیاریکراو هیچ گرنگ نییە

فرەنسی بن یاخۆ خەڵکی ئەسکیمۆ هیچ ناوەستن من زۆر دەترسم.

پۆنییت: ژاوە ژاو.

پیرل: باشە بەس بەهەرحاڵ من دەترسم.

پۆنییت: لە چی دەترسیت؟ هەموو شتێک کۆتاییی هات چی شتێک هەیە پێ بچێ ئێستاکە رووبدات؟

پیرل: دەپرسم ئاخۆ ئەوانیش دەترسن.

پۆنییت: گومانم لەوەدا هەیە ئەوە لای ئەو گرینگ نییە ئەوانە هەست بەترس ناکەن تەنیا لە سینەمادا نەبێت ئەو کاتەی کە بە ئاسوودەیی لە تاریکیی سینەما لەسەر کورسی لێی دادەنیشن و پارەی بلیت دەدەن لەوەش زیاتر کە چاکیش دەزانن فیلمەکە لە سەعاتێک یان دوو سەعات پتر ناخایەنێت ئەو لەو حاڵەتانەدا رەنگبێ تۆزێک ترس بچێتە دڵیانەوە کە بە نەرمییەوە خەریکی شکولاتە خواردنن.

پیرل: بەس ئەو تۆفانە.

پۆنییت: ئەوانە لە تۆفان ناترسن و دەرک بەو شتانە ناکەن تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە کاتێک ئاوەکە نیشتەوە و ئۆتۆمۆبێل لەسەر شەقامەکاندا رۆیشت جا ئەوان چی بکەن باشە.

پیرل: پێم وایە مرۆڤ زۆر کەللەرەقە.

پۆنییت: بەڵێ پیرل وەک جورج کەللەیان پووچە. (سەربان تاریکە ژوور رووناکییەکی کزی تێدایە بیتی و نووح لەسەر سندووقێک خۆیان بەبەتانییەک پێچاوە)

نووح: ئیشێکی چاکم کردووە کەتەلۆکەکەم بچووک کردووەتەوە زۆر ئاشکرا دیارە وا گەورە نییە نەکرێ بگوێزرێتەوە.

بیتی: بیرە خۆت بێنەوە کە چۆن بەرامبەرت توندوتیژبووم لەسەر ئەوەی بەردەوام پێم دەگوتی هێندە بەبچووکی مەنووسە دوایی چاوەکانت تێک دەچن

نووح: من لەوە دڵنیام تۆ نیازت پاک،ە بەلام نەتدەزانی تۆ چەند بەهەڵەدا چووبوویت ها ئەوا هەموو شتەکانم لێرەدا داناون.

بیــتـی: نووح مـن بەکــارەکــانت دڵشــادم خــۆزگــە لـە ژیانمدا دووربـین بان وێنە فۆتۆگرافییەکان لەیەکتری جیا دەبنەوە شێ...

نووح: بەگاڵتـەوە زیان شتێکی تاڵە شایانی پشتگوێخستنە دەکرێ چاک بکرێنەوە و لەوەیش زیاتر وا ئاوەکە خـەریکە دەنیـشێتـەوە لە کـۆتاییدا واخـەریکە دەتوانین هەنـاسـە بدەین کـە لە کاتێکدا ئـاو گەیشتـبووە ملمـان، بەڵام وا دیسان ئاستی ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانین.

بیتی: دەتوانین قاچەکانمان درێژ بکەین نازانم منداڵەکان چی دەکەن؟

نووح: منداڵەکان؟ لەمەودوا بەمنداڵی خـۆمانیـان دانێم نەچوونەتە دەرەوە وازیان لە ئێمە نەهێناوە.

بیتی: چۆن دڵت وا بڵێیت، ئێمە ئازادین لە...

نووح: لەگەڵیاندا بۆ سـەربانەکە سەرکەوین، مـەبەستت ئەوەیە هـەموو شـتەکانیش لێرە ڕێگە نەدەین بدڕێن و شوێنەکان وێران بن؟

بیتی: لووتبـەرزیت یان کەلـلـەڕەق هـەردووکیـان هـەریەکن سـیـاسـەتی من ئەوەیە کـە هـەر گەنج بم و لەگەڵ یەکێکی گەنجدابم هیوادارم لەگەڵیاندا بڕۆیت ئەوانە زۆر چالاکن و گەرموگوڕیشن من حەز لە مرۆڤی گەنج و خوێن گەرم دەکەم

نوح: کـەس ڕێگەی لێ نەگـرتوویت دەتوانی بڕۆیت هـەر کـات بۆت هـەیـە لەگەڵیـاندا بچیت.

بیتی: ئەو قسانە چییە؟ پیرەژنێکی وەک من، نەخێر، نازانم تۆ یان هـەر کەسێکی تر شتێک ڕێگەم نادات، بەڵام جیاوازی چییە؟ ئاوەکە دادەبەزێت.

(تاریکی ژوورەکە دادەگرێت سەربانەکە ڕووناک دەبێتەوە)

لیو: وابزانم بارانەکە وەستاوە.

کۆنگۆ: دەمێکە وەستاوە.

لیـو: کـاتێکی گـونجـاوە پێش ئەوەی هـەمـوو شـتـەکـان لەدەست بچن ویسـتـم شـتێک بڵێم بوومەتە برادەر.

یتا: ڕەنگبێ باران دیسان دەست بەبارین بکاتەوە.

هنری: نەخێر.

یتا: تۆ چی لێ دەزانیت؟

هنری: دەڵێی شتێک ڕوو دەدات دەنگی دڕانی شتێک دێت...

یتا: وامەڵێ!

لیو: وازی لێ بێنە و کوڕەکەم چیت هەیە لە هەناوت دەری بکە.

هنری: بەڵێ ڕاستە شتێک دڕا گوێم لێ بووە پەردە خۆڵە مێشییەکە وا دەچێت بەئاسماندا پاش دەقیقەیەکی تر شتێک دەشکێ و شتێکیش ڕزگاری دەبێت.

یتا: تۆ و خۆری خوا!

هنری: ڕاست دەکەیت ئاماژەت پێ دەدات و پێت دەڵێت: ئەوەیە کە ئێوە پێتان دەشوبهاند پیری لە ژوورەوە پیری لە دەرەوە.

# بۆیەچییەکان هیچ یادگارییەکیان نییە

دار یۆفۆ

## کەسایەتییەکان

بێوەژن

بۆیەچی

وەستا

ڕێزدارێک پەیکەر (جۆرجۆ)

هۆڵی ماڵێک بەشێوەیەکی دیاری نەکراو ناوپۆش کراوە. کەلوپەلی پەرت و بڵاو لێرە و لەوێ، بەسەر یەک کەوتوو، کە بێ زەوقیی خاوەن ماڵەکە نیشان دەدات، پەردە تابلۆ وێنەی فۆتۆگرافی کۆن لەلایەکی تری هۆڵەکە پەیکەرێک لە مۆم (شەمێ) دروست کراوە هی پیاوێکی تەبیعەت توندوتیژی چاویلکە لە چاوە جوتێ سمێل و دوو برۆی ئەستووری هەیە لەوێ دەنگی زەنگ دەبیسترێ ئافرەتێک لەلایەکی تر لە دەرگە دێتە دەرەوە جلوبەرگێکی ڕەشی لەبەردایە تەمەنی سی ساڵان دەبێت لەسەرخۆ دەڕوات و سەیری کەلوپەلە پەرش و بڵاوەکان دەکات لەسەر ڕێگەی خۆیدا هەندێ لەو کەلوپەلانە ڕێک دەخات لە پەیکەرەکە نێزیک دەبێتەوە بەچاوێکی پڕ سۆزەوە سەیری دەکات یاری لەگەڵدا دەکات لە دوایدا بەرەو لای چەپ دەچێت دەرگەکە بکاتەوە.

بێوەژن: باشە.. باشە.. کێیە؟ (دەرگەکە دەکاتەوە)

بۆیەچی: (دێتە ژوورەوە، لەسەر شانیدا پەیژەیەکی هەڵگرتووە کە بەشێکی دیارە بەشەکەی تری لە دەرەوەی دیمەنەکەدا دەبێت) منم بۆیەچی.. خاتوون، داخوا ئێرە ئەو جێگەیەیە کە بۆی داواکراوین؟

بێوەژن: لە ڕاستیدا چاوەڕێی بۆیەچیم نەدەکرد، بەڵکو کرێکاری پەردە هەڵواسین.

بۆیەچی: بۆ؟

بێوەژن: چۆن وە بۆچی؟ تۆ کرێکاری پەردە هەڵواسینی؟

بۆیەچی؟ ها نازانم.. وا چاکترە لە وەستام بپرسیت.

بێوەژن: چاکە.. ئەی کوا (وەستا)؟

بۆیەچی: ئێستاکە دێت چاوەڕێی بکە ئێستاکە دەگات تکایە تۆزێک ڕێگەم بدە (بەرەوژوور هەنگاو دەنێت لە کۆتاییی پەیژەکە وەستا دەبینێ کەلایەکەی تری پەیژەکەی هەڵگرتووە)

بێوەژن: ئا لە کۆتاییدا ئەو پیاوەی لایەکی پەیژەی هەڵگرتووە پێی وتم کە تۆ وەستای؟

وەستا: بەڵێ من وەستام.

بێوەژن: ئاخۆ ئێوە کرێکاری پەردە هەڵواسینن؟

وەستا: گرەوت لەگەڵ دەکەم ئەو مل شکایە وتیەتی کە ئێمە کرێکاری پەردە هەڵواسین نینە.

بێوەژن: نەخێر ئەو پێمی نەوتووە کە ئێوە کرێکاری پەردە هەڵواسینن یان نا.

وەستا: بەڵکو بەڵی تکایە ئەم پەیژەیە بگرە دەمەوێ خۆم قسەی لەگەڵدا بکەم (بێوەژنەکە ناچار دەکات پەیژەکەی بگرێ دێتە جێگەی ئەو پەیژەکە بەرەو خۆی ڕادەکێشێ و پاڵ بەبێوەژنەکە دەنێت بۆ دەرەوە بۆیەچییەکەیش لە سەرێکی پەیژەکە دیار دەکەوێت)

بێوەژن: ئەوە چی دەکەیت؟ تکایە من ڕانەهاتووم پەیژە هەڵبگرم.

وەستا: هیچ گران نییە وا بیر مەکەوە پەیژەت هەڵگرتووە کە تۆ بیر دەکەیتەوە پەیژەت هەڵگرتووە و دەڵێی ئۆف ئەو شتە گەورەیە چەند گرانە هێندەی تر لات گرانتر دەبێ.

بۆیەچی: (لەژوورەوە) بانگی منت کرد؟

وەستا: جلوبەرگی دواوەوە ڕاکێشاو پێی وت تۆ چیت بەو ئافرەتە وتووە؟

بۆیەچی: هیچ.. هیچم.. پێ نەوتووە.. لێی پرسیم ئێوە کرێکاری پەردە هەڵواسینن منیش نەمزانی چۆنی وەڵام بدەمەوە.

وەستا: ها... نازانی... چەند جارم پێ وتوویت ئەگەر یەکێک بۆ هەر ئیشێک لێی پرسیت پێی بڵێ باشە ئامادەین ئەنجامی بدەین.

بۆیەچی: بەڵام کرێکاری پەردە هەڵواسین ناتوانێ هەموو کارێک بکا.

وەستا: ها.. بۆچی، ئەدی ئێمە بۆیەچین؟ دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین ئای کە دەموچاوێکی گرژت هەیە! دوای ئەوەی ئێمە هەفتەیەکە بێ کارین کە ئیشێکمان دێتە دەست تۆ بەم جۆرە ئاڵۆزی دەکەیت نازانم کێ دەزانێ سەیر دەکەیت ئەی کێ دەزانێ.

بۆیەچی: باشە... باشە... تووڕە مەبە ئێستا بەبێوەژنەکە دەڵێم ئێمە کارەکەت جێبەجێ دەکەین کوا بێوەژنەکە؟

وەستا: لە ڕێگەکەی تری پەیژەکەیە.

بۆیەچی: ئاە... تۆزێک بیگرە هەر ئێستا لەگەڵیدا قسە دەکەم (هەمان جووڵانەوەی دیمەنەکەی پێشوو بەشێوەیەکی پێچەوانەوە)

وەستا: باشە بەڵام خێراکە هیچ دەبەنگییەکی تر نەکەیت.

بۆیەچی: (بۆ بێوەژنەکە هاتووەتە ژوورەوە) بەخێر هاتنەوەت دەکەم لەگەڵ وەستا قسەم کرد و وتی بەڵێ ئامادەین.

بێوەژن: پێم خۆشە، بەڵام واپێی دەچێ تۆ پەیژەکە هەڵبگری باشترە وا نییە؟ (پەیژەکە بەرەو بۆیەچییەکە پاڵ دەدات)

بۆیەچی: ئا... بەڵێ... باشترە... ببوورە.

بێوەژن: کەواتە گەر ئێوە کرێکاری پەردە هەڵواسین دەبا پەردەکانتان نیشان بدەم ئەو پەردانەی کە پێویستن بگۆڕدرێن، بەڵام پارچەیەک لێرە ماوە ئێوە دەتوانن بە چاکی هەڵی بگرن... وا نییە؟

بۆیەچی: بێگومان... ئێمە دەتوانین هەموو شتێک بکەین هەموو کارێک ئەنجام بدەین.

بێوەژن: باشە، بەڵام وا دیارە ئەم پەیژەیە زۆر درێژە داخوا بەم شوێنەدا دەڕوات؟

بۆیەچی: ها دەتوانین بەمشار بیبڕینەوە، بەڵام وابزانم تۆزێکی خوار بکەینەوە ئەو کات زۆر باش دەبێت

بێوەژن: بێگومان ئێوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئیشانە لە من باشترن من ئافرەتم تۆ دەزانی...

بۆیەچی: هاها! هاها! هاها (پێ دەکەنێ) هەر لە سەرەتاوە زانیم تۆقەکەی قژت.

بێوەژن: بەڵام پێم بڵێن ئێوە داوای کرێی چەندم لێ دەکەن... وەک دەبینن بێوەژنێکی بێ دەرامەتم پارە و پولێکی ئەوتۆم نییە...

بۆیەچی: بێوەژنی؟

بێوەژن: بەڵێ...

بۆیەچی: منیش بێ ژنم...

بێوەژن: تۆش وەک من بێوەژنی؟

بۆیەچی: نەخێر من بێ ژنم...

بێوەژن: ئاه، بەڵێ (ئاخ هەڵدەکێشێ) تەنیایی چەند سەختە وا نییە، هیوادارم کرێیەکی گونجاوم لێ وەربگرن...

بۆیەچی: بۆ کرێیەکە لەگەڵ وەستا قسە بکە.

بێوەژن: ئەویش (بێ ژنە)

بۆیەچی: نەخێر، نەخێر.

بێوەژن: بەداخەوە.

بۆیەچی: بەڵام ژنەکەی... بێوەژنە... بەڵێ ژنەکەی بێوەژنە.

بێوەژن: ژنەکەی... مێردی کەی مردووە؟ تا دەمێکیش پێش ئێستا لێرە بوو پێ نەدەچوو مردبێ...

بۆیەچی: نەخێر من دەڵێم ژنەکەی بێوەژنە لە مێردی پێشووتری ئێستا هیچ پێوەندییەکی بە ئەودا نەماوە بەهەرحاڵ بۆ کرێیەکە لە نێوان خۆماندا پێک دێین تا چاوپێکەوتنێکی تر خواحافیز... (دەچێتە دەرەوە پەیژەکە بەدوای خۆی رادەکێشێ لەلایەکی تر دەبینێ پیاوێک پەیژەکەی لە جیاتی وەستا هەڵگرتووە)

بێوەژن: کەواتە.

ڕێزدارێک: بەیانیت باش خاتوو (لوجیا) تەندروستیت چۆنە؟

بێوەژن: ئۆ، میلغۆ، بەڵام ئەوە بۆ پەیژەت هەڵگرتووە.

ڕێزدارێک: نازانم کاتێک لە پەیژەی باڵەخانەکە دابەزیم یەکێک داوای لێ کردم هەندێک ئەو پەیژەیە هەڵبگرم و پرسیاری لێ کردم وتی ئاودەست لە کوێیە (لە گیرفانی پارەهەڵگرەکەی دەرهێنا و دایە دەستی بێوەژنەکە و خۆشی چووە نهۆمی سەرەوە.)

بێوەژن: (پارەکەی وەرگرت وای نیشان دا شتێکی ئەوتۆ نییە) ئۆ... پێویستی نەدەکرد... (ئیقاعی دەنگی گۆڕی) ئەوە هەزار لیرەی کەمە...

ڕێزدارێک: چۆن؟ ئەدی ئەوە؟...

بێوەژن: بەڵێ... بەڵام... پێویستە زیادی بکەین... زۆرمان سەرف کردووە من

باشـترین کـرێکارم هێناوه لەم شـاره من دەمـەوێ ئەم خـانوو باڵەخـانەیه وەک مرواری لێ بکەم... (هەزار لیرەی تر وەردەگرێ)

ڕێزدارێک: ئا... بەڵام خانووەکە ئەو هەموو جوانکارییەی نەدەویست خۆی بەوانەی تێـدا دەژین جـوانه من لـه جیـاتی تـۆ بوومـایه هەرگیـز گـۆڕانکاریم تێـدا نەدەکرد ڕەنگه بـاوەڕ نەکەیت ئەگەر بڵێم کە هـاتمه ژوورەوه هەسـتم کرد تازه گەنج دەبمەوه تازه دەگەڕێمەوه ڕۆژانی خـۆشەویسـتیی یەکەمم، بەڵام با واز له یادگاریەکان بێنین هەردەم ئازارمان دەدەن.

بێـوەژن: نا توخـوا... وا مـەڵێ، ئەوەی تـۆ دەیڵـێی ڕاست نیـیـه یادگـاری تەنیـا خۆشیییەکه بەژیانمان دەبەستێتەوه هیچ نەبێ بۆ من وایه من تەنیا لەگەڵ یادگـاریەکانمدا دەژیم هەندێ جار دەترسم هەتا پەنجـەرەکان بخـەمه سـەر پشـت نەبادا لەوێدا هـەڵفـڕن و هەتا هەتایێ نەیەنەوه بۆیه من زۆر کـەم پەنجەرەکان دەکەمەوه.

ڕێزدارێک: (له هەوای پاک و بێگەرد پیاسـه دەکات) ئێ... بەڵێ... پێ دەچێ...(لەو کاتەدا هەست به دیتنی پەیکەرێک دەکات) تۆ له بیرم چوو پێ دەچێ تازه سەرلەنوێ دەژێیتەوه.

بێوەژن: بەڵێ سەیرکه زۆر به جۆرجۆ دەچێت.

ڕێزدارێک: له ڕاستیدا زۆر سەرنجڕاکێشەره پەیکەرێک له شەمێ دروست کرابێ و ئەوەنده لەو بکا.

بێـوەژن: بەڵام لەبەدبەخـتـیـی پەیکەره ئـای جـۆرجـۆ گـیـان بیـرته هەردەم لێـره دادەنیـشت ئێرەی له هەمـوو شـوێنێک زیاتر پێ خـۆشـتـر بوو (فرمـێسک دەڕێژێ) بەڵام ڕۆیی تەنیـا بووه چەند یادگارییەک کاتژمـێر دوای کـاتژمـێر یادگارییەکانم دەگەڕێنمەوه دواوه کە بەرامبەری دادەنیشم و قسەی لەگەڵ دەکـەم وا دەزانم گوێی له قسـەکـانمه و وەڵامم دەداتەوه جـاران ئەو مـاڵه چەند بەختیار بوو بەختیارترین ماڵ بوو لەم شـاره هەر هەمووی.

ڕێزدار: ئێستاش هەر وایه، بەڵام بەشێوەیەکی تر (وەستا دێته ژوورەوه)

وەستا: ئاه کە خۆش بوو ئاودەستەکەی نهۆمی سـەرەوەتان چەند جوانه دەکرێ له کـاتی پشـوودانـدا گـەشت و سـەیرانی تێـدا بکەی بەڵێ بەڕاسـتی

ئاودەستێکی جوانتان هەیە

ڕێزدارێک: گەورەی وێنەیەکیش... ببورە (ئیشارەت بۆ پەیژەکە دەکات)

وەستا: (پەیژەکە وەردەگرێتەوە) ئا... سوپاس... ببورە گەورەم کەواتە ئێستا چیتان دەوێ تا ئیشی تێدا بکەین! ئێمە ملکەچی فەرمانەکانتانین هەر ئێستا دەست بەئیش و کارەکانمان دەکەین.

بێوەژن: تۆزێک چاوەڕوانکە... تا دەرەوە لەگەڵ ئەو ڕێزدارە دەچمە دەرەوە هەر ئێستا دەگەڕێمەوە فەرموو بەڕێز میلغۆ... فەرموو... سوپاس بۆ ئەو سەرلێدانەتان زوو زوو سەردانمان بکە و حەز دەکەین بتبینین! (هەردووکتان لە قووڵاییی دیمەنەکە دەچنە دەرەوە)

وەستا: (لە پەیژەکە بەسەردەکەوێ) ئێستاکە ئەوەیان لە کوێ دابنێین؟... ئالدۆ... ئالدۆ... وەرە زوو وەرە... من پێشبینی ئەوەم دەکرد ڕۆیشت... (پەیژەکە ڕادەکێشێ لێکی دەکاتەوە بەچەسپاوی دای دەمەزرێنێتەوە)

بۆیەچی: (لە دەرەوە) ئێ ئێ... بوەستە.

وەستا: باشە چاوەڕوانت دەکەم کەی دەگاتێ... دەتوانم بزانم لە کوێ؟ کێ پێی گوتیت پەیژەکە لەوێ بەجێ بهێڵە

بۆیەچی: هێشتا لە دەرەوەیە من پەیژەکەم لەوێ جێ نەهێشتووە.

وەستا: (بەدڵەڕاوکێ وە سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات) ئێ... تۆ لە کوێی ئالدۆ... تۆ لە کوێی؟

بۆیەچی: لە کوێت دەوێ تا لەوێ بم... من لێرەم... لە شوێنی خۆمم لە بەرزاییی پەیژەکە...

وەستا: (سەیری سەرەوە دەکات) نەخێر قەت ناکرێ لەوەی گێلتر بیت ئەوە چی دەکەیت لەوێ؟ وەرە خوارەوە.

بۆیەچی: نا نەخێر گەر تۆ بەم شێوەیە هاوارم لەسەر بکەی نایەمە خوارێ.

وەستا: باشە... هاوار ناکەم... وەرە خوارێ.

بۆیەچی: بەڵێ... هاوار مەکە، بەڵام من دەزانم گەر بێمە خوارێ ڕەزیلم دەکەی.

وەستا: نەخێر... (عەقڵی بزر دەکا)... زووبە.

بۆیەچی: بەڵێ من دەزانم ڕەزیلم دەکەی و چی خراپە پێم دەکەی... گڵۆپەکە بکوژێنەوە تاکو نەتبینم...!

وەستا: ڕووناکی؟ تۆ شێتی؟ وەرە منداڵ مەبە زووبە وەرە خوارێ.

بۆیەچی: باشە... گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە (دەچی گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە) ئەوها جولە نەکەی ئەی نەگریس (گوێی لە دەنگی کەوتنێکی گەورە دەبێ) چاوەڕوان کە وا گڵۆپەکە دادەگیرسێنمەوە. (پەیژەکە دەکەوێنێ) ئەوە چی دەکەی بۆیەچی: ئای ئای فریام کەون ئاه.

وەستا: چییە هیچ ئازارت پێ گەیشتووە؟ چاوەڕوان کە گڵۆپەکە دادەگیرسێنمەوە (دەبیندرێ پەیژەکە بەسەر پەیکەرەکە بەربووەتەوە) ئەی بەدبەخت (دەیەوێ پەیژەکە ڕاست کاتەوە) ئەوە چییە

بۆیەچی: ها؟

وەستا: ئەوە چییە؟ خۆ ئەوەش لەگەڵتا نەبوو لەسەر پەیژەکە؟

بۆیەچی: (بەپەشۆکاوییەوە) نەخێر ئۆ ببورە گەورەم... خۆ هەر ئەوەمان کەم بوو... (دەست لە دەموچاوی دەدا)... هەستە... هەستە... چی نەبووە... تەنیا لێدانێکی سووکت بەرکەوتووە... مەترسە... جۆفانی تاوانێکمان کرد...

وەستا: ئەوە تۆ کوشتت... ڕاوەستە باسەیرێکی بکەم... بۆچی لەژێر پەیژەکە کەوتووە (لە پەیکەرەکە نێزیک دەبێتەوە تەماشای دەکات بێ ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکا سەری دەجوولێنێ) تووشی سەدمەی عەقڵی هاتووە سەیر کە نابینی هەرچی لێ بکەین هیچ سوودی نییە وەک شەمێ هەڵوەشاوەتەوە.

بۆیەچی: (دەگریێ) باشە ئێستا چی بکەین... جۆفانی... من دەڵێم باهەڵبێین و خۆمان ڕزگار بکەین.

وەستا: بەڕاستی تۆ زیرەکی؟ تۆ دەزانی چی بەسەرمان دێ؟ ئەوان هەموو دەزانن ئێمە لێرە بووینە، هەڵاتن هیچ سوودێکی نییە یەکسەر پێمان دەزانن و دەمانگرن، بەڵام پێم بڵێ تۆ ئەو کابرایە دەناسی؟ پێ دەچێت من پێشتر بینیمبێ...

بۆیەچی: بەڵێ گەر سمێڵ و چاویلکەکەی نەبووایە دەمگوت زۆر بە... تۆ تۆزێک دیقەتی بدەرێ...

وەستا: (بەیارمەتی بۆیەچییەکە دەیگرێ و ناچاری دەکات لێی نێزیک ببێتەوە) ئەوەی پێ بچێ... تۆی... هەر بە تۆ دەچێ... دەتوانم بڵـــێم... تۆ زۆر بەبەختی.

بۆیەچی: بۆ... چ شانس و بەختێکە تۆ باسی لێوە دەکەی کوشتنی پیاو بەختە.

وەستا: من ئێستاکە پێت دەڵێم کام بەختە ئەمە قاچەکانی بۆ خوارەوە درێژ کردن و چەقاندیانی (پەیکەرەکەی لەسەر پشتی بۆیەچییەکە دانا) ئێستا برۆ بیبەرە نهۆمی سەرەوە بۆ ئاودەستەکەی بەرە جلوبەرگەکانی لەبەرکەرەوە و خۆت لەبەریان کە...

بۆیەچی: واتە جلوبەرگەکانی بدزم؟ بۆچی دەتەوێ هەموو تەمەنم لە بەندیخانەدا بەســەربەرم نەک تەنیــا لەبەرئەوەی کــوشــتــوومــە بگرە لەبەرئەوەی جلوبەرگەکانیشیم دزیوە...

وەستا: مەترسێ، هیچ شتێک نابێ تەنیا تۆ دەبیتە مردووەکە.

بۆیەچی: چۆن؟ بەڵام من نامەوێ بمرم.

وەســتــا: هەوڵ بدە تێ بگەیت! تۆ جلوبەرگی ئەو لەبەر دەکــەیت ئەویش هی تۆ جلوبەرگی بۆیەچی... دوایی ڕووداوێک دروست دەکــەین وا لە هەمـــوو خەڵکی دەگەیەنیت کە تۆ مردووەکەی نەک ئەو...

بۆیەچی: (بەدڵگەشــیــیەوە) ڕاســتــە... دوایی مــووچەیشم بۆ دەبڕنەوە بەهۆی ئەو مــردنە لە هیکراییــیـــەم بەڵام خــۆ ئەو مــووچەیە بۆ من نابێت دەیدەنە خێزانەکەم سەیرکە جۆفانی ئەو کات خێزانەکەم چەند دڵیان خۆش دەبێ.

وەستا: بەڕای تۆ خۆشتر نییە؟

بۆیەچی: نەخێــر جۆفـانی من هەرگیـز ئەوە ناکەم من نامـەوێ بمرم (پەیکەرەکـە دەخاتە خوارەوە لێ دەگەڕێت بەربێتەوە سەر کورسییەکە)

وەستا: باشـە، گەر تۆ بەندیخـانەی یەکجـارت لەلا باشـترە... خێرابە بجولێوە... یارمـەتیم بدە (وەسـتـا خـۆی ئامـادە دەکـات پەیکەرەکـە بۆ ســەر پشـتی بۆیەچی بەرز دەکاتەوە)

بۆیەچی: ها ئەوەتا باسکەکانم.

وەستا: (بێ ئەوەی هەست بکا دەستی بۆیەچییەکەی گرتووە) ئا شتێکی تر هەیە لەوێ لە ئاودەست ئەدەواتی ڕیشتاشین هەیە من سمێڵی دەتاشم... تۆش...

بۆیەچی: (بەسەر پشتی وەستاکە سەردەکەوێ) وای لێ دەکەم درێژ بێت.

وەستا: ئالدۆ... تۆ لە کوێی؟

بۆیەچی: لێرەمە.

وەستا: تۆ لە کوێی ئالدۆ؟

بۆیەچی: لە شوێنی خۆمم وەک دەبینی.

وەستا: ئای کە پیاوێکی چارەڕەش و نەگبەتی (ئاگەداری ئەو تێک نەگەیشتنەی دەکاتەوە کە ڕووی دا لەسەر پشتیدا یەکسەر فڕێی دەداتە سەر زەوی)

بۆیەچی: تۆ پێمت نەوت یارمەتیم بدە نەء. نەء. نەء یارمەتیم ناوێ من خۆم ئیشەکە ئەنجام دەدەم (پەیکەرەکە هەڵدەگرێتەوە) دەمویست بڵێم لە ئاودەستەکە ئەدەواتی ڕیشتاشین دەدۆزیتەوە سمێڵی بتاشە... بەڵام تۆ...

بۆیەچی: لێی گەڕێ با درێژبێت (دەچنە دەرەوە)

وەستا: (لە دەرەوەی دیمەنەکە) نەخێر بەڵکو ئێستاکە بۆت بەفلچە دەموچاوی وێنە دەکێشم تۆ خێراکە بۆ نهۆمی سەرەوە سەرکەوە.

بۆیەچی: بۆ نهۆمی سەرەوە سەرکەوم؟

وەستا: بۆ ئەوەی هیچ گرفتێکی تر دروست نەکەی من چیی تر بەرگەی گرفت ناگرم... (لە دیمەنەکە دیار دەکەوێ ئالدۆ لەسەر پشتیەتی)

بۆیەچی: نا... نا... جۆفانی دوودڵ مەبە هیچ گرفتی تر نانێمەوە.

وەستا: ئالدۆ تۆ لە کوێی؟

بۆیەچی: لە شوێنی خۆمم.

وەستا: بەدبەخت (دەچێتە دەرەوە بۆیەچییەکەش لەسەر پشتییەتی دواتر دەنگی کەوتنێک دێتە بەرگوێ لە ئەنجامی کەوتنی بۆیەچییەکە)

بۆیەچی: ئای، ئای، دایە، دایە..

وەستا: ئای لەو چارەڕەشە (دێتە دەرەوە پەیژەکە لە شوێنی خۆی ڕاست دەکاتەوە

لەو کــاتــەدا کــچــێـکی گــەنج ڕۆبـێـکی درێژی لـەبەردایـە دێتـــە ژوورەوە جغارەیەکیشی بەدەمیەوەیە)

ئاننا: بەخێر بێ... تۆ کرێکاری پەردە هەڵواسینی؟

وەستا: (بەپەشۆکاوییەوە) بەڵێ ئێمە کرێکاری پەردە هەڵواسینین.

ئاننـا: ئێـسـتــا کـاتی ئەوە هـاتووە ئەو خـاتوونـە شـتـێک لـەو جێ نەزرگـایـە بکات (هـەست دەکـات پـەیکەرەکـە نەمـاوە) سـەیرە! کـوانێ جـۆرجـۆ؟ ببـورە ئەرێ تۆش کە هـاتیتە ژوورەوە چاوت پێ نەکەوت؟

وەسـتـا: (بـەبـێ چـارەییـیـەوە) بەڵێ... لـێرە بوو... دوایی... نازانم... ڕەنگە چوبـێـتـە دەرەوە تۆزێک...

ئاننا: چووەتە دەرەوە؟... تۆ ئەوە چی دەڵێی؟ ڕەنگە یەکێک هـاتبێت و بردبێت.

وەستا: ئاه بیرم کەوتەوە یەکێک لە برادەرەکانی هات و لەگەڵ خۆی بردیە دەرەوە.

ئاننـا: یەکـێک لە برادەرەکـانـی؟... ئاه بەڵێ برادەری خـاتوون... سـەیرکـە پارە لە کوێ فڕێ دراوە.

وەسـتـا: (بێ ئەوەی تێ بگـات کە ئەو چی دەڵێ) بەڵێ... هـەرکـەسـەو ڕەوشـتـێکی خراپی هەیە، بەڵام ببورە کێیە ئەو کەسە مەبەستم ئەو کەسەیە کە پێش تۆ لەو شوێنە دانیشتبوو کە ئێستاکە تۆی لەسەر دانیشتووە؟

ئاننا: مەبەستم خاوەن ماڵەکەیە مێردی خاتوون.

وەستا:(چاوەکانی زەق دەبنەوە) ئا... بەڕاستی جوانە...

ئاننا: بەڵێ، بەڵێ، زۆر جوان بوو کە هێشتاکە نەمردبوو...

وەستا: چۆن... کە هێشتا نەمردبوو؟

ئاننا: بەڵێ ئێستاکە مردووە.

وەستا: (خۆی لەگەڵ خۆی) ئا خۆی خستە تەڵەی ئەو بەدبەختە.

ئاننا: ئـای خـاتوونـێکی بەسـتـەزمـانە دوای مـردنی زۆر ئازاری کـێـشـا وەخت بوو شێت بێت.

وەستا: ئەوەی من تێی دەگەم... بەڵام... ئاخۆ دەزانی مردنی کارەساتێک بوو.

ئاننا: بەڵکو جـۆرێک بوو لە ئازادبوون لە کـۆت و زنجـیـر، زۆر کـەس سـوپـاسـی

ئاسمان دەکەن بۆ بەم جۆرە ئازادبوونە.

وەستا: ببورە پێویست بەمە ناکات هەر کاتێک لە دەسەلاتمان دابێت با چاکە بکەین ئەگەر یەکێک هەبێ پێویستی بە مردوویەک هەبێ لە ماڵەکەیدا ئێمە بە دڵخۆشییەوە کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکەین.

ئاننا: ئاه هەر باسی لێوە ناکرێ منیش زۆر دڵم پێی دەسووتی هەموو خەڵکی ئەو پیسەکەیەیان خۆش دەویست تا وای لێ هات مۆمیای بکەن وەک ئەوەی کە ژنەکەی جۆرجۆ ئارەزووی مۆمیاکردنی مێردەکەی کرد.

وەستا: ئەو حەزی کرد مۆمیا بکرێ؟ ها

ئاننا: بەڵێ لە چاکی بەختی خۆی توانیمان ڕازی بکەین لە شەمێ پەیکەرێکی بۆ دروست بکەین

وەستا: لە شەمێ ئەو لە شەمێ بوو!! تۆ!

ئاننا: بەڵێ تاکو هەردەم لە بەرچاوی بێت هەستی پێ بکا.

وەستا: ببورە بەلام کەی مرد؟

ئاننا: جۆرجۆ؟ بەر لە سێ ساڵ.

وەستا: سێ ساڵە جۆرجۆ مردووە لە بەرچاوانی ون بووە.

بێوەژن: (لە دەرەوەی دیمەنەکە) ئاننا... ئاننا... یەکێک لەوێ بانگت دەکات.

ئاننا: هەر ئێستا تکایە بەیارمەتیتان (دەچێتە دەرەوە لەلایەکی ترەوە بۆیەچی دێتە ژوورەوە جلوبەرگی پەیکەرەکەی لەبەردایە)

بۆیەچی: چۆن دیار دەکەوم... ئەو جارە دەتەوێ چی بڵێی... توخوا من زیرەک نیمە؟

وەستا: چۆن زیرەکییەک بەڵکو زۆر دەبەنگیت.. خۆ ئەوەی تۆ کوشتووتە زیندوو نەبوو چۆن لەوە نەدەگەیشتی؟

بۆیەچی: هەر ئێستاکە دەزانم کە ئەو زیندوو نەبوو.

وەستا: چ زیندوویەک چ مردوویەک... ئەو پەیکەرێک بوو لە شەمێ پەیکەرێکی دروستکراو.

بۆیەچی: چی؟

وەستا: بەڵێ خۆ ئەو پەیکەری خاوەن ماڵەکە بوو پەیکەرێکی مۆمیاکراو کە سێ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ مردووە.

بۆیەچی: بەڵام ئێمە پێش سێ ساڵ لێرە نەبووین واتە ئێمە ئەومان نەکوشتووە (لە سەر ئەو کورسییە دادەنیشێ کە پەیکەرەکەی لە سەر دانرابوو)

وەستا: ئەویش بەدبەختی خۆمانە... هەر ئێستا بڕۆ نهۆمی سەرەوە پەیکەرەکە بهێنە خوارێ جلوبەرگەکانیشی بگەڕێنەوە.

بۆیەچی: سمێڵەکەشی بۆ دابنێمەوە؟

بێوەژن: (لە دەرەوەی دیمەنەکە) ببورە... هەندێک کەس لێرە بوون... بۆیە

وەستا: بوەستە جووڵە نەکەیت... فەرموو فەرموو پێویست بە لێبووردن ناکات. (بێوەژنەکە دێتە ژوورەوە)

بێوەژن: تەماشا دەکەم بە چاوێکی پشکنین سەیرم دەکەی عەزیزم جۆرجۆ؟ ئاه پەردەکانم لە بیر کرد... (خۆی بۆ چوونە دەرەوە ئامادە دەکات) هەر ئێستاکە بۆتانی دەهێنم (دەچێتە دەرەوە)

وەستا: خێرا بە... پێش ئەوەی بگەڕێتەوە... قوتووەکانی بۆیاغت لە کوێ داناون؟

بۆیەچی: لەوێ نە (دەست بۆ قوتووەکانی بۆیاغ درێژ دەکات) بۆچی؟ دەتەوێ چی بکەی؟

وەستا: مکیاجێکت بۆ دەکەم هەر لە جۆرجۆ بچێت... سمێڵ و ئەوانی تریشت بۆ دادەنێم (فڵچەکان دەهێنێ لەناو بۆیەی ڕەشیان وەردەدات)

بۆیەچی: بەڵام... بۆچی؟

وەستا: کاتمان بەدەستەوە نییە تا بگەینە حەقیقەت... بۆیە پێویستە ئێستا تۆ جێگەی پەیکەرەکە بگریتەوە وریا بە نەهێڵی ئەوەی ئەمە دەمانەوێت ئەنجامی بدەین بێوەژنەکە پێی بزانێت ئەگینا دوای دەرمان دەکاتە دەرەوە ئیشەکانمان هەمووی بەفیڕۆ دەڕوات ئێمەش ئەو کات دەبێ بای بای لە پارەکان بکەین نەجووڵێیتەوە (وەستا بۆ دانانی سمێڵی بۆیەچییەکە خۆی ئامادە دەکات بۆیەچییەکەیش لەگەڵ جووڵانەوەی فڵچە بەسەر دەموچاوی قیدیلانەی دەبێتەوە دەموچاوی گرژ بووەتەوە)

بۆیەچی: تۆ قیدیلانەم دەکەیتەوە... دەی دەی (خۆی ڕێک دەخاتەوە فڵچەکەی دەستی لە قوتووی بۆیاغ هەڵدێنێ و ئەویش بە دەموچاوی وەستاکەی دادەهێنێ)

وەستا: بەخوا تۆ نەگبەتی (فڵچەیەکی تر دەهێنێ لەناو بۆیەی سپی وەردەدات نێوچەوانی بۆیەچییەکەی پێی خەت خەت دەکات تێی ڕادەمێنێ وەک بڵێی مامۆستایەکی لێهاتووی هونەری ڕەنگکردن بێت) چاویلکەکەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە؟

بۆیەچی: چۆن نەمهێناوە ها بیگرە... (چاویلکەکەی بۆ دادەنێت) ها چۆنم.

وەستا: زۆر باشی... چاوەڕوان بکە... دەموچاوی جۆرجۆ لۆچی زۆری تێدا بوو... لێرە... ئەوها... (لە دەموچاوی بۆیەچییەکە هەندێک لۆچ دروست دەکات)

بۆیەچی: دەترسم دەموچاوی جۆرجۆ زۆر بەلۆچ بووبێ.

وەستا: نا... نا... ئێستا عەقڵم دەتگرێ... کە خاتوون خان هات نەکەی هەناسە بدەی و بجووڵێیتەوە.

بۆیەچی: چۆن هەناسە نەدەم هەتا بە لووتیشم هەناسە نەدەم؟

وەستا: هەتا بە لووتیش هەناسە مەدە.

بۆیەچی: بەڵام گەر نەبەدەم و نە بە لووت هەناسە نەدەم.

وەستا: ئەو چاکەیە بکە... جا تۆ چ پێویستت هەیە بە لووت هەناسە بدەی؟ غەواسەکان بەچەندەها کیلۆمەتر لەژێر دەریا هەناسە نادەن... (قوتووی بۆیەکان هەموویان دەهێنێ و فڵچەیان تێ هەڵدەهێنێ و دەیەوێ دوا دەستکاری لە دەموچاوی بۆیەچییەکە بکا لەو وەختە بێوەژن لێیان دێتە ژوورەوە دەبینێ وەستا لە چوار دەوری جۆرجۆ دەسووڕێتەوە هاوار دەکاتە سەری).

بێوەژن: بەو فڵچەیەی دەستت دەتەوێ چی بکەیت؟

وەستا: فڵچە؟ (ناچار دەبێت جوولە لە خۆی ببڕێت) ئا... هەروا سەیرم دەکرد و دەموت داخوا تۆ دەزانی... سمێڵی جۆرجۆ تۆزێک خوارە و دەمویست... بەفڵچە...

بێـوەژن: ئا... تۆ نۆژەنکەریشـی؟ (سـەرەنجی پەیکەرەکـە دەدات دەبینێ لـە بارێکی نارێکه... (وەک ئەوەی بڵێی مۆمیا کرابێ)

وەسـتـا: لە ڕاسـتـیدا نۆژەنکردن پیشـەی سـەرەکی خـۆمە... تەمـاشـای پەیکەرەکەم کرد هـەندێک داخوران و کەموکورتی تێدا بوو... لەبەرئەوە... بەفلْچە...

بێوەژن: ئا... باشە... چاوەڕێی یەکێک لە برادەرە یارمـەتیدەرەکانم دەکرد، بەڵام مـادام تـۆ لێـرەی تـۆ ئـیـشــەکـە بکە (لـە پەیکـەرەکـە نێـزیک دەبێـتـەوە چاویلکەکـەی لە چاو دەکـات بۆ ئـەوەی بە دیقـەت تێی بڕوانێ هـاوارێکی گـەورەی کـرد و دەکـەوێتـە خـوارێ. دەکـەوێتـە نێـوان هـەر دوو دەسـتـی وەسـتـاکـە زۆر بەهێـز دەیگرێ، بەڵام وەسـتـا دەکـەوێ و دەکـەوێتـە سـەر شەبقەی کە لە سەر مێزەکەی دانابوو) ئاه...

وەستا: بەدبەخت یارمەتیم بدە نابینی خاتوون لە هۆش خۆی چووە؟

بۆیەچی: بەڵام تۆ بەمنت گوت لە شوێنی خۆت مەجوڵێ.

وەستا: نەجووڵێیتەوە واخەریکە بەهۆش خۆی دێتەوە.

بێوەژن: (بەهۆش خـۆی دێتەوە و هـەست بەخۆی دەکات وا لە ئامـێزی وەسـتـادایە) ئاه! باردۆن... ببورە...

وەستا: ببەخشە... من داوای لێبووردنت لێ دەکەم (سەیرێکی شەبقە گەچراوەکەی دەکات و لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە)

بێــوەژن: ئەی خــوایە... من وام زانی... ئەوە جـۆرجـۆیە بە زیندوویی دەیبــینم ئیشـێکی چاکتـان کـردووە بەڵکو ئێوە بـاشـترین نۆژەنکـەرەوەن کـە من لە ژیانی خۆمدا ناسیبم.

وەسـتـا: (بـەچێـژ وەرگـرتـنەوە تەمـاشــای پەیکەرەکـە دەکـات) نا نا بەڕاسـتـی تۆ هونەرمەندیت هونەرمەندێکی گەورەیت.

بێوەژن: لە گیرفانی سـەفتـەیەک کاغەزی پارە دەردەهێنێ و هـەندێکیانی لێ دەداتە وەسـتـا... وەرگـرە تۆ شـایەنی ئەوەیت تۆ دیارییـەکت پێشکێش من کـردووە هـەرگیز باوەڕ ناکرێ)

وەسـتـا: نا، نا، مـن هیـچم نـەکـردووە تەنیـا سێ چـوار فـلْـچــەم بۆ نوێکردنەوە و

ڕاستکردنەوەی سمێڵی بەکار هێناوە.

بێوەژن: تکایە قبووڵی بکە تۆ چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ مندا کردووە.

وەستا: بەڵام.. ئەوەندە زۆرە تۆ شەرمەزارم دەکەیت.

بێوەژن: باشە، من خۆم بەو کارە هەڵدەستم (تەماشای لایەکەی تر دەکات لەو کاتەدا بۆیەچییەکە هەوڵ دەدات پارەکەی لەدەست وەرگرێ وەستاش شەقازلەیەکی لێ دەدات بێ ئەوەی بێوەژن ببینێ)

وەستا: گەر تۆ سووری لەسەر ئەوەی پارەکە وەربگرم... پارەکە قبووڵ دەکەم ئەمە یەکەم جارە لە بری چاککردنەوەی سمێڵێک پارەم دەست کەوێت (بۆیەچییەکەش ئەو پارەیەی لەناو دەستی بێوەژنەکە دەمێنێتەوە لێی دەسێنێ و لەناو جلوبەرگی دەیشارێتەوە)

بێوەژن: ئای... پارەکەم لە دەست کەوت (دادەچەمێتەوە لە پارەکە دەگەڕێ) چی لێ هات؟

وەستا: (چەمانەوەی بێوەژنەکە بە هەل دەزانێت و بە گوێچکەی بۆیەچییەکە دەچرپێنێ) ئەی پیسکە.. ئەی دز.. پارەکەی بدەرەوە ئەگینا دەموچاوت تێک دەشکێنم.

بۆیەچی: وا نەڵێی نا هەرگیز وا نەڵێیت... ئەدی تۆ بۆچی پارەکەی لای خۆتی نادەیتەوە.

وەستا: (دەیگرێ و جلوبەرگی ڕادەکێشێ) پارەکە دەربێنە ئەگەر نا دەموچاوت تێک و پێک دەدەم.

بێوەژن: هەڵدەسێتەوە ئەوە چیتانە؟ ئەوە چی دەکەیت؟ (لەو کاتەدا دەبینێ وەستا دەستی بەڕووی بۆیەچییەکە بەرز کردووەتەوە دەیەوێ لێی بدات.

وەستا: بەفلچە؟ (بەڵام هەست دەکات هیچ فلچەیەکی بەدەستەوە نییە) بەبێ فلچە؟ ئا دەمویست ئەو مێشە دەربکەم کە لە سەر لووتی جۆرجۆ هەڵنیشتبوو سەیرکە بەم جۆرە مێشووله دەکوژرێ... دەستت بەم شێوەیە دابنێ وەک گەسکی لێ بکە دوایی... یەک دوو سێ... ززز تزاک... ئەها لەناو دەستم فڕی.

بێوەژن: بەڵام من هیچ مێشێک نابینم... ئەها... ئەوەتانێ... (شەقازلەیەکی توند لە بناگوێی وەستا دەدات)

وەستا: ئای...

بێوەژن: ئۆ.. ببورە.. مێش نەبوو.. خاڵ بوو.. بینیت خێری تێدا بوو ئەوە پارەکەشم دۆزییەوە سوپاس بۆ تۆ (پارەکە هەڵدەگرێتەوە ئەوەی پێشتر بەوەستای دابوو)

وەستا: ئا... لە ڕاستیدا پارەکە لەژێر کورسییەکە بوو بیانژمێرە... دڵنیا بە لەوەی بزانی تەواوە.

بێوەژن: ئای لە نامرادی خۆم... جامن چۆن باوەڕت پێ ناکەم... من هەر لە سەرەتادا تۆم بەدڵ بوو... خۆشم مرۆڤی چاک و ناسک دەناسم جۆرجۆش زۆر ناسک و خاس بوو بۆیە بەبەخت بوو.

وەستا: گومان لەوەدا نییە... کە ئەم پیاوە باشە مێردی تۆ بێ... ئای لەو فلّچە گەورەیە... مەبەستم ئای لەو بەختە گەورەیە.

بێوەژن: تۆ چەند ناسکی... بەهەرحاڵ من هیچ کات دڵم نەشکاندووە... هیچ کاتێک هیچ کاتێک دڵم تەنگ نەکردووە... چونکە شایەستەی ئەوە بوو... پیاوێکی نەرم و چاک بوو... زیرەک بوو (بۆیەچییەکە وەک وا هەست بکات ئەو بایەغ پێدانە گەورەیە مەبەستی ئەو بێت)

وەستا: ڕووی بۆ لایەکی تر وەرگێڕا بزانە چەند دڵگیر و سەرنجڕاکێشەرانەیە.

بێوەژن: ڕووناکبیر بوو بیری لەوە دەکردەوە کتێبێک لەسەر ڕەوشت و داوونەرێت لە شارستانیەتی ڕۆهەڵات بنووسێ، بەڵام بەداخەوە مردن ڕێگەی پێ گرت (بەپەنجەکانی دەست بەسەر سەر و قژی دادەهێنێ و دووگمەکانی دەکاتەوە) ئەگەر یەکێک بێت و (دەستی بۆ نێو گیرفانی ناوەوەی چاکەتەکەی درێژ دەکات ئەمە دەبێتە جۆرێک لە قیدیلانەکردنەوەی بۆیەچییەکە کە هەوڵ دەدات خۆی ڕاگرێ)

وەستا: بەڵام... ئەوە تۆ چی دەکەیت؟

بێوەژن: کاتێ کە مابوو ئەو پارەیماڵەوەی هەڵدەگرت ئێستاش من پارەی ماڵەوە هەر لای ئەو هەڵدەگرم پیاوێکی دەستپاک بوو ئەمین بوو دوایی بەخەیاڵی

کەس نایەت لێرە لە پارە بگەڕێ (بۆیەچییەکە بە تیلەی چاویەوە سەیری دەکات)

وەستا: ئا... بەڵێ... لە شوێنێکی ئەمینە وەک ئەوەی لە بانک بێت.

بێوەژن: (سەیری کاتژمێرەکەی ناو گیرفانی پەیکەرەکە دەکات) ئەی خوایە... ئەوە کاتژمێر شەش و چارەگێکە... کاتی لێدانی دەرزییەکەیەتی...

وەستا: دەرزی؟ بەچی؟ (بۆیەچییەکە بە ترسەوە گوێی گرتووە)

بێوەژن: زیندەوەرێکی زۆر چاویان لە شەمێکە بڕیوە بۆیە پێویستە هەموو ڕۆژێک دەرزییەکی دژی زیندەوەرانی لێ بدەین ئەگەر هەفتەیەک لێی بگەڕێم ئەوە تێک دەشکێ و دەخورێ جۆرجۆی خۆشەویستەکەم.

وەستا: بەڵێ... بەڵێ... جۆرجۆ لە شەمێیەکە (پێ دەکەنێ) هاهاها... بۆیە پێویست دەکات دەرزی دژی زیندەوەران بەچاکی لێ بدرێت... بەچاکی...

بێوەژن: وایە... ئەگەر ڕێگەم بدەیت... دەچم دەرزییەکەی بۆ دەهێنم... (دەچێتە دەرەوە)

بۆیەچی: (پێ دەکەنێ) لەبەرئەوەی شەمێیە بۆیە دەبێ دەرزی لێ بدرێت... جۆرجۆی شەمێدار... هەرگیز من پێشتر گوێم لە شتی وەها نەبووە...

بۆیەچی: لەبەرئەوەی من لە شەمێ نیم بۆیە دەبێ تۆ دەرزیت لێ بدرێت... زووبە وا من هەڵاتم...

وەستا: چاوەڕوان کە... بەباشی بیری لێ بکەرەوە... مەرج نییە ئەو شتە وابێت... یان ڕەنگە دەرزییەکە بچووک بێت... دەتەوێ ئەو هەموو خێر و بەرەکەتی خوا بە خۆڕای لە دەستمان بدەیت (ئاماژە بەپارەکانی نێو گیرفانی دەدات) بەدەستی خۆمان بەختی خۆمان نە سووتێنین...

بۆیەچی: بەر لە هەموو شتێک من ئەو کەسە بووم کە بەدەستی خۆم گرتبووم نامەوێ ئێستا بەهۆی ئەوەوە بکەومە دەستی ئەو لە شوێنێکی ترەوە... خواحافیز (بێوەژن دێتە ژوورەوە دوو کچی جاحێڵ بەجلی ماڵەوەی لەگەڵدایە

وەستا: بێ دەنگ بە... نەجووڵێی.

ئاننا: گوێبگرە... کوانێ برادەرەکەت؟

وەستا: کام برادەر؟

ئاننا: کرێکاری پەردە هەڵواسینەکە.

سۆنیا: سەعاتێک دەبێ لە ئاودەستەکەیە... ڕەنگە شتێکی بەسەر هاتبێ؟

وەستا: کێ؟ ئەو... شتێکی بەسەر هاتبێ؟ ئا ڕاستە هەستی بە ئازارێک لە سکی دا دەکرد... چونکە زۆر بیر لە ئیشکردن دەکاتەوە... ئا هەموو جارێک خۆی ئامادە بکات بۆ کارێک ئەوە جارێ دەچێتە...

دائینا: ئۆ... تەماشاکە ئەمڕۆ جۆرجۆ چەند جوانە... لە ئامێزی دادەنیشێ و دەستی بەلەشیدا دەهێنێ ئەوە چ گۆڕانکارییەک بەسەریدا هاتووە؟

وەستا: بەفڵچە چەند دەسکارییەکی سووکم بۆی کردووە.

سۆنیا: خوای گەورە... تۆ چەند لێهاتووی (چاو دەبڕێتە پەیکەرەکە) ئەی ئاسمان... وەک ئەوەی ئێستاکە زیندوو بێت ئەوهایە... لێی دوورکەرەوە... دەمەوێ چێژ لە بینینی وەرگرم.

دائینا: پاڵم مەدە من دەبێ پێشتر سەیری بکەم.

سۆنیا: وایە بەس ئێستا خۆ نۆرەی منە... ئەوها دەستی لێ مەدە... تێک دەشکێ...

ئاننا: خۆزیا تێک بشکایە.

سۆنیا: تۆ ئێستاش بەخیلی پێ دەبەیت (ڕووی لە دائینا دەکات کە بە پەیکەرەکە یاری دەکات) ئەی چارەڕەش تۆ دەتەوێ من بکەوم (بەڕاستی دەکەوێ و دەکەوێتە سەر زەوی و بۆیەچییەکەش لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەکات کە بەردەوامە لە تەمسیلکردنی پەیکەرەکە)

دائینا: کێ بەدبەخت و چارەڕەشە؟... لەو قسەیەت پاشگەزبەوە ئەگینا (دەستی بەرز دەکاتەوە لێی بدات)

ئاننا: بەسە... ئێوە ئەوها لە نرخی خۆتان کەم دەکەنەوە (بە قاچی لە پەیکەرەکە دەدات بۆیەچییەکەش ناچار ئازارەکانی بشارێتەوە لەو کاتەدا بێوەژنەکە دێتە ژوورەوە هاواریان لەسەر دەکات)

بێـوەژن: هـا دیسـان شـەڕتانە؟ شـەرمێ نـاکـەن چەند جـاران بە ئێـوەم وتووە ئەو یەڵڵا... هـەرکـەسـەو بچـێتـە ژووری خـۆی... زووکـەن ئەوە سـزای ئێـوەیە (ئافرەتەکان دەچنە دەرەوە وەستایش بەدوایاندا دەڕواتە دەرەوە بێوەژنەکە لە پەیکەرەکە نێزیک دەبێتـەوە هـەوڵ دەدات لەسـەر زەوییەکە بەرزی کاتەوە) ئای کە ڕێگەیەکی... کێوە چوویت؟(وەستا دەگەڕێتەوە) کێوە چوویت؟

وەستا: وا بزانم ئەو سزایە منیشی گرتەوە.

بێوەژن: خێراکە یارمەتیم بدە.

وەسـتـا: دەبا یارمـەتیت بدەین (هـەوڵ دەدات یـارمـەتی بدات بۆ ئەوەی پـەیکەرەکـە بەرز کـاتەوە بەڵام پەیکەرەکە بەجـووڵانەوەیەکی نـا ئـاسـایی هـەڵدەسـێتـەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی گوێبیستی دەرزی لێدان بووبوو)

بێـوەژن: پێـویسـتـە زووکـەین کـاتی دەرزیلێـدانی هـاتووە... ئەگـینـا دووچاری کـارەساتێک دەبینەوە... بیگرە ئەوە چی دەکەیت؟ (جـارێکی تر پەیکەرەکە دەکەوێتـە خوارەوە)... ئەهـا... وا چاکە... دەرزییەکەی لێرە بدەین سرنجی دەرزییـەکە ڕادەکـێشێ تاکـو دەرمـانـەکـەی لێ بەتاڵ بکات (لەو کـاتـەشـدا بۆیەچییـەکە ئەمـە بەهـەل دەزانـێ و خـۆی وەردەسـووڕێنێ) مـەهێـڵـە خـۆی بسووڕێنێ

وەستا: هـەوڵ دەدات بسووڕێتەوە...

بێوەژن: زووبە خێراکە وەک شێوەی جاران داینێوە.

وەستـا: (پەیکەرەکە بەشـێوەیەکی سـەیر دادەنێت سەری بەرەو خـوار قاچەکانیشی بەرەو سـەرەوە بەرز دەکـاتەوە) هـا ئـامـادەیە ناتـوانێ جـووڵە بکـا، بەڵام ویستـم پرسیـارێکت لێ بکەم ئەو ئافرەتانەی تازە لێرە بوون و بەسـزای تۆ چوونە دەرەوە کێ بوون ئەمانە خزم و نێزیکی تۆن؟

بێوەژن: ئا بەشێوەیەک ئەوانە لە بێوەژنایەتیم هاوبەشن.

وەستا: هاوبەشی بێوەژنایەتیتن لە سزا؟

بێـوەژن: (دەرزییـەکە بەدەسـتیـەوە دەگرێ لە نێزیک پـاشـێلی پەیکەرەکە وەسـتـاوە پـەیکـەرەکـە ئـارەقـەیـەکی زۆری دەرداوە) بـەڵـێ ئەوانـە لە بێـوەژنـایەتـی هـاوبەشن بەرلەوەی جۆرجۆ بمرێ ئەوانەش وەک من ژنی جۆرجۆ بوون...

وەستا: ژنانی تر؟

بێـوەژن: (دەرزییـە گـەورەکـە لەناو پاکـەتـەکـەی دەردەهـێنێ) بەڵێ پێ دەچێ لەلات شتێکی سەیر بێت وەک بەرلە ئێستا پێم ڕاگەیاندنی مێردەکەم بایەخێکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی ڕۆهـەڵاتی دەدا، بـەڵام بەداخـەوە نـەیدەتوانی بچـێتـە وڵاتانـی ڕۆهـەڵات بـۆ بەدواداچوونـی لێکـۆڵـینـەوەکـانی لـەمــەر داوونەرێتی وڵاتانی ئاسـیا بۆیە وای پێویسـت دەکرد لێرە جیـهـانێکی تایبـەتی بنیات بنێت تاکـو هـەسـت بکا لـەنێــو مــوسـڵــمــانەکــان دەژێی وەک دەزانی موسڵمانەکان باوەڕیان بە هێنانی ژن هەیە لە یەک زیاتر.

وەستا: (دەرزییە گەورەکە سرنجی ڕادەکێشێ)... ها؟

بێوەژن: زۆر هیلاکی کردم هێندە بەدوای ئەو ژنانە بگەڕێ کە ڕازی دەبن بە ژیانی هاوبەشی مێردایەتی لەگەڵ ژنانی تری غەیرە خۆیان.

وەستا: تۆ دەتوانی ئەوە قبووڵ بکەی؟

بێوەژن: لە کۆتاییدا ناچار لەو جۆرە ژیانەمدا ڕاهاتم.

وەستا: چۆن؟

بێوەژن: خانوویەکی تەواوی بە جیام بۆ خۆم کڕی.

وەستا: خانوویەک بۆ... کەواتە ئەو ئافرەتانە...

بێــوەژن: بەڵێ.. ئـەوانە ژنی بـوون.. دەزانم ئەوە شـتــێکی ئـاسـایی نیـیــە، بەڵام جۆرجۆ... بۆ ئەوەی بتوانێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەردەوام بێت.

وەستا: بۆ ئاسایی نییە!؟ هەموو شتێک لە پێناو ڕۆشنبیریدا ڕەوایە

بێوەژن: بێگومان.

وەستا: ئەو ئافرەتانە... توخوا با واز لەو مەسەلەیە بێنین.

بێوەژن: بەڵی ئێستا توند بیگرە با دەرزییەکەی لێ بدەم (پەیکەرەکە هێدی هێدی لە شـوێنی خـۆی غلۆر دەبووەوە و خۆی لـە دەستی وەسـتاکە بەشـێوەیەکی زۆر سـەیر ڕزگـار دەکـرد وای لێ هـات پەیکـەرەکە پاڵی بـە وەسـتـا دەنا بۆ ئەوەی جێگۆڕکێ بکەن بەرگـەی پاڵەپەسـتـۆی بێوەژنەکە بگرێ لـە جیـاتی پەیکـەرەکـە وەسـتـا هـاوارێکی لـێ هـەڵسـا دیـارە دەرزییـەکـە لەو دراوە لە

شوێنی خۆیدا قیت و وشک بووەتەوە)

وەستا: نەء... نەء... ئەی پیسکەینە.

بێوەژن: ئێستا زۆر چاکە... بەختم هەبوو ئەو کاتەی کە ئەو خانووەم کڕی یاسایەک دەرچوو ئاسانکارییەکی باشی کرد تاکو خانووەکە بەقست پارەکەی بدەم دەرزییەکە لەلایەک دادەنێ کارەسات ئەوە بوو ئەو ژنانە هەموویان کەوتبوونە عەشقی جۆرجۆ لەو ڕۆژەوەی ئەو ژنانەشی هێنا من هیچ خۆشییەکم نەدی تاکو جۆرجۆ مرد... دوای مردنی ئەو ئەوانیش گەڕانەوە سەر عەقڵی خۆیان)

وەستا: (دەپژمێ) ئەی باوکە.

بێوەژن: ئاخۆ قسەکانم بێزاریان کردوویت ببورە ئێستا جێیان دەهێڵم تاکو ئێوەیش ئیش و کارەکانی خۆتان دەست پێ بکەنەوە تادیدار دەچێتە دەرەوە.

بۆیەچی: سەیرکە هەر چانەبوو دەرزی بوو تۆ خۆت وتت بۆچی وەها تەماشام دەکەی چییە تووڕە بوویت باشە جارێکی تر شتی وا ناکەم (وەستا هەڵدەقۆزێتەوە خەریکە بکەوێ و بۆیەچییەکەیش هەوڵ دەدات بیگرێتەوە) جۆفانی ئەوە چیتە چی ڕووی داوە دەترسم دەرزییەکە ئۆ ئەی خوایە چەند ساردە هەر دەڵێی بەفرە هەڵسە جۆفانی توخوا وا مەکە خۆت وا گرژ مەکەوە (پەیکەرەکە جلوبەرگی بۆیەچییەکەی لەبەردایە لە قووڵاییەوە دیار دەکەوێ بەشێوەیەکی میکانیکی دەڕوات) بەچی دەرزی لێ دایت؟

پەیکەر: ئەو دەرزییەکەی بۆ من هێنابوو.

بۆیەچی: بەڵێ بەڵێ دەزانم خۆ خەریک بوو لە منی بدەن.

پەیکەر: تۆ منت بۆ ئاو دەستەکە برد جلوبەرگی خۆتت لەبەرم کرد سمێڵمت تاشی؟

بۆیەچی: (بەترسێکی زۆرەوە) بەڵێ بەڵێ من بووم من لە سەرەتا وام زانی...

پەیکەر: گرینگ نییە... من بەژیانم قەرزاری تۆم... گەر تۆ نەبوایت دەبووایە من لەسەر ئەو کورسییە و بە مۆمیاکراوی بمێنمەوە.

بۆیەچی: مۆمیاکراو؟ ئۆی... چما تۆ پەیکەرێکی مردوو نەبوویت؟

پەیکەر: نەخێر... من مردوو نەبووم... من قۆچی قوربانی بەخیلی ژنەکەم بووم ئەو منی مۆمیا کرد تاکو بۆ مەغریب سەفەر نەکەم.

بۆیەچی: بۆ مەغریب؟

پەیکەر: بەڵێ ئەو ژنە دڵپیسەی من ڕووداوێکی بۆ دروست کردم و هەواڵی مردنمی بەخەڵکی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی بەتەنیا من بۆ ئەو بم.

بۆیەچی: باشە کە تۆ پیاوێک بیت مۆمیاکراو چیت پێ دەکرێ؟

پەیکەر: تۆ ئافرەتان ناناسیت ئەوانە لە هەموو بوونەوەرێک کە لەسەر ئەم زەوییە خوڵقاوە خۆپەرستترن ژنەکەی منیش لە هەر هەموویان زیاترە...! باوەڕ بکە سێ ساڵە منی مۆمیا کردووە.

بۆیەچی: سێ ساڵ واتە دەبووایە وەستاش سێ ساڵ بەمۆمیا کراوی بمابایەوە.

پەیکەر: مەترسە... ئەو دەرزییە کاریگەرییەکەی هەر بۆ چوار کاتژمێرە گەر جارێکی تر دەرزییەکی ترت لێ نەدەنەوە... وەک ئەوەی کە ژنەکەم هەموو ڕۆژێ ئەوهای لەگەڵ مندا کرد.

بۆیەچی: ئەی ئێستا چی بکەین؟ گەر ئەو جارەیان دەرزییەکی ترت بۆ ئامادە بکا ڕاست موستەهلەک دەبیت... سێ ساڵ بەم حاڵە یا جۆفانی...

پەیکەر: ئەوە شەبقەی وەستاکەتە؟ (دەست بۆ شەبقەی سەر کورسییەکە درێژ دەکات)

بۆیەچی: بەڵێ دەتەوێ چی لێ بکەیت؟

پەیکەر: زۆر باشە شەبقەکەی کردە سەری (شەبقەکەی پێشکێش کرد)

بۆیەچی: (شەبقەکەی وەرگرت و لە سەر خۆی کرد) ئاه تێ گەیشتم نیازت وایە پەیکەرێکی تر دروست دەکەیت هاهاها (فڵچەکەی دەردەهێنێ و لەناو بۆیەی ڕەش وەردەدات)

جۆفانی: ئێستاکە من ڕادەبوێرم... سمێڵێکت بۆ دروست دەکەم بە سمێڵی جۆرجۆ بچێ لۆچە ناشیرینەکانیشت بۆ دادەنێم... هاهاها... بەخوا جوانیت؟

پەیکەر: (دێتە ژوورەوە) بەختمان هەبوو ئەو چاکەتەم لەنێو سندووقەکەی خۆم دۆزییەوە (چاکەتەکەی لە بەردەکات) ئێستا هەمان شتم لەگەڵدا بکەن لەسەر کورسییەک دادەنیشێت)

بۆیەچی: (بەدڵخۆشییەوە) ئێستا بۆ ئەو بەڕێزە قژ و ڕیشی دابنێ... لە خزمەتدام! (بەجووڵانەوەیەکی سەماکەرانە بەفڵچە جارێک دەموچاوی پەیکەرەکە و جارێکی تریش دەموچاوی وەستا بۆیە دەکات وەستا دەپژمێ و هەروەها پەیکەرەکەش) بەتەندروستیتان خوا پاداشتان بداتەوە.

پەیکەر: بەتەندروستیتان خوا پاداشتان بداتەوە.

بۆیەچی: سوپاس بەڵام ئەوە من نەبووم بەڵکو ئەو بوو...

پەیکەر: هەرگیز ئەو مۆمیا کرابوو.

بۆیەچی: هەتا ئەگەر مۆمیاش کرابێ ئەو بوو پژمی سەیرکە (فڵچەکە لەژێر لووتی وەستا دەجووڵێتەوە وای لێ دەکات بپژمێ ئا دیتت)؟

پەیکەر: بەردەوام بە... بەردەوام بە... ئەمە شتێکە باوەڕ ناکرێ من دەرمانێکی دژی لە هۆشچوونم دۆزیتەوە بێ ئەوەی خۆشت بتەوێ.

بۆیەچی: ئەو واخەریکە هەڵدەستێتەوە... وەستا هەڵسە ها تۆ لێرەیت؟

وەستا: ها چی ڕووی داوە؟ ناتوانم بجووڵێمەوە.

بۆیەچی: مەترسە مامۆستام تەنیا هەندێک ئیفلیج دەبیت و چیی تر.

پەیکەر: خێراکە یارمەتیم بدە با هەڵی گرم... دەبێ وای لێ بکەین بەپێی خۆی بڕوات... (لەژێر باڵییەوە بەهەردووکیان دەیگرن)

بۆیەچی: بەڵێ بەڵێ خێراکە وەستا تۆزێک بڕۆ.

پەیکەر: نا لێرە بوەستە نەجووڵێیتەوە...

بۆیەچی: جارێکی تر گەر ئەو دەرزییەی لێ بدەنەوە منیش مۆمیا دەکات (هەردووکیان لە شێوەی شەمەندەفەر دەڕۆن لەو کاتەشدا بێوەژن پەیکەرەکە دەبینێ دەجووڵێتەوە)

بێوەژن: ئۆ ئەی خوایە ئەوە هەڵسایتەوە پێویستە جارێکی تر دەرزیت لێ بدەم پێش ئەوەی بەیەکجاری هەڵسیتەوە (دەچێتە دەرەوە)

بۆیەچی: (گوێی لە قسەکانی بێوەژن دەبێت) ئۆ نەخێر لێی نەگەڕێی ئەو جارەش دەرزیم لێ بدات دەرگە لە کوێیە؟ بەکوێ هەڵبێم؟ جۆفانی من شەکەت و ماندوو بووم! (خۆی لەنێو پەردەکان دەشارێتەوە) خۆم لێرە دەشارمەوە... بەڵکو کەس نەمدۆزێتەوە...

وەستا: (بەچەمانەوە بۆ سەر پەیکەرەکە دێتە ژوورەوە) سوپاس خەریکە بەرەبەرە باشتر دەبم ئارەقە دەکەم... سەرەتا وام دەزانی مۆمیا کراوم کوانێ برادەرە شەریکەکەم؟

پەیکەر: نازانم داوام لێ کرد لێرە نەجووڵێ بەڵام تۆزێک چاوەڕوانی بکە دەچم بزانم لەو لایە نییە (دەچێتە دەرەوە)

وەستا: بەڵێ بەڵێ چۆن ئارەزوو دەکەیت من لێرە ناڕۆم ئای (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ لەو کاتەش بێوەژنەکە دێتە ژوورەوە و دەرزییەکەی بەدەستییەوە هەڵگرتووە سەیر دەکات کورسییەکە بۆشە و پەیکەرەکە نەماوە)

بێوەژن: ئەی خوا خۆ من تۆزێک دواکەوتم ئەوە بۆ کوێ چووە؟

(بەرەو وەستا هەنگاو دەنێت)

بۆیەچی: (لەژێر پەردەوە) نەخێر نەخێر لێرە نییە...

بێوەژن: (بەرەو شوێنی دەنگەکە دەڕوات، لەو کاتە وەستا لەسەر کورسییەکە دەخلیسکێ و لە پشت بۆیەچییەکە خۆ حەشار دەدات) چۆن؟ تۆ کێیت؟ (ڕووی لە وەستا دەکات و تەماشای دەکات لە شوێنی خۆیدا نەماوە) بزر بووە تۆ لە کوێی؟

بۆیەچی: من لێرەم... بەڵام... ئاگەدارت دەکەمەوە... من نامەوێ دەرزی لێ بدەم...

بێوەژن: جۆرجۆ... خۆشەویستەکەم... من لە پێناوی تۆدا ئەوە دەکەم!

پەیکەر: (دێتە ژوورێ) ئا... باوەڕ دەکەم تۆ لە پێناوی من ئەو فەرتەنەیەت خوڵقاندووە.

بێوەژن: (بەخێرایی ئاوڕ دەداتەوە بەڵام پەشۆکاوە) تۆ لە کوێی چوویتە دەرەوە.

پەیکەر: پێت ناڵێم.

بێوەژن: ئاوڕ دەداتەوە بۆیەچییەکە دەبینێ کە خۆی لەژێر مێزێک شاردووەتەوە،

بەڵام بەڵام ئەوە چی ڕوو دەدات (هەردوو پەیکەرەکە خۆیان دەشارنەوە) جۆرجۆ... تکات لێ دەکەم گوێم لێ بگرە.

وەستا: (بەخێرایی شرۆڤە لە دیمەنەکە دەکات) گوێت لێ دەگرم خۆشەویستەکەم... ها ئەوە گوێم لێ گرتیت... بڕوانە چۆن گوێت بۆ شل دەکەم... ئەگینا خۆم دەشارمەوە.

بێوەژن: توخوا با بەس بێت خۆت مەشارەوە با شێت نەبم...

پەیکەر: (لەسەر کورسییەکە دیار دەکەوێ)!... خۆشەویستەکەم ئەوە گوناهی تۆ بوو ئەو دەرزییەی کە لێت دام خەریک بوو بمکوژێ ئەوەی ئێستاکە لەبەر چاوتایە جۆرجۆ نییە شەبەحێکی ئاسمانییە...

بێوەژن: (بێوەژن دەرزییەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە) ئاه... نا... نا... جۆرجۆ... هەرگیز...

بۆیەچی: (خۆی بەدیار دەخاتەوە و لەسەر مێزەکە ڕادەکشێ) ئێی... بەڵێ ئەی خۆشەویستەکەم ئەوە ڕاستییە کە (وەستا لەگەڵ پەیکەرەکە یەک بەدوای یەک دیار دەکەون بەجۆراوجۆر شێوە) ئێستا دەتوانی ناو لە خۆت بنێی بێوەژن... هاهاها... هاهاها...

وەستا: هاهاها... لەناو یادگارییەکانتدا بژێی... یادگارییە هەڵگرتووەکانت ئەو یادگاریانەی لێت ناگەڕێن بخەوی... تارمایین... تارمایین.

پەیکەر: ئیتر لێرەوا شەوانت پڕ دەبن لە تارمایی.

بێوەژن: نا... جۆرجۆ... بەسە... بمبورە... تکایە... هەرسێکیان پێکرا (بەدەنگێکی ڕێک و بەشێوەیەکی هارمۆنی) هەموو شتێکت لەدەست چوو.

بێوەژن: (بەیەکجاری بەرگەی هەرسێکیان ناگرێت) سێ جۆرجۆ... نەء... ئەوە زۆرە (لە هۆش خۆی دەچێت و دەکەوێتە سەر کورسییەکە)

وەستا: لە هۆش خۆی چووە.

بۆیەچی: خۆ مردووە سەیرکەن چۆن ڕەق هەڵاتووە.

پەیکەر: نا... نا... ئەو کارەساتە... (وەستا پشتی بێوەژنەکە دەشێلێ) ئەوە چی دەکەی؟ تۆزێک ئیحترام ئەو ژنە تا ئێستاش خێزانی منە...

وەسـتـا: (دەرزییـەکە لە جـەسـتـەی بێوەژن دەردەهـێنێ) ئەوەیە هۆیەکـەی خۆی دەرزی لە خۆی داوە...

بۆیەچی: جا با هەریەکەمان تۆزێک دەوری مۆمیاکردنی بێوەژنەکە ببینین.

پەیکەر: باشە... ئێستا نۆرەی منە دەموچاوی بۆیاغ دەکەم.

بۆیەچی: منیش سمێڵی بۆ دروست دەکەم.

وەستا: تۆزێک بەزەیی... ئەگەر بپشمێ کارەساتێک دەنێتەوە.

پەیکەر: نازانم چۆن سوپاستان بکەم.

وەستا: نا... بەڕێگەیەک.

بۆیەچی: چییە؟

وەستا: لەبەرئەوەی ئێمە هەرسێکمان جۆرجۆین و جۆرجۆش سێ ژنی هەیە.

بۆیەچی: هەریەکەیان بۆ یەکێکمان بن و کەسمان زەرەر ناکەین...

پەیکەر: بەڵێ... با وابێت... (هەرسێ ژن بەیەک دەنگ دێنە ژوورەوە)

جـۆرجـۆ (سـەیری ژنەکـانی دەکـات) یەک، دوو، سێ، هـەر یەکـتـان خـۆتـان با وێنە ئامێزی یەکێکیان...

سۆنیا: چۆن تۆ مردوویت ئێستا چۆن بوویت بەسیان؟

ئەوانی تر: سێ جۆرجۆ.

پەیکەر: بەزۆری مەزانن خۆسەویستەکانم ئەوە ڕەحمی خوایە.

ژنەکـــان پێکرا: ئۆ جـــۆرجـــۆ (هـەریەکـــەو خـــۆی بۆ بـاوەشـی یەکــێک دەهـاوێت بۆیەچییەکەش خۆی بۆ باوەشی یەکێک دەهاوێت)

هەموویان لە دیمەنەکەدا بە ئیقاعی مارش وەک ئەوەی کەوا کۆتایی بەنمایشێکی ڕەنگاوڕەنگ بهێنن ئەوها کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دێت.

لە شەوی ١٦ی ئابی ١٩٩٨ وەرگێڕدرا (هەولێر)

# کەللەپووچ

تشیخۆف

## کەسایەتییەکان

هێلینا ئیفانۆفا پۆپۆف (بێوەژنێکی گەنجە خاوەن زەویوزاری دێیەکە)

گەریگوری ستیبا نۆفیتش سەمیر نۆف (موڵکدارێکی خاوەن زەویوزارە)

لۆقا (کارەکەری خاتوو پۆپۆف)ە

باخەوان.

عەرەبانچی.

کۆمەڵێک کرێکار.

شوێن: ماڵی خاتوو پۆپۆف.

کات: ئێستاکەیە.

(شـانۆ، ژووری پێشـوازیکردنی مـیـوانان نـاوپۆش کـراوە بەکـۆمـەڵێک کـەلوپەلی ڕێکوپێک نیـشــان دەدات، خــاتوو پۆپـۆف بەجلی ڕەشی پرسـەدارییـەوە لەســەر قەنەفەیەک دانیشتووە چاوەکانی بڕیوەتە وێنە فۆتۆگرافییـە هەڵواسراوەکەی دیوار (لۆقا)ی کارەکەریشی بەدیارییەوە وەستاوە)

لۆقـا: نەخـێـر گـەورەم ئەوە هیچ ڕاسـت نییــە تۆ بەم جـۆرە خـۆت ئـازار دەدەیت چێشـتلێنەر و کـارەکـەر چوونە دەرەوە توو لێ بکەنەوە هەر بنیـادەمـێک هەناسە بدات دەبێ لە دنیاشدا ڕابوێرێ و بەخـۆشی و شادییـەوە گوزەران بکات هەتا پشیلە هەوڵ دەدات ژیانی خـۆی خـۆش بکات کـەچی تۆ ڕووت کردووەتە چۆڵەوانییەکی وشک و برینگ و دەتەوێ ڕاوە باڵندە بکەیت وەک ئەوەی تۆ خـۆت لە بیـر چووبێتـەوە لێرە لەناو خـانووەیەکدایت لات وایە لە دێر ژیان دەبەیتـە سـەر دوور لە هەمـوو شـتێکی بەتام و چێـژ من وای بۆ دەچم بەگوێرەی حیساباتی من ساڵێک دەبێ تۆ لەم ماڵە نەچوویتە دەرەوە.

خـاتووپـۆپۆف: تا لە ژیـاندابم من لەو خـانووە ناچمـە دەرەوە بۆچی بمەوێ بچـمـە دەرێ ئیـتـر من ژیـانم کۆتایی پێ هات مێردەکەم وا لەنێو گۆڕدا نێژراوە دەبێ منیش لەنێو چوار لادیواری ئەو خـانووە تاسـەر خـۆم زیندەچاڵ بکەم ئێمە دەبێ هەردووکمان پێکەوە بمرین.

لۆقا: ها تـۆ دیسـان دەگەڕێیتـەوە سـەر هەمـان مـەسـەلەکە زۆر ناخـۆشـە دووبارە گـوێگرتن لەو مـەسـەلەیە ئەوەی چوو چوو هـەمـوو شـتـێک کـۆتـایی هات نیکۆلای مـیـخـائیلۆف مـرد مـردنیش کـاری خـوایە خـوا پشـوودانێکی یەکجارەکی پێ دا تۆش زۆر ئازارت بۆ کێشا ماوەیەکی زۆرە جلی ڕەشی بۆ دەپۆشـیت ئـەوەی پێـویست بوو بکرێ تۆ کـردت ئێـسـتـاش کـاتی ئەوە هاتووە واز لەو کـردەوەیە بـهـێنیت و ئاوڕێک لە خـۆت بدەیتـەوە مـرۆڤ ناتوانێ هـەمـوو تەمـەنی بەشین و گـریان ببـاتە سـەر منیش چەند سـاڵێک

لەمــەوبەر کــە ژنەکــەم مــرد زۆر دڵتــەنگ بــووم بۆی یەک مــانگی تەواو بۆی گریام و ئیتر تەواو بــەعەقڵی کەسدا نایەت بنیادەم بتوانێ هــەموو ڕۆژانی ژیانــی بەخــەمــبــاری و نالــەباری ببــاتــە ســەر؟ ئــەوەی تۆ دەیکــەی زۆر لە پێــویست زیاترە تۆ هــەمــوو دراوســێکانت لە بیــر کــردوون ســەردانــی هیچ کەسێک نــاکــەیت ئێستــا ئێـمــە وەک جــاڵجــاڵۆکە دەژین... ببورە گەر ئەم دەســتــەواژەیە بەکــار دەهێنم ئێــمــە ڕووناکی خــۆر نابینین هــەمــوو جلوبەرگــەکــانم مــشــک قــرتاندوویەتی تۆ لات وایە دنیــا مــرۆڤی چاک و ڕێکوپێکی تێدا نەمــابێ لەگەڵ ئەوەی ئەو دێیەی ئێمە پڕیەتی لە مرۆڤی باش و دڵسۆز لــە شارۆکەی ڕبلۆفی نێزیکمان کە فەوجێک سەربازی لێیە ئەفســەرێکی زۆر ڕێکوپێکی هەیە هێندە جوانە هەر چاو لێی تێر نابێت هەموو ڕۆژانی هەینی ئاهەنگێکی مۆسیقا ساز دەدەن سەربازەکانی فەوج مۆسیقایەکی بەپێز دەژەنن ئای خاتوونە خۆشەویستەکەم ئەو گەنجی و جــوانــی و تریش تــا ســەر نامــێنێ ئەوا تا پاش دەســاڵێکی تریش هەر بەجوانی و بــەختــەوەر دەمــێنیتــەوە گــەر تۆزێک بکرێ بچیتــە دەرەوە و پێشوازی لە ئەفسەرەکە بکەیت پێش ئەوەی کاتەکەت بە فیڕۆ بدەیت.

خاتوو پۆپۆف: (بەخۆڕاگرییەوە) تکات لێ دەکەم جارێکی تر باسی ئەو شتانەم بۆ مەکە تۆ چاک دەزانیت پاش مردنی «نیکۆلای میخائیلۆفیتش» ژیان لای من هیچ نرخێکی نەماوە تۆ وا دەزانی ئێستاکە من لە ژیاندام ئەمە تەنیا لای ئێوە وەها دیارە تێ دەگەی چی دەڵێم؟ ئاه، هەتا ڕوحەکەشی ئێستا دەمبینێ کە من چەند ئەوم خۆش دەوێ من دەزانم ئەو لای تۆی نەشاردەوە کە چەند لەگەڵمدا دڵڕەق بوو لە مامەڵەکردنی لەگەڵمدا زۆر خواروخێچ بوو جگە لەوەی بۆشم هیچ دڵسۆز نەبوو، بەڵام من هەتاسەر وەفادار دەبم بۆی دەشیسەلمێنم کە من چەند پەرۆشی خۆشەویستییەکەی ئەوم لە دنیایەکەی تر ئەو من دەدۆزێتەوە وەک چۆن لەم دنیایە لەگەڵمدا بوو.

لۆقا: لەو قسانە چ سوودێک دەبینی لە کاتێکدا تۆ دەتوانی بچیتە ناو باخچەکە و کــاتێکی بەتامی تێــدا بەســەر بەریت یان فــەرمــان بدەیت (توبی)یان (ویلکان)ت لە گالیسکەیەکدا بۆت ببەستنەوە و ئامادەیان کەن بۆ ئەوەی سەردانی ماڵی دراوسێیەک بکەیت.

خاتوو پۆپۆف: (دەگریێ) ئاھ.

لۆقا: خانمەکەم خانمە خۆشەویستەکەم توخوا چی بووە؟

خاتوو پۆپۆف: ئەو زۆر (توبی) خۆش دەویست هەر کاتێک بیویستبایە بچێتە سەردانی (کۆرتشاغین) یان (فلاسوف) ئەوی زین دەکرد ئای کە سوارچاکیکی لێهاتوو بوو کە لغاوی توبی بەهەموو هێزی خۆی ڕادەکێشا و قۆشمەی دەکرد توبی توبی ئەمڕۆ (شوفان = گیا)ی زیاتر پێ بدەن!

لۆقا: فەرمانت سەرچاوانم خانمەکەم.

(دەنگی زەنگێک بەهێز دێت)

خاتوو پۆپۆف: (ڕادەچڵەکێ) دەبێ کێ بێت؟ پێیان بڵێ من نامەوێ پێشوازی لە کەس بکەم.

لۆقا: بە ئارەزووی خۆت خانمەکەم. (دەچێتە دەرەوە)

خاتوو پۆپۆف: (دەڕوانێتە وێنەکە) ئاخۆ نیکۆلای من چۆن بتوانم خۆشەویستی بکەم و لێبووردەیش بم تا بمێنم خۆشەویستیم بۆ تۆ نامرێ تا ئەو دڵە بەستەزمانەم لە لێدان دەکەوێ (لە کاتی فرمێسک ڕشتندا پێ دەکەنێ) تۆ شەرم ناکەیت؟ من ژنێکی وەفادار و ئەمەکدارت بووم و وا گیانی خۆشم بۆت زیندانی کردووە و تاماویشم دڵسۆز دەبم بۆت تا ئەو چرکانەی جەستەم لە گۆڕ دەنێژن، بەلام تۆ تۆ تۆ تۆ شەرم لە خۆت ناکەیت؟ فریوت دام و دواتریش بەتەنیا جێت هێشتم. (لۆقا بەپەشۆکاوییەکی زۆرەوە دێتە ژوورەوە)

لۆقا: ببورە خانم یەکێک هاتووە و لە تۆ دەپرسێ و سوورە لەسەر ئەوەی بتانبینێ.

خاتوو پۆپۆف: پێت ڕاگەیاندووە کە نامەوێ پاش مردنی مێردەکەم کەس ببینم

لۆقا: بەڵێ پێم ڕاگەیاندووە، بەلام گوێی لێ نەگرتم دەڵێ بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هاتووم.

خاتوو پۆپۆف: من پێشوازی هیچ کەسێک ناکەم.

لۆقا: چەند جار ئەمەم پێوتووە بەلام ئەو پێ دەچێ کابرایەکی زۆر ڕەمەکی بێت زۆر جنێوی دا بەتوندی خۆی کردە ژوورەکە ئێستا وا لە ژووری نانخواردن دانیشتووە.

خاتوو پۆپۆف: بەخوا خەڵکێکی بێزەوەرن ئەوان چییان لە من دەوێ بۆ نیگەرانم دەکەن؟ (بەرێک و پێکیەوە هەڵدەستێتە سەرپێ) بەڵێ ڕەنگە وا بزانێ ڕووی کردووەتە (دێر) وا دەزانێ هاتووەتە دێر.

(سەمیرنۆف دێتە ژوورەوە لۆقاش بەدوایدا دێت)

سەمیرنۆف: (دەڵێتە لۆقا) ئەی دەبەنگ گاڵەگاڵێکی زۆرت نایەوە تۆ تەنیا کەرێکی و بەس (خۆی لە خاتوو پۆپۆف ئاشکرا دەکات) خانمەکەم با خۆمت پێ بناسێنم من مولازمی تۆپچی خانەنشین و خاوەن زەویوزار (گریگۆری ستیبانۆفیتش سەمیرنۆف) من ناچارم لەو کاتەدا بێزارتان بکەم بەهۆی ئیشێکی یەکجار گرینگەوە

خاتوو پۆپۆف: (بێ ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکات) چیت دەوێ

سەمیرنۆف: خوا لێخۆشبووی مێردت کە جێگەی شەرەفە من یەکێک بووم لە برادەرەکانی کاتێ کە مرد هەزار و دووسەد ڕۆبڵ قەرزارم بوو بەگوێرەی ئەو کۆمپیالەیەی کە لە نێوانماندا نووسراوە دوێنێ لەبەرئەوەی نەمتوانی ئەو قەرزە بدەمەوە کە لە بانکی کشتوکاڵی لەسەرم کۆبووەتەوە بۆیە هانام بۆ تۆ هێناوە بەڵکو بتوانی قەرزەکەم بدەیتەوە تا منیش قەرزی خۆم بدەمەوە.

خاتوو پۆپۆف: هەزار و دووسەد باشە بۆچی مێردم ئەو پارەیەی لە تۆ قەرز کردووە؟

سەمیرنۆف: (شۆفان)ی لێ کڕیوم.

خاتوو پۆپۆف: (لە پاش هەستانەوەیەک بەلۆقا دەڵێ) لە بیر نەکەی بەشی توبی لە شۆفان زیاد بکەیت، (لۆقا دەچێتە دەرەوە)

خاتوو پۆپۆف: (ڕوو دەکاتە سەمیرنۆف) ئەگەر نیکۆلای میخائیلۆف قەرزاری تۆیە بێگومان من قەرزەکەیت دەدەمەوە، بەڵام داوای لێبووردن دەکەم من ئەمڕۆ ئەو مەبلەغە پارەیەم نییە بەڕێوەبەری کاروبارەکانم سبەی لە شار دەگەڕێتەوە پێی ڕادەگەیەنم پارەکەت بۆ بژمێرێتەوە تا ئەو کات ناتوانم داواکارییەکەت جێبەجێ بکەم هەروەها ئەمڕۆ حەوت مانگ بەسەر مردنی مێردەکەم تێ دەپەڕێت من لە حاڵەتێکی دەروونیی خراپ دەژیم ناکرێ

ئەمڕۆ گرینگی بەئیش و کاری پارە و پول بدەم.

سەمیرنۆف: منیش لە حاڵەتێکی دەروونیی وەهام سبەی گەر دەستم نەگاتە ئەو مەبلەغە پارەیە بەقاچەکانمەوە لە کونی ئاگردانەکەوە بۆ ئاسمان هەڵم دەفڕێنن هەموو زەویوزار و ماڵ و پولم دەستی بەسەردا دەگرن!

خاتوو پۆپۆف: دوو سبەی پارەکەت وەردەگریتەوە.

سەمیرنۆف: من دوو سبەی پێویستم بەو پارەیە نابێت ئەمڕۆ دەمەوێ.

خاتوو پۆپۆف: بەداخەوە ناتوانم ئەمڕۆ پارەکەت بدەمەوە.

سەمیرنۆف: ناتوانم تا دوو سبەی چاوەڕێت بکەم.

خاتوو پۆپۆف: جا چی بکەم ئەگەر ئەمڕۆ ئەو پارەیەم بۆ دابین نەکرێ؟

سەمیرنۆف: کەواتە تۆ ناتوانی پارەکەم بۆ بژمێریتەوە؟

خاتوو پۆپۆف: نەخێر ناتوانم.

سەمیرنۆف: ئەو دوا بڕیارتە؟

خاتوو پۆپۆف: بەڵێ.

سەمیر نۆف: یەکجاری؟

خاتوو پۆپۆف: گومان لەوەدا ناکەم.

سەمیرنۆف: سوپاست دەکەم ئەوە لە بیر ناکەین (شانەکانی هەڵدەتەکێنێ) توخوا وەرە دوای ئەم بەزمە چاوەڕوانی ئەوەم لێ دەکەن گرژ نەبم و بەرامبەر بەم کردەوەیە هەڵنەچم «جابی باج» تازە لە ڕێگەدا بینیم لێمی پرسی «تۆ بۆچی هەردەم پەست و گرژی یا گریگۆری ستیبانۆفیتش؟» تو ئەو خوایەتان چۆن پەست نەبم؟ من پێویستم بەپارەیە هەست دەکەم چەقۆیەک لەسەر قوڕگم دانراوە دوێنێ زوو لەگەڵ گزنگی خۆر لە ماڵەوە هاتوومەتە دەرەوە و داوام لە گشت قەرزارەکانم کردوون قەرزەکانی سەریانم پێ بدەنەوە پێستی پەنجەم هەڵوەری تا توانیومە پارەکانیان لێ وەربگرمەوە! شەیتان دەزانێ من لە خانی چ جوڵەیەک نووستوومە لە ژوورەوە لەگەڵ بەرمیلی براندی شەوم بەسەر بردووە تاکو گەیشتوومەتە ئێرە بەهیوای ئەوەوە هەندێک لە پارە و قەرزەکانم بەدەست کەوێتەوە خانمیش ئەوەی

توانی بمداتێ حاڵەتە دەروونییەکەی بوو ئەدی چۆن شێت و هار نەبم؟

خاتوو پۆپۆف: وا بزانم بۆم ڕوون کردیتەوە وتم بەڕێوەبەری کاروبارەکانم کە لە شار گەڕایەوە ئەو کات پارەکەت دەدەمەوە.

سەمیر نۆف: من نەهاتووم تا بەڕێوەبەری کاروبارەکانت ببینم من هاتوومەتە لای تۆ هەی شەیتان، ببورە بۆ ئەم دەستەواژەیە.

خاتوو پۆپۆف: گەورەم لە ڕاستیدا من لەو جۆرە دەستەواژەوە لەم جۆرە ڕەوشتە ڕانەهاتووم نامەوێ گوێم چیی تریش لێیا ن بێت.

(بەلای چەپەوە دەچێتە دەرەوە)

سەمیرنۆف: مرۆڤ لەم بارەیەوە چی دەتوانێ بڵێ؟ حاڵەتی دەروونی؟ حەوت مانگ لەوەتەی مێردی مردووە، بەڵام ئەوەی گرینگە ئاخۆ من دەتوانم قەرزەکەی بانک بدەمەوە یان نا دووبارە پرسیارەکەم ئاراستەت دەکەم ئاخۆ من دەتوانم قەرزەکەم بژمێرمەوە یان نا؟ بەڵێ باشە مێردەکەی وا وتمان مرد بەڕێوەبەری کاروباریشی – ملی بشکێ لەگەڵ شەیتان – چووەتە شوێنێک توخوا پێم ناڵێن جامن چی بکەم باشە؟ لە دەست قەرزارەکانم بفرم؟ یاخۆ سەرم بدەم لە بەردێکی ڕەق؟ باشە گەر بچمە لای "گرۆسدین" داوای قەرزەکانمی لێ بکەمەوە دەترسم ئەویش لەماڵەوە نەبێت "یارۆ شیفیتش" ئەویش بەسانایی خۆی لێم شاردەوە لەگەڵ "گوریزن" بووە شەڕو دەمەقاڵیان هەر خەریک بوو لە پەنجەرەکە فڕێمدەنە خوارەوە "میشۆتۆف" نەخۆشە و ئەو خانمەی ژوورەوەش باری دەروونیی باش نییە کەس لەم شارۆکەیە نایەوێ قەرزم بداتەوە گشتیان چونکە ناز و فیزم ڕاگرتوون پیاوێکی پیرەمێردم و نەخۆشم دەوێن دڵنەرمم زیاد لە پێویست دڵم پێیان دەسووتێ قەیدی ناکا دەرتان لە گیانم دەبین پێشانتان دەدەم چیی تر ڕێگەتان نادەم فڕوفێڵتان بەسەرما تێپەڕن هەمووتان بڕۆنە لای شەیتان من تەنیا لێرە دەمێنمەوە و ئێرە جێ ناهێڵم تاکو هەمووتان قەرزەکانم دەدەنەوە بڕڕڕ! ئای کە تووڕەبوونم تووشە من بە پیاوێکی تووڕە ناسراوم دەمارەکانی جەستەم گشتیان لەگەڵ تووڕەبوونمدا ڕەپ بوون تا وای لێ هاتووە ناتوانم بەئاسانی هەناسە بدەم – ئاه – خەریکە ببوورێمەوە

(هاوار دەكات) ئەی كارەكەرەكە.

(لۆقا دێتە ژوورەوە)

لۆقا: چیت دەوێ؟

سەمیرنۆف: كەمێك ئاوم بگەیەنێ (لۆقا دەچێتە دەرەوە)چیمان پێ دەكرێ تا بیكەین؟ چ پارەیەكی لەژێر دەست نییە ئەو خانمە؟ ئەوە چ مەنتیق و فەلسەفەیەكە ئینسانێك وا پێویستی بەپارە بێ و چاوەڕوان بێت هەست بەوە بكات چەقۆیەكیان لەسەر ملی داناوە تا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی بیر لە خۆهەڵواسین بكاتەوە خاتوونیش قەرزەكەی ناداتەوە چییە وەڵڵا لە حاڵەتێكی دەروونیی خراپ دایە ناتوانێ گرینگی بەكاروباری دارایی خۆی بدات! ئەمە مەنتیقێكی ژنانەی تەواوە ئەوەیە وای لێ كردووم ڕقم لێیان بێتەوە پێم چاكترە لەسەر بەرمیلێك باروت دابنیشم بەس لەگەڵ ژنان نەدوێم بررر! سەرمامە خەریكە ببمە سەهۆڵ ئەو مەسەلەیە زۆر ڕقم هەڵدەستێنێ ئەوەی من دەمەوێ تەنیا ئەوەیە ئافرەتێك ناسك ببینم لە دوورەوەیش بێت تا تووڕەبوونەكەم بسووتێنم و هەست بە گرژبوونی جەستەم بكەم ئەمەشیان بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ هاوار بكات و داوای یارمەتی بكات.

(لۆقا دێتە ژوورەوە)

لۆقا: (ئاوی بۆ هێناوە) خاتوون نەخۆشە و نایەوێت پێشوازی لە كەس بكات! باشە پێویست ناكات منیش نامەوێ بیبینم لێرەش ناجوولێم تاكو پارەكەشم بۆ نەهێنێ! ئەگەر نەخۆشییەكەی هەفتەیەك بخایەنێت منیش هەفتەیەك لێرە چاوەڕوانی دەكەم ئەگەر ساڵێكی خایاند منیش ساڵێك بەدیارییەوە دەمێنمەوە با ئاسمان شایەد بێت تا ئەو ساتەی پارەكەم وەردەگرمەوە تۆ بەو جلوبەرگە ڕەشانەت ناتوانی هەستم ببزوێنی یان گوڵمەشین و مۆرەكانت وام لێ بكەن بەزەییم پێتدا بێتەوە من زۆر لەو كەین و بەینانە شارەزایم هەیە (سەری لە پەنجەرە دەردەهێنێ و هاوارێك دەكات) سیمۆن! زینی ئەسپەكان لەسەر پشتیان بهێنە خوارەوە بڕیارم دا لێرە بمێنمەوە بەوانەی لە تەویلەدان پێیان بڵێ هەندێك شۆفان بۆ ئەسپەكان

دابنێن دووباره ئەو ئەسپەی لەلای چەپەوەیە بەلغاوی خۆی دەکەوێتە خوارەوە! (لاسای دەنگی دەکاتەوە) ڕاوەستە پێشانتان دەدەم چۆن ڕاوەستە (پەنجەرەکەی جێ هێشت) شتێکی بێزەوەرە پلەی گەرما بەرزە بەرگەی ناگرم نەبوونی پارە نەدوێنێ شەویش بەچاکی نووستووم ئێستاش بەزمی جلوبەرگی ڕەش و حاڵەتی دەروونی سەرم دێشێ وا بزانم واچاکە هەندێک شەراب بخۆمەوە بەڵێ! پێویستە شەراب بخۆمەوە. (هاوار دەکات) کارەکەر (لۆقا دێتە ژوورێ)

لۆقا: چیت دەوێ؟

سەمیرنۆف: هەندێک شەراب (لۆقا دەچێتە دەرەوە سەمیرنۆف دادەنیشێ و تەماشای جل و بەرگی خۆی دەکات) ئاه شتێکی سەرنج ڕاکێشەرە نکوولّیکردن هیچ سوودێک نادات دژون سەروقژ تۆزاوی نەشۆراو پێڵاوی پیس جگە لەوەی تووک سەرتاپای جلوبەرگی داپۆشیوم خاتوون ڕەنگە وای لە قەڵەم دابێ من ڕێگربم (باوێشک دەدات) جوان نییە بەم شکڵە بچمە ژووری پێشوازیکردن ئاه باشە مەبەستم خراپەکاری نەبووە من هاتووم وەکو پیاوێک داوای قەرزم کردووەتەوە ئەرێ جلوبەرگی تایبەت بەخاوەن قەرز نییە تا لەبەری بکەم.

لۆقا: (دێتە ژوورەوە پەرداخێک ئاوی هێناوە) گەورەم تۆ سنووری تەکلیفت زۆر بەزاندووە.

سەمیرنۆف: (بەتووڕەبوونێکەوە) چی؟

لۆقا: من... من... من تەنیا.

سەمیرنۆف: تۆ وا دەزانی لەگەڵ کێ قسە دەکەیت ها؟ لاڵ بە.

لۆقا: (لەگەڵ خۆی قسە دەکات) بەخوا پیسکەیە پێ دەچێ ئێرە جێ نەهێڵێ و چارەی بزر کات! (دەچێتە دەرەوە)

سەمیرنۆف: ئەی خوا! وەختە لە توڕەییان بکوڵێم هەموو شتێک تێک بشێوێنم! هەست دەکەم خەریکە بڕشێمەوە کارەکەر!(خاتوو پۆپۆف دێتە ژوورەوە چاوەکانی بڕیوەتە زەوی)

خاتوو پۆپۆف: گەورەم لە گۆشەگیریدا واڕاهاتووم حەز نەکەم دەنگی کەسم گوێ

لێ نەبێت بەرگەی دەنگی بەرز ناگرم تکایە هێمنی و ئارامیم نەشێوێنی.

سەمیرنۆف: پارەکەم بدەرەوە ئەو کات وازت لێ دەهێنم.

خاتوو پۆپۆف: پێشتر پێم وتی و بەزمانی نەتەوەکەت تێم گەیاندووی کە من ئێستاکە پارەم لە بەردەستدا نییە تا دووسبەی چاوەڕوانی بکە.

سەمیرنۆف: منیش ئاگەدارم کردیتەوە بەزمانی نەتەوەکەی خۆت تێم گەیاندی کە من ئەمڕۆ پێویستم بەپارە هەیە نەک دووسبەی ئەگەر ئەمڕۆ قەرزەکەم نەدەیتەوە سبەی خۆم دەکوژم.

خاتوو پۆپۆف: من چیم دەسەلاتە گەر ئەو پارەیەی تۆم بۆ دابین نەکرێ کە شتێکی سەیرە!

سەمیرنۆف: کەواتە نیازت وا نییە پارەکەم بدەیتێ وا نییە؟

خاتوو پۆپۆف: نەخێر ئێستا ناتوانم.

سەمیرنۆف: ئیتر لێرە دادەنیشم و چاوەڕوانت دەکەم تاکو پارەکەم وەردەگرمەوە (دادەنیشێ) تۆ دووسبەی دەمدەیتەوە! منیش تاکو دووسبەی لێرە دادەنیشم (لەهیکرا هەڵدەستێتەوە) من پرسیارێکت لێ دەکەم داخوا ئەوان لێم ڕازی دەبن قەرزەکەی بانک سبەی بیاندەمەوە یان نا؟ دەترسم تۆ وا تێ بگەی من گاڵتەت لەگەڵ دەکەم؟

خاتوو پۆپۆف: تکات لێ دەکەم بەم شێوەیە مەنەڕێنە خۆ ئێرە تەویلە نییە.

سەمیرنۆف: من پرسیاری تەویلەم لێ نەکردوویت من دەڵێم تۆ بڵێی سبەی بتوانم قەرزی بانکەکە بدەمەوە؟

خاتوو پۆپۆف: تۆ هیچ شتێک لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت نازانیت؟

سەمیرنۆف: ئۆ بەڵێ من زۆر چاک دەزانم مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان بکەم.

خاتوو پۆپۆف: نەخێر تۆ چی لێ شارەزانیت! تۆ پیاوێکی ڕەوشت چاک نیت! تۆ کابرایەکی بازاڕیت خەڵکی ڕەوشتبەرز بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا ناکەن.

سەمیرنۆف: ها بەڕاستی ئەوەیان شایەنی سەرنجدانە دەتەوێ خەڵکی چۆنت لەگەڵ بدوێ خاتوون؟ ڕەنگبێ بتەوێ بە فرەنسی بدوێم خانم (Je vous

prie)ئای کـە بەختـــەوەرم کـە تۆ قــەرزەکــانی ســەرتم نادەیتــەوە! داوای بەخشـینت لێ دەکەم سەبارەت بەم نارەحەتییە ئەمڕۆ کەش و هەوا خۆشە بەڕاستی ئەو جلە ڕەشانەت لێ دێت خانم (بەگاڵتەوە سەری دادەنوێنێ)

خاتوو پۆپۆف: ئەم کردەوەیەت بەپێکەنینم ناهێنێ گەمژە.

سەمیرنۆف: (لاسای دەکاتەوە) ئەمە بەپێکەنم ناهێنێ گەمژە من لە ژیانمدا لە باڵندە زیاتر ئافرەتم بینیوە دووچاری سێ شەڕ هاتووم لەنێوچەوانی ئەوان دوازدە ژنم جێ هێشتووە نۆ ژنیش وازیان لێ هێناوم زەمانێک بوو من ڕۆڵی عاشقێکی دڵسووتاوم دەبینی جوانترین وشەی هەنگوینم لە مامەڵەکردنیاندا بەکار دەهێنا زۆرم دڵداری کرد زۆریشم ئازار بەدەستییەوە کێشا هاوارم بۆ مانگ برد لەناو ئێش و خەفەتی دڵداریدا توامەوە بەپەرۆشەوە بە هەموو شێوازێکەوە لە دەریای خۆشەویستیدا دەتلامەوە وەک باڵندە زیقەزیقم دەچووە ئەوپەڕی ئاسمان نیوەی سەرمایەی خۆم لە پێناو عەشقێکی زۆر بەسۆز بەخشی شەیتان دەزانی کە چەند بەدەستییەوە گرفتار بووم من غولامی گوێڕایەڵت وەک جاران نەماوم تاکو بە ئاماژەی پەنجەکانت هەڵسوکەوت بکەم بێزارم ئێستا من پیاوێکی ترم چاوی ڕەش چاوی پڕ لە سیحر و میهر لێوی قورمزی پەڵەی سووری کوڵم هاواربردنە بەر مانگ بەچرپە چرپی دڵداران هەڵسووکەوتی بەلارولەنجە و ناز و فیز ئێستا هەر هەموو ئەمانە بەیەک (بکوبک) ناکڕم من مەبەستم هەر تۆ نییە هەر هەموو ئافرەتێکی ئەم دنیایە لە گچکەیان تا گەورەیان گشتیان فێڵبازو ساختەچی و حەسوود و درۆزنن لە تەپکی سەریانەوە تا پەنجەی پێیان کەموکورتن هەر هەموو لووتبەرز و شێت و هارن تا ئەوپەڕی سنوور کە هیچ مەنتیقێک قبووڵی ناکات دڵڕەق و هیچوپووچن (بەناو لەپی لە نێوچەوانی خۆی دەدات) تکایە بمبورە کە بەڕاستگۆی لەم مەسەلەیە دەدوێم یەک چۆلەکەی سەرماڵم لە دە ئافرەتی فەیلەسووفی زۆرە و باشترە کاتێ بنیادەم سەیری یەکێک لەم جۆرە ئافرەتانە دەکات وات بەخەیاڵدا دێت تەماشای مەخلوقاتێکی موقەدەس دەکەیت هەر حەز دەکات بەیەک هەناسەی گەرم هەڵی مژێ و لە دەریایەکی پڕ سیحر و جوانیدا بتوێتەوە بەڵام هەر کاتێک کە لە ناوەوەیان ڕادەمێنێ

هیچ شتێک نادۆزێتەوە مەگەر تەنیا تیمساحێکی برسی و هار نەبێت (پاڵ بەدەسکی کورسییەکەوە دەنێت و لە ناوەڕاستدا دەیکاتە دوو پارچە) لەوەش کارەساتتر ئەوەیە ئەو تیمساحە وای لە خۆ بکات کە توحفەیەکی هونەری دەگمەنە بەمەیان هەرچی سۆزێکت هەیە ڕەش دەبێتەوە و ئاڵۆز دەبێت با شەیتان سەرەوپێش هەڵواسێ ئەگەر ئافرەتێک هەبێ لەم دنیایە لە پێناو خۆشەویستیی پیاوێکدا بژێی کاتێکیش کە دەکەونە داوی خۆشەویستی پیاو بەس ئەوەندە دەزانێ گلەی بکات و فرمێسک بڕێژێ کەچی پیاو ئارام دەگرن و لە پێناو خۆشەویستییەکاندا بەرگەی ئازار دەگرن و زۆر شت دەکەنە قوربانی ئافرەت کلکی کراسەکەی لەوێ بۆ ئەوێ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ هەوڵ دەدات بەتەواوی بەسەریدا زاڵ بێت و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە لە خراپیی بەختی خۆتە کە تۆ لە ڕەگەزی ئافرەتانیت بێگومان تۆ ناخ و سروشتی دەروونیان چاک دەناسی پێم بڵێ بە شەرەفت قەت لە ژیانتدا ئافرەتێکی ڕاست و دڵسۆزت بینیوە؟ باوەڕ ناکەم هەرگیز ڕێککەوتنبێ بینیبێت تەنیا پیرەژن و ژنی ناشرین نەبن ئەوان ڕاستگۆ و دڵسۆزن زۆر ئاسانترە یەکێک پشیلەیەک ببینێ قۆچی هەبێت لەوەی ژنێکی جەرگسۆز و ڕاستگۆ ببینێ!

خاتوو پۆپۆف: بەڵام تۆش ڕێگەم بدە من پرسیارێکت لێ بکەم لە خۆشەویستیی کێ ڕاستگۆن؟ ڕەنگە بڵێی پیاو؟

سەمیرنۆف: بەڵێ! بێگومان پیاو!

خاتوو پۆپۆف؟ پیاو! (بەگاڵتە جاڕییەکەوە پێ دەکەنێ) پیاو ڕاستگۆ و دڵسۆزن لە چیرۆکی خۆشەویستییان! دەبێ ئەمە شتێکی نوێ بێت! (بەگاڵتە پێکرنێکەوە پێ دەکەنێ) تۆ چۆن دەتوانی بڕیاری یەکجاری ئەوە بدەیت؟ پیاو ڕاستگۆ و وەفادارن! مادام ئێمە چووینە نێو کرۆکی مەسەلەکە و درێژەمان پێ دا دەبا منیش پێت بڵێم کە لەنێو ئەو هەموو پیاوانەی کە ناسیومن مێردەکەم لە هەموویان باشتر بوو پڕ بەدڵ و هیوایەکی زۆر گەشەوە خۆشم دەویست گەورەترین خۆشەویستییەک کەکچێکی ناسک و قەشەنگی وەک من خۆشی ویستبێ گەنجاتیم و شادی و موڵک و ماڵ و ژیانیشم لە پێناویدا بەخشی تا ڕادەی پەرستن خۆشم دەویست دوای چی

ڕووی دا! ئەو پیاوەی کە لە هەموو پیاوێک چاکتربوو لای من ناپاکی لەگەڵمدا نواند هەلپەرست بوو هەر هەلێکی چنگ کەوتایە کەمتەرخەمی تێدادا نەدەکرد دوای مردنی بۆم ڕوون بووەوە کە کتێبخانەکەی پڕ بوو لە نامەی خۆشەویستیی ئەو کاتەی کە هێشتا لە ژیاندا بوو چەند مانگێک بەتەنیا جێی هێشتم شتێکی ئەوتۆیش هەر ناکرێ بیریشی لێ بکەیتەوە لەگەڵ ژنانی تر سێکسی دەکرد لەگەڵ ئەوەی من مەوجودیش بووم لەماڵەوە گشت سەرمایەمی بەهەدەر دا گاڵتەی بەهەست و نەستم دەکرد لەگەڵ ئەمەیشدا باوەڕم پێی هەبوو وەفاداری بووم، وا خۆم لە چوارچێوەی ئەو ڕۆژەدا زیندانی کردووە تا ڕۆژی مردنیشم جلوبەرگی ڕەشی بۆ فڕێ نادەم...

سەمیرنۆف: (بەقێزەوە پێ دەکەنێ) جلی ڕەشی پرسەداری! تو ئەو خوایەت تۆ چۆن لە من دەڕوانی؟ لات وایە من نازانم ئەو عەبایە ڕەشەت بۆ کردووەتە بەرت و بۆچی خۆت لەنێو چوار دیواران زینەچاڵ کردووە وەک ئەوەی من نەزانم ئای لەو نهێنییە ئای لەو ڕۆمانسییەتە کە سوارچاکێک لێرە لە پێش قەڵاتەکە تێپەڕ بوو چاوی بڵند کردوو سەیرێکی پەنجەرەکانتانی کرد تا لەگەڵ خۆیدا بڵێ (لێرە) ئافرەتێک خۆی لەنێو چوار دیواران بەستووەتەوە لە پێناو خۆشەویستیی مێردەکەی؟ من ئەو فرتوفێڵە چاک دەزانم!

خاتوو پۆپۆف: (لەسەر پێوە هەڵدەچێ) چی؟ مەبەستت چییە لەو قسانە؟

سەمیرنۆف: بە زیندوویی وا خۆت زیندانی کرووە؟ بەڵام لە بیر نەکەی هەندێک سوراو و سپیاو لە دەموچاوت بسوویی!

خاتوو پۆپۆف: چۆن جورئەت دەکەیت بەم شێوەیە لەگەڵمدا قسە بکەیت؟

سەمیرنۆف: تکایە هاوار مەکە من بەڕێوەبەری ئیش و کارەکانت نیم! تەنیا ئەوەندە ڕێگەم بدە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێم و هەر شتێکیش بەناوی خۆیەوە ناو بنێم من ئافرەت نیم وا فێربوویم ئەوەی بەمێشکمدا تێپەڕبێت بەڕاشکاوییەوە بیدرکێنم بۆیە تکا دەکەم هاوارم لەسەر نەکەیت.

خاتوو پۆپۆف: من هاوارم نەکردووە تۆ دەنگت بەرز دەکەیتەوە تکایە لێم گەڕێ تکات لێ دەکەم بەتەنیا جێم بهێڵە.

سەمیرنۆف: پارەکەم بدەرەوە جێت دەهێڵم.

خاتوو پۆپۆف: پارەت نادەمەوە.

سەمیرنۆف: نادەیتەوە؟ قەرزەکەم نادەیتەوە؟

خاتوو پۆپۆف: هیچ گوێت لێ ناگرم چی دەکەی بیکە یەک کۆبک چییە نایەتە ناو گیرفانت لێشم گەڕێ و وازم لێ بێنە.

سەمیرنۆف: لەبەرئەوەی من شەرەفی مێردایەتیم پێ نابڕێت و ناشبمە دەستگیرانت بۆیە تکا دەکەم کەف مەکە و هەڵمەچۆ (دادەنیشێ) چونکە من ناتوانم تۆ بهێنم.

خاتوو پۆپۆف: (بەگرانی هەناسە دەدات) دەتەوێ دانیشیت؟

سەمیرنۆف: وا دانیشتووم.

خاتوو پۆپۆف: تکایە ئێستا لە ماڵەکەم بڕۆ دەرێ.

سەمیرنۆف: پارەکەم بدەرەوە.

خاتوو پۆپۆف: نازانم لەگەڵ ئەو پیاوە ساردوسڕانە بدوێم! بڕۆ دەرەوە! (بێدەنگی) ئەوا ناڕۆیت؟

سەمیرنۆف: نەخێر.

خاتوو پۆپۆف: نەخێر؟

سەمیرنۆف: نەخێر.

خاتوو پۆپۆف: زۆر باشە (زەنگ لێ دەدات) (لۆقا دێتە ژوورێ)

خاتوو پۆپۆف: لۆقا... ئەو بەڕێزە تا دەرگەی حەوشە بگەیەنە.

لۆقا: (بەرەو سەمیرنۆف دەڕوات) بۆ ئێرە جێ ناهێڵیت لە کاتێکدا داوات لێ دەکرێ ئێرە جێ بهێڵی گەورەم چیت دەوێ؟

سەمیرنۆف: (بەتوڕەییەوە لە سەر قاچ وەستاوە) تۆ لات وایە لەگەڵ کێ قسەدەکەیت؟ پانت دەکەمەوە!

لۆقا: (دەستی لەسەر دڵی دادەنێ) ئەی خوا! (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ) ئاه من نەخۆشم ناتوانم هەناسە بدەم.

خاتوو پۆپۆف: کوا (دتشا) (هاوار دەکات) دتشا! پلاغیکا! دتشا!

(زەنگ لێ دەدات)

لۆقا: هەموویان ڕۆیشتوون منیش ناساغم! هەندێک ئاوم بۆ بێنن!

خاتوو پۆپۆف: (ناولەپی لەناو لەپی دەدات قاچەکانیشی لە زەوی) تۆ گەمژیت تۆ...! کێویت!

سەمیرنۆف: چیت وت؟

خاتوو پۆپۆف: دەڵێم تۆ کیویت.

سەمیرنۆف: (بەتوندی بەرەو ڕووی دەچێت) دەمەوێ لێت بپرسم کە تۆ بەچ مافێک جنێوم پێ دەدەیت؟

خاتوو پۆپۆف: بەڵێ جنێوت پێ دەدەم! ئەمە چی تێدایە وا دەزانی لێت دەترسم

سەمیر نۆف: تۆ لەو باوەڕەدایت لەبەر ژنێکی ناسکی مافی ئەوەت پێ دەدەم گەر ئیهانەشم پێ بکەیت بێ ئەوەی هیچ حیسابێکیشم بۆ بکەی؟ تەحەدات دەکەم هەرچی دەتەوێ بیکەی ئەوە لە پێشتا.

لۆقا: بۆ خاتری ئاسمان هەندێک ئاوم بگەیەنێ.

سەمیرنۆف: من و تۆ و ئەوەش گۆڕەپان.

خاتوو پۆپۆف: تۆ وا دەزانی لەبەرئەوەی دوو ناو لەپی گەورەو ملێکی زلت هەیە وەک هی گا لێت دەترسم.

سەمیرنۆف: باشە با ئێرە سنووری لێک جیابوونەوەمان بێت ڕێگەت نادەم ئیهانەم بکەیت! لای من جیاوازی نییە کە تۆ ئافرەتیت و یەکێکی لە ڕەگەزە نەرم و سفت و بێ هێزەکان!

خاتوو پۆپۆف: کاتی ئەوە هاتووە واز لەو جوگرافیاتە کۆنە بهێنین کە وای کردووە تەنیا پیاو نرخی ئەو سوکایەتییە بدات کە خۆی لێی بەرپرسە ئەگەر یەکسانی هەیە دەبا لە هەموو شتێکدا هەبێت هەموو شتێکیش سنووری خۆی بۆی دیاری کراوە!

خاتوو پۆپۆف: حەز دەکەیت لەگەڵمدا ململانێی شەڕە دەمانجە بکەیت؟ زۆر باشە.

سەمیرنۆف: هەر ئێستاکە؟

خاتوو پۆپۆف: ئێستاکە لەلای مێردەکەم دوو دەمانجە هەبوون دەچم دەیانهێنم

(خێرا دەچێ و دەگەڕێتەوە) ئاه چەندم پێ خۆشە گوللەیەک لەناو مێشکە ڕەقەکەتا بەتاڵ بکەم با شەیتان بۆ خۆی بتباتەوە (شوێنەکە جێ دەهێڵێ)

سەمیرنۆف: یەکسەر دەیخەمە سەر زەوی! من لە خشتە نابردرێم و ناسک و لووتبەرزیش نیم منادڵێکی مێردمنداڵی هەرزەکاریش نیم لای من ڕەگەزی لاواز نییە.

لۆقا: ئای... گەورەم (بەسەر چۆک دادێت) بەزەیت پێم بێتەوە بەزەیت بە پیاوێکی بەتەمەن چوو بێتەوە و ئەم شوێنە جێ بهێڵە پێش هەنووکە ئەترەشت بردم ئێستەش دەتەوێ لەگەڵ خاتوون شەڕە دەمانجانێ بکەن.

سەمیرنۆف: (گرینگی بە قسەکانی نادات) شەڕە دەمانجانێ؟ ئەوە یەکسانی ئەوە سەربەستی کە ژن و پیاو تێیدا وەک یەکن وەک مەسەلەیەکی بەدڕەوشتی دەبێ لەناوی ببەم مرۆڤ بەژنێکی وەک پۆپۆف چی بڵێ؟ (لاسای دەکاتەوە) «شەیتان بۆ خۆی بتباتەوە گوللەیەک لەناو مێشکە ڕەقەکەتدا بەتاڵ دەکەم» دەبێ بنیادەم بۆ پەرچدانەوەی ئەمە چی بڵێ؟ پۆپۆف خۆی زۆر تووڕەیە چاوەکانی سوور بوونەتەوە ڕازییە لەگەڵمدا ململانێ بکات! بەناموسم لە ژیانمدا ئەمە یەکەم جارمە ژنێکی وەک پۆپۆف ببینم!

لۆقا: ئا دەی گەورەم لێرە برۆ تکات لێ دەکەم ئێرە جێ بهێڵە.

سەمیرنۆف: چونکە ئافرەتە من دەتوانم ئێستا تێی بگەم ئافرەتێکی ڕەسەنە دوودڵ نییە بەڵام یەک پارچە لە ئاگر و barووت هەڵچوون جێی داخە من گوللەیەک لە ئافرەتێکی وەک ئەو بتەقێنم.

لۆقا: (بەخۆ خۆشەویستکردنێکەوە) گەورەم تکات لێ دەکەم ئێرە بەجێ بهێڵە.

(خاتوو پۆپۆف دێتە ژوورەوە)

خاتوو پۆپۆف: ئەوەتانێ دوو دەمانجەکە، بەڵام بەرلەوەی شەڕەکەمان دەست پێ بکەین تکایە فێرم بکە چۆن دەمانجە دەتەقێنرێت چونکی من قەت دەمانجەم بەکار نەهێناوە!

لۆقا: خوا بەزەیت پێمان بێتەوە وا دەچم باخەوانەکە و چێشتلێنەرەکەش دەهێنم نازانم بۆچی ئەو گرفت و گێژەلووکەیە تووشی ئێمە هاتووە (دەچێتە دەرەوە)

سەمیرنۆف: (تەماشای دەمانجەکان دەکات) وەک دەزانی دەمانجە جۆری زۆرە ئەو دوو دەمانجەیە لە جۆری (سیم – ویسن)ی هەڵدەرە دوو دەمانجەی نایابن جوتی ئەو دەمانجانە نرخی لە نۆهەد رۆبڵ کەمتر نییە چۆنیەتیی گرتنی دەمانجە ئەوهایە (بەلاتەنیشتێکەوە) ئەو چاوە جوانانە ئەو چاوە جوانانە ئافرەتێکی ڕاستییە.

خاتوو پۆپۆف: بەم جۆرە؟

سەمیرنۆف: بەڵێ بەم جۆرەیە زنادەکەی بۆ دواوە ڕادەکێشرێ دوای دەتەقێندرێت سەرت تۆزێک بۆ دواوە بێنە تکایە باسکت درێژکە دوای بەپەنجەت پاڵەپەستۆ دەخەیتە سەر زنادەکە ئا بەم شێوەیە هەمووی هەر ئەوەندەیە گرینگ ئەوەیە نەشێوێی و لە کاتی دەرچوونی گوللە پەلە نەکەی و پەنجەت نەجوولێ.

خاتوو پۆپۆف: ناکرێت شیاویش نییە لە ژوورەوە دەمانجە بتەقێنیتەوە با بچینە ناو باخەکە.

سەمیرنۆف: بەڵێ ئێستا ئاگەدارت دەکەمەوە من گوللەیەک بۆ ئاسمان داوێم.

خاتوو پۆپۆف: ئەوە زۆرە توانای بەرگەگرتنی ناگیرێ بۆچی؟

سەمیرنۆف: چونکە... چونکە... ئەمەیان پێوەندی بە خۆمەوە هەیە.

خاتوو پۆپۆف: تۆ دەترسیت... بەڵێ... ئاه هەهەهە نەخێر، نەخێر، ئەی گەورەی بەڕێزم خۆت مەخافڵێنە تکایە وەرە دوام من ویژدانم ناحەسێتەوە تا بە گوللە کونێک لەسەرت نەکەمەوە ئەو سەرەی کە زۆر ڕقم لێیەتی! تۆ دەترسیت؟

سەمیرنۆف: بەڵێ دەترسم.

خاتوو پۆپۆف: تۆ درۆ دەکەیت تۆ بۆ ناتەوێ ململانێی شەڕە دەمانجەم لەگەڵدا بکەیت؟

سەمیرنۆف: چونکە من... چونکە من... تۆم زۆر بەدڵە...

خاتوو پۆپۆف: (بەتووڕەییەوە پێ دەکەنێ) تۆ منت بەدڵە! غیرەت دەکات و دەڵێ تۆم بەدڵە (ئاماژە بۆ دەرگە دەکا) بڕۆ دەرەوە!

سەمیرنۆف: (بەهێواشی دەمانچەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ شەبقەکەی لەسەر دەنێ و دەڕوات لە نێزیک دەرگەکەوە دەوەستێ و بەبێدەنگییەکەوە سەیری پۆپۆف دەکات لە پاشان بە دوودڵییەوە بەرەو ڕووی هەنگاو دەنێت) گوێبگرە هێشتا تووڕەیت؟ ئیشەکە ئەوهایە ئەم جۆرە کارانە دەبێ (دەنگی بەرز دەکاتەوە) هەڵەی من دەبێ چۆن بێت کە تۆ قەرزاری من بیت؟ (دەست بە کورسییەکە دەگرێ و دەشکێ) ئەی شەیتان ئەو کەلوپەلە ناسک و لاوازانە چنە تۆ هەتە! من تۆم بەدڵە! تێم دەگەیت؟ من خەریکە بکەومە داوی خۆشەویستیت.

خاتوو پۆپۆف: بڕۆ لێرە من بێزم لێت دەبێتەوە.

سەمیرنۆف: ئەی خوایە لەم ئافرەتە نەبووە پێشتر لە ژیانم ئافرەتێکی وەک ئەمەم دیتبێ من سووتاوم شکێندراوم چۆن مشک بەتەڵەزگەوە دەبێت ئەوها کەوتوومەتە داوی.

خاتوو پۆپۆف: ئێرە جێ بهێڵە ئەگینا گوللەیەک دەدەم لە تەوقی سەرتا.

سەمیرنۆف: بیتەقێنە! تۆ هیچ هەست ناکەیت کە من چەند دڵشاد دەبم گەر لە پێش ئەو چاوە جوانانەتا بکوژرێم مردنێک بە دەستی ئەو دەستە نەرم و ناسکانە بێت من شێت بووم بیری لێ بکەوە یەکسەر بڕیار بدە گەر ئێستا ئێرە جێ بهێڵم جارێکی تر یەکتر نابینینەوە بڕیار بدە قسە بکە من پیاوێکی گەورە و لێهاتووم پیاوێکی بەڕێز و دەوڵەمەندم سالانە دە هەزار ڕۆبڵم دەست دەکەوێ دەتوانم ئەو پارچە کانزایەی کە فڕێدەدرێتە ئاسمان بیپێکم خاوەنی چەند ئەسپێکی ڕەسەنم قبووڵم دەکەیت ببیتە ژنم؟

خاتوو پۆپۆف: (بەنیگایەک تووڕەبوونی پێوە دیارە ئاماژە بە دەمانچەکە دەکات) دەتەقێنمەوە.

سەمیرنۆف: من بیرم لای خۆم نییە و مشەوەشم ناتوانم دەرک بە هیچ شتێک بکەم – کارەکەر – هەندێک ئاوم بۆ بێنە! کەوتوومەتە داوی خۆشەویستی وەک هەر گەنجێک (دەستی پۆپۆف دەگرێ و هاواری لێ هەڵدەستێ) تۆم خۆش دەوێ! (بەسەر چۆک دادەوەرێتەوە) تۆم خۆش دەوێ وەک ئەوەی کە لە هەموو تەمەنمدا خۆشەویستیم نەکردبێ و نەمدیبێ.

دوانزە ژن جێیان هێشتووم، نۆ لەم دوانزەیە دڵسۆز و خۆشەویستم بوون، کەچی هیچ کامیانم خۆش نەویستووە وەک ئەوەی کە ئێستا تۆم خۆش دەوێت، من دەسەڵاتم بەدەستی خۆم نەماوە، گوم بوویمە، وەک گەمژەیەک بەسەر قاچەکانتا دادێمەوە، داوای دەستت لێ دەکەم، ئای کە شوورەییە، ئای کە عەیبێکی گەورەیە! پێنج ساڵ دەبێ بەم جۆرە نەخزاومەتە دەریای خۆشەویستی – سوپاس بۆ خوا– ئێستا وەها تێک ئالاوم وەک ئەوەی گالیسکەیەک لە گالیسکەیەکی تر ئالاّ بێت، تکات لێ دەکەم قبووڵم بکە. یان بەڵێ یان نەخێر؟ ڕازی دەبێت؟ باشە!

(هەڵدەستێتەوە و بەرەو دەرگە هەنگاو دەنێت)

خاتوو پۆپۆف: چرکەیەک بووەستە.

سەمیرنۆف: (رادەوەستێ) باشە؟

خاتوو پۆپۆف: هیچ نییە دەتوانی بڕۆیت، بەڵام، بوەستە، نەخێر، بڕۆ، من ڕقم لێت دەبێتەوە یاخۆ... نەخێر... نا مەڕۆ! ئاه ئای گەر دەزانی چەند ڕقم لێتە (دەمانجەکە لەسەر کورسییەکە فڕێ دەدات) پەنجەکانم گشت ئەستوور بوون لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو دەمانجەیە (دەسەسڕەکەی دەدڕێنێ) ئەوە چاوەڕێی چی دەکەی وا وەستاوی بڕۆ دەرەوە!

سەمیرنۆف: خواحافیز.

خاتوو پۆپۆف: بەڵێ: بڕۆ دەرەوە (هاوار دەکات) تۆ بۆ دەڕۆیت؟ چاوەڕێکە – نەخێر، بڕۆ... ئا... ئا... چەند توورەمە! زۆر خۆت لێم نێزیک مەکەرەوە، زۆر لێم نێزیک مەبە همم همم – وەرە – زۆر نێزیک نا!

سەمیرنۆف: (لێی نێزیک دەبێتەوە) ئای لە خودی خۆم توورەمە! کەوتوومەتە گێژاوی خۆشەویستی وەک قوتابییەکی قوتابخانە کەوتوومەتە سەرچۆک هەست بە بێزەوەری خۆم دەکەم (بەهێز) خۆشم دەوێی! وەها جوانە ئەوەی لە دنیادا دەمەوێ تەنیا ئەوەیە خۆشتم دەوێ و تۆم دەوێ. سبەی دەبێ ئەو باجە بدەم کە لەسەرم کەڵەکە بووە و، وەرزی دەروونەی (کا) وا دەستی پێ کردووە ئەوەی لێم ئاشکرایە ئەوەیە (پۆپۆف دەخاتە نێوان هەردوو باسکی خۆی) من ناتوانم لە گوناهی خۆم خۆش ببم.

خاتوو پۆپۆف: له بەرچاوم دوورکەوه! دەستەکانت له سەر شانم هەڵگره، من ڕقم لێته – تۆ – ئەگەر ئەوه شیاو بێ (ماچێکی گەورەی لێ دەک،ا لۆقا دێته ژوورەوه تەورێکی بەدەستەوەیە، باخەوانەکەش داسێکی پێیە، عەرەبانچییەکەیش گوریسێکی بەدەستییەوەیە، کرێکارەکان ئامێری داس و چەکوشیان هەڵگرتووه).

لۆقا: (له هەردووکیان ڕادەمێنێ) ئەی خوای گەوره ئەوه چی به چاوی خۆم دەبینم!

(ماوەی بێدەنگییەکی زۆر)

خاتوو پۆپۆف: (له چاوەکانییەوه دیار دەکەوێ) بڕۆ بەوەی له تەوێلەدایه پێی بڵێ چیی تر (شۆفان) نەخاته بەردەم تۆبی.

پەرده

کۆتایی

# بەهێزترەکەیان

شانۆگەرییەکی یەک پەردەییە

ئۆگست ستریندبرگ

کەسایەتییەکان

خاتوو ئاکس: ئافرەتە ئەکتەرێکە

خاتوو وای: کچە ئەکتەرێکە

دیمەن: کۆشـەی قـاوەخـانـەیەک، دوو مێـزی ئاسنی بـچـووک و قـەنەفـەیەکی ڕەنگ سـوور و هەندێ کـورسـیی تریشی تیـا دەبینـدرێ، خـاتوو ئاکس دێتـە ژووری قـاوەخـانـەکە پاڵـتۆیەکی زسـتـانەی لەبەردایە لەگـەڵ شـەبقـەیەک لەسـەر سـەری، بەباسکی زەمبیلێکی بچووکی ژاپۆنی نەخش و نیگار وردی هەڵگرتووە.

خاتوو وای لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتووە و لەسەر مێزێکی بەردەمی شـووشـەیەکی بیـرەی نیـوە بەتاڵ دانراوە و خـەریکی خـوێندنـەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی وێنەدارە کەناوە ناوە لاپەڕەیەکی لێ هەڵدەداتەوە.

خـاتوو ئاکس: هەلاو خـۆشـەویسـتم ئامـیلیـا! پێ دەچێ زۆر بەتـەنیـای لەو شـەوی جەژنی لەدایکبوونەدا، وەک ڕەبەنە هەژارەکان دێیتە بەرچاوم.

خـاتـوو وای: (چاوەکـانی سـەر لاپەڕەی ڕۆژنامـە بڵند دەکـا و سـەری دەلەقـێنێ، دووبارە چاو بەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەخشێنێتەوە)

خـاتوو ئاکس: وەک هـەست دەکەیت من ئازارێکی زۆر دەچێژم سـەبارەت بە تۆ کە بەتەنیـا لەو قـاوەخـانـە دانیـشـتـوویتـە وە لە شـەوێکی وەک شـەوی جـەژنی لەدایکبووندا، زیاتر هەست بە ئازار دەکەم کە دەبینم ئەویش ئاهەنگی ژن هێنانی لە یەکێک لە چێشتخـانەکانی پاریس ساز دەکات، ئەو شـوێنەی کە بلیـاردی لێ دەکرێ، وا بیـر دەکەمەوە ئەگەر سـەرەتای ڕۆژانی ژن هێنانی بەمجۆرە بێت ئاخۆ چۆن دەتوانیت تا ماوەیەکی درێژ لە پێوەندیکردنی ژن و مێردایەتییـان بەردەوام بن و چۆن ئەو پێوەندییە شیـان کۆتایی پێ دێت ئەو لە شـەوی بە زاوابوونیـدا خـەریکی یاریکردنی بلیـاردە و ژنەکـەشی خـەریکی خوێندنـەوەی کۆوارێکی قـۆشـمەبازی و گـاڵتـەوگەپە! بیـر بکەرەوە بزانە چ سـەیرێکە! بەڵام بەهەرحاڵ خۆ هەموو خەڵکی بەم جۆرە نین!

کچـەخزمـەتکارێکی قـاوەخـانـە: (دێتـە ژوورەوە و بەرداخـێک شـوکـولاتە لە بەردەم خاتووئاکس دادەنێ و دەچێتە دەرەوە).

خاتوو ئاکس: شتێکت پێ دەڵێم ئامیلیا، واشی تێ دەگەم ئەگەر بێتو بتوانێ ئەوە شتە بە چاکی و دروستی بیپارێزی ئەوە حاڵ و ئەحواڵت لە ئێستاکە باشتر دەبێت! بیرتە کە من یەکەم کەس بووم کە کاتی خۆی پێم وتی بیبەخشە! بەبیرتە خۆ ئێستا ئێوە ژن و مێردی یەکتربوون و ماڵێکیشتان هەبوو لە ژێریدا کۆ ببنەوە، بیرتە ڕۆژی لەدایکبوون کە ئەو ڕۆژە من لە گوند بووم لەگەڵ باوکی دەستگیرانت؟ کە چۆن من سووربووم لەسەر دروستکردنی ماڵ و بەجێ هێشتنی شانۆ! بەڵێ خۆشەویستم ئامیلیا، بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ دروستکردنی ماڵ باشترین بیرکردنەوەیە ئینجا شانۆ و منداڵ بەڵام تۆ تێ ناگەیت!

خاتوو وای: (ڕق و قینە لە ڕوخساریدا دیارە)

خاتووئاکس: (چەند مژێک لە پەرداخەکەی بەردەمی دەدات دوایی زەمیلەکەی دەکاتەوە و دیاری جەژنی لەدایکبوون بە خاتوو وای نیشان دەدات) سەیرکە ئەم دیارییانەت پێشان بدەم کە بۆ ئازیزانم کڕیون (بووکۆڵەیەک) دەردێنێت سەیری ئەمە بکە! ئەمە دیاری (ئایزا)یە سەیرکە دەتوانێ گلێنەکانی بلەقێنێ و ملیشی بسووڕێنێ! سەیرکە ئەو دەمانچەیەش بۆ (ماجا)یە (دەمانچەکە سوار دەکات و ڕووی لە خاتوو وای دەکات)

خاتوو وای: (نیشانەی ترسی لێ دیار دەکەوێت)

خاتوو ئاکس: ترساندتم؟ وات زانی دەمەوێ فیشەکێکت ئاراستە بکەم ئۆ ئەدی چی؟ ئەی خوایە وام زانی تۆ ئەو دەمانچەیە ئاراستەی من دەکەی! من کەمتر تووشی سەرسوڕمان دەهاتم گەر تۆ فیشەکێک بگریتە نێو چاوانم چونکە من بەربەستێک بووم لە ڕێگەت من دەزانم تۆ ئەو شتە لە خەیاڵی خۆت دەرناکەیت لەگەڵ ئەوەی من بێ گوناهم، بەڵام تۆ تا ئەمڕۆیش لەگەڵدا بێت چووەتە خەیاڵت و من تۆم لە شانۆ دوور خستووەتەوە، بەڵام من هەرگیز پیلانی دوورخستنەوەت لە شانۆ نەکێشاوە و کاری لەم جۆرەم ئەنجام نەداوە لەگەڵ ئەوەی تۆ سنووریت لەسەر بۆچوونەکانی خۆت باشە من هیچ پاساوێکم نەما بیخەمە بەردەستت چونکی تۆ سووری لەسەر قسە و خەیاڵەکانی خۆت کە من بەرپرسیارم لەو گوناهەی دەرهەق بە تۆ

کراوه (جووتێ پێڵاوی نەخشین دەردێنێ)... ئەم جووتە پێڵاوە و چەپکێک گوڵی هەردەم بەهار پێشکێش بە مێردەکەم دەکەم، ئەم پێڵاوانەم بەدەستی خۆم نەخشاندوون.

خاتوو وای: (چاوی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێت و هێمای گاڵتەپێهاتنی لە ڕوخساریدا دەخوێندرێتەوە)

خاتوو ئاکس: (دەستی لەسەر یەکێک لە پێڵاوەکان دادەنێت) هەست دەکەیت پێیەکانی بۆب چەند بچووکن؟ سەرنج دەدەیت؟ پێویستە سەرنج بدەی کە چۆن بە هێواشی و هێمنی بەپێیان دەڕوات کاتێ پێڵاوەکان دەخاتە پێی! (خاتوو وای پێکەنینێکی گەورە دای دەگرێت) سەیرکە! بە سووکە ڕۆیشتنێک لەسەر مێزەکە خۆی نیشان دەدات.

خاتوو وای: (پێکەنینێکی بیستراو پێ دەکەنێ)

خاتووئاکس: کاتێ بۆب کە تووڕە دەبێت قاچەکانی ئا بەم جۆرە لە زەوی دەدات سەیرکە ئەو کچە خزمەتکارانەی ئێرە لەعنەتیان لێ بێ قەت فێر نابن چۆن قاوە لێ بنێن! ئەو نەفامانە نازانن بەشێوەیەکی دروست فتیلی چراکانیش ببڕن! ڕەنگە تەوژمی بایەکی سارد بێتە ژوورێ و قاچەکانی سەرمایان بێت ئۆی چەند ساردە ئەو لەعنەتییانە ناتوانن ئاگرەکە بە هەڵگیرساوی بهێڵنەوە (پاژنەی پێڵاوی دەخاتە سەر پاژنەی تاکە پێڵاوەکەی تریان و بەتوندی پێ دەکەنێ)

خاتوو ئاکس: کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵەوە لە پێڵاوەکانی دەگەڕێ کە (ماری) لەژێر کەوەنتەرەکانی نان دین دای دەنێت زۆر شەرمە لە ڕاستیدا ئەو زۆر بەبەزەییە و پیاوێکی جەستە بچووکی ڕێکوپێک و قسەخۆشە پێویستە تۆیش ئامیلیا مێردێکی ئەوها نەرم و دڵ گەورە و بەبەزەیت هەبێت بەچی پێ دەکەنیت؟ بەچی؟ بەچی؟ من دڵنیام لەوە هەتا ئەو بەخۆی وای بەمن دەڵێ ... بۆ وا خۆت گرژ و مۆن کردووەتەوە؟ وەختێک من بۆ گەشت چووبووم ئەرویج ئەو مەلعونە (مزردیکا) ویستبووی دەمدرێژی بکات تۆ وات لێ چاوەڕوان دەکرد؟ (ڕادەوەستێ) چاوەکانم دەردەهێنا گەر لێی نێزیک بکەوتبایەوە من لێرەم (ڕادەوەستێ) چاک بوو بۆب خودی خۆی لێ

ئاگەدار کردمەوە تا لە خەڵکی ترەوە گوێبیست نەبم (ڕادەوەستێ) بەڵام "مزردیکا" مەرج نییە بە تەنیای بمێنێتەوە من هۆیەکەی نازانم، بەڵام ئافرەتان شێت و شەیدای پیاوەکەم بوونە ئەوان وا دەزانن کە شتێک لەبارەی ئەو بۆندانە دەدرکێنێ کە خەریکە بۆ شانۆ ئیمزایان دەکات، بەڵام خۆی لەبارەی کارگێڕییە ڕەنگە تۆش بەدوای بکەویت من بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هێشتا باوەڕ بەمە ناکەم، بەڵام بە تەواوی گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە ئەو هیچ گرینگییەک بە تۆ نادا و تۆش بەخێلی و ڕقت لێیەتی من ئەوها بەو شێوە بۆی چوویمە!(ڕادەوەستێ بەتوند و گرژی سەیری یەکتری دەکەن و سیمای ترسیان پێوە دیارە)

خاتوو ئاکس: ئامیلیا ئەمشەو وەرە ئێرە تا خۆت نیشانمان دەیت کە لێمان تووڕەنیت پێوەندیم لەگەڵتدا خراپ دەبێت بەتایبەتیش ئەو جارەی کە بوومە بەربەست لە ڕێگەتدا (خێرایی جوڵانەوەی بە هێواشی کەم دەکاتەوە)یان من بەهیچ شێوەیەک نازانم بەڕاستی لەبەر چی؟ (ڕادەوەستێ)

خاتوو وای: بەلووتبەرزییەکەوە سەیری خاتووئاکس دەکات)

خاتووئاکس: (بەدەم بیرکردنەوەیەکەوە) هەموو شتەکان سەبارەت بە ئێمە نامۆ بوون کاتێ کە یەکەم جار بوو تۆم بینی زۆر لێت دەترسام لێت دەترسام بەڕادەیەک جورئەتم نەدەکرد لەگەڵ ئەو ڕێگەت بدەین لە تەماشاکردنی چاوەکانم ڕزگارت ببێ لە هەر کوێیەک بوویتایە لێت نێزیک دەبوومەوە نەدەوێرام.

ببمە دووژمنت ها ئەوە ئێستا بووینە دەستەخوشکی یەکتر، بەڵام هەموو کات لەوێدا شتێکی نادروست هەبوو کاتێک دەهاتیتە سەردانمان مێردەکەم حەزی لە چارەت نەدەکرد هاموشۆت بکات بۆیە منیش هەستم بە ناڕەحەتیی دەروونم دەکرد وەک ئەوەی یەکێک هەست بەتەسکی جلوبەرگی بەرخۆی بکات هەردەم ئەو بوارەم دەرەخساند تا ئەو بتوانێ لەگەڵ تۆدا بە ڕێگەیەکی نەرم و برادەرایەتی هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکا بەڵام لەو هەوڵەمدا سەرنەکەوتم بەرلەوەی بەدەسگیران بکرێیت! باشتر

هەردووکتان یەکتان زیاتر دواند و جۆرێک لە خۆشەویستی و دڵداریتان لە نێواندا دروست بوو گەر تۆ هەست و نەستی ڕاستەقینەی خۆت دیار بخەیت دوای ئەوەی کە هەستت بەحەسانەوەی ویژدانی خۆت کرد پاش ئەوەش دواتر چی ڕووی دا؟ من هیچ هەستم بە ئیرەیی نەکردووە بەرامبەر بە تۆ سەیرە بە بیرم دێ لە ئاهەنگی راگرایاتی کاتێ تۆ ڕۆڵی کچە رەوەندێکت بینی ڕێگەت پێ دا ماچت بکا ئەویش ماچی کردی، بەڵام تۆ ژاکای بەواتایەکی تر من ئەو ڕۆژانە تێبینیی ئەوەم نەدەکرد نە لە پێشتریش سەرنجی ئەو پێوەندییەی نێوان ئێوەم دابوو ئێستا (بە توندی هەڵدەستێتەوە سەرپێ) بۆ قسەیەک ناکەیت؟ تۆ بەدرێژایی ئەو هەموو وەختە وەرتەیەکت لە دەم دەرنەهات یا پێت باشە من بە تەنیا قسە بکەم! لەوەتەی لێرە دانیشتووی تێم دەڕوانی و بیر و خەیاڵەکانم لێ وەردەگری ئەوانەی لە مێشکمدا چەسپاون وەک چنینی تاڵە داوەکانی ئاوریشم لە دەوری جاڵجاڵۆکە بیروڕاکان وە ڕەنگە گومانیش بن بابزانین دەست نیشانکردنت لەگەڵ دەستگیرانەکەتدا بۆچی هەڵوەشاندەوە؟ باشە بۆچی نایەتە ماڵەوەمان؟ بۆچی ئەمشەو سەردانمان ناکەیت؟

خاتوو وای: (وەک ئەوەی بیەوێت شتێک بڵێت و شتێک ڕوون بکاتەوە)

خاتوو ئاکس: لەسەرخۆبە! پێویست ناکات هیچ بڵێیت ئێستا لە هەموو شتێک گەیشتووم! ئەوەیە هۆیەکەی! بەڵێ ئێستاکە هەموو شتێک ئاشکرایە و لە جێگەی خۆیەتی! شتەکە ئەوەیە! تۆ نامەوێ لە دانیشتنی سەر ئەو مێزە لەگەڵ تۆ بەردەوام بم (کەلوپەلەکانی خۆی دەگوێزێتەوە سەر مێزێکی تر) ئەوە بوو هۆی دروستکردنی و نەخشکردنی پێڵاوەکان بە گوڵی هەردەم بەهار کە خۆم زۆر ڕقم لێیەتی، بەڵام تۆ زۆر حەزت لەو گوڵەیە (پێڵاوەکان فڕێ دەداتە سەر زەوی) پێویست وابوو ئەم هاوینە لە دەریاچەی مالێر بەسەربەرین، چونکە تۆ لەگەڵ دەریا هاوڕێیەتیت نییە و حەز لە دەریا ناکەیت هەر ئەوەش بوو کە ناوی کوڕەکەی خۆم لێنا "ئاسکا" چونکە ناوی باوکت "ئاسکا" بوو هەروەها ئەم جۆرە جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگانەش لەبەر دەکەم کە تۆ بەردەوام لەبەریان دەکەیت و ئەو جۆرە کتێبانە دەخوێنمەوە کە تۆ حەزیان لێ دەکەیت و ئەو جۆرە خواردنانە دەخۆم کە تۆ ئارەزووی

خواردنیان دەکەیت و ئەو خواردنەوانەش هەڵدەبژێرم کە تۆ دەیانخۆیتەوە بۆ نموونە شەربەتی شوکولاتە کە تۆ هەموو کات حەز لە خواردنەوەی دەکەیت ئەی خوای گەورە چەند هەست بەدڵەڕاوکێ و ترس دەکەم کە بیر لەو هەموو شتانە دەکەمەوە بەڕاستی ترسناکن! هەموو شتێک لە ڕێگەی تۆوە بۆ من گوێزراوەتەوە هەتا هەست و نەستیش تۆ روحی ئەوت خستە نێو روحی منەوە وەک چۆن کرم ڕێگەی خۆی بۆ نێو سێو دەدۆزێتەوە تۆ بەردەوام روحی ئەوت هەڵکەند و هەڵکەند تا روحەکەی چی تیا نەما تەنیا پەلکەکەی نەبێت... لەگەڵ هەندێک قوڕ و لیتی ڕەش! زۆر هەوڵم دا لێت دوور کەومەوە، بەڵام نەمتوانی وەک عەزیا چاوەکانت بێ هۆشیان کردم هەستم کرد خەریکە دوو باڵەکانم دەجووڵێن تەنیاش بۆ هێنانە خوارەوەم ئابەم شێوەیە لەنێو ئاودا ڕادەکشێم و قاچەکانم بەستراونەتەوە هەرجارەی بمەوێ مەلەی تێدا بکەم بەجووڵەی دەستەکانم زیاتر بەنێو قوڵای ئاوەکەدا ڕۆبکەم، بەڵام گەیشتمە هەناوی عەزیایەک تۆش بەرامبەرم وەک قــرژاڵێکی زەبەلاح لە ئامادەباشی دایت بۆ ئەوەی بە نینۆکە درێژەکانت هێرشم بۆ ببەیت و چەنگ بدەیت لە گیانم ئا ئەو شوێنە بوو کە منی تێدا ژیام ڕقم لێتە ئەی خوای مەزن چەند ڕقم لێی دەبێتەوە تۆ ئێستا بە هێمنی دانیشتووی و جووڵە ناکەیت و هیچ گرینگییەک بە قسەکانم نادەیت لات گرینگ نییە گەر ڕۆژ هەڵبێت یان ئاوا ڕۆژی لەدایکبوون بێت یان جەژنی سەری ساڵ خەڵکی دڵشاد بن یان بێزار تۆ هیچ توانای خۆشویستنی خەڵکت نییە یان ڕقت لێیان بێتەوە بێدەنگ و جووڵە وەک لەقلەقێک لە تەنیشت کونی مشکێک هەتا ناشتوانی نێچیرەکە بەدەستی خۆت بگریت یان چاودێری بکەیت بزانی چی دەکات یان چی ناکات ئەوەی دەتوانی ئەنجامی دەیت تەنیا چاوەڕوانی و چاو زەقکردنەوەیە! ها ئەوە نییە تۆ لە گۆشەیەکدا بەتەنیا دانیشتوویتە دەزانی ئەو دانیشتنەی تۆ لە تەڵەی مشک دەچێ؟ ڕۆژنامە بۆیە دەخوێنیتەوە تا ئاگەدار بی کێ بەکاتێکی تەنگەتاو تێ دەپەڕێ یاخۆ کێ ژیانی تێک شکاوە کێ لە شانۆ لەسەر کارەکەی دەرکراوە لێرە دانیشتووی چاوەڕێی نێچیرێکت دەکەی! لە چاوەڕوانی دەرفەتێک دایت هەڵی قۆزییەوە چۆن کەشتیوان حیساب بە

کـەلوپەلە تێکشکاوەکان کـەشـتـیـیـە نـگوم بووە تێکشـکاوەکـەی دەکـات تا بزانێ چـەندیان لێ قـازانج دەکـات ئامـیلیـا گـوناحـە! دەزانی لەگـەڵ ئەو پیـلانگێڕییـە و شـەرەنگێزییـەشت لە پێناو تۆ هەست بە ئازار و دڵتـەنگی دەکـەم! دڵنیـام لەوەی تۆ بەخـتـیـار نیت بـەخـتـیـار نیت وەک مـرۆڤێک کـە تەنگانەو پەشـیـمـانبـوونەوەیـەک تێپـەڕ دەبێت بەڕاسـتـی تۆ بەسـتـەزمـانی و کـەوتویتــە نێـو چاڵێکی قـووڵ و ئازار دەکـێـشی مـن ناتوانم چیی تـر لێت زوویر ببم لەگەڵ ئەوەشدا هیوا خوازم بەڵام تۆ لاوازتریت، ئاه بەڵام ئەوەی لە نێوان تۆ و بۆبدا هـیـچ بایەخـێکی پێ نادەم! وەهـیـچ ئـازارێکیـشـم نادات! ئەگـەر تـۆ فـێـرت کـردم شــەربەتی شکـولاتە بخـۆمــەوە یان کـەسـێکی تر جـیـاوازی تەنیـا لەوەدایـە خـواردنـەوەی کـەوچکێکە لە کـوپەکـەی دوایی دەگـەڕێیتـەوە بەهێمنی و بەژیری دادەنیـشـیتـەوە، پاشـان خۆ خـواردنەوەی شـەربەتی شـکولاتە بۆ من سوودی هـەیە ئەگەرچی لە تۆوە فێربووم کە چۆن جلوبەرگی شـیـاوی سـەرنجڕاکێش لەبەر بکەم باشـە سوپاس بۆ تۆ کـە ئەو جلوبەرگانە وایان کـرد مێردەکەم زیاتر خۆشمی بوێ و لەگەڵمدا تەبا بێت زیاتر لە هەمـوو کـاتێکی تر تۆ زەرەرت کـرد منیش قـازانج کـاتێ کـە حـوکم لەسـەر هـەندێ دیاردە دەدەن من وای بۆ دەچم کـە تۆ بەکردار دۆڕاندت! من وام چاوەڕوان دەکرد لە پێناو پاراستن و بەرژەوەندیی خۆمدا بەردەوام ببم وەک تۆ چۆن لە پێناو بەرژەوەندیی خۆت درێژەت بەو یارییـە ئاگرینەدا وە ئێسـتاش لێی پەشیمـانیت! من وای بۆ دەچم کە دەبێ درێژە پێ بدەم و واز نەهێنم پێویستە بنیادەم بە چاوێکی گەشبینەوە سەیری ئاسۆی ژیانی بکا نەک بە تەنگ و تاریکی لەگەڵ ئەوەی هەردەم ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە بۆچی پێویسـتـە ئەو شـتـەی کـە کـەس نایەوێ من بۆ خـۆمـی بەدەست بێنم! ڕەنگە دوای ئـەوەی کـە هـەمــوو نـهـێـنی یارییــەکـە ئـاشکرا دەبێـت من لایە بەهـێـزەکـەبم تۆ ناتوانـی هیچ شــتـێـک بۆ خــۆت گل بدەیتــەوە تۆ هـەمــوو شـتـێکت بەخـشـی لە کـاتێکدا من بەدزێک دەچووم، بۆیە کـە کـاتـێ لە خـەو ڕابووم بە هـەقیـقـەت و کـردار هـەموو ئەو شـتـانەم وەرگرت کـە تۆ ونت کردن لەلایەکی تریشـەوە چۆن تۆ ئەو هـەموو شـتـە لەلات بووبێ نرخت دەزانـی کە کــاتـێ لە بەردەســـتت بـوون و مــوڵکی تۆ بوون بـەڕادەیەک کــە نەتتــوانی

خۆشەویستی مێردەکەم بۆ خۆت بپارێزی لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو گوڵە هەردەم بەهارییە و سۆز و هەستەشت پێشکێش کرد کەچی دەبینی من توانیومە خۆشەویستی و سۆزی مێردەکەم تاسەر ڕابکێشم و پارێزگاری لێ بکەم تۆ هونەری ژیان لەو کتێبانە فێر نەبوویتە کە بەردەوام دەتخوێندنەوە وەک ئەوەی کە من فێری بوویم تۆ کورێکی بچووکت نییە بەناوی "ئاسکا" لەگەڵ ئەوەی ناوی باوکیشت ئاسکایە من نازانم بۆچی تۆ دەتەوێ پارێزگاری لە هێمنی و بێدەنگی خۆت بکەیت چاکە! من وام دەزانی ئەو بێدەنگبوونەی تۆ هێزێکە بەلام ڕەنگە وا نەبێ و هیچ توانایەکیشت لەبەردا نەبێت! هیچ قسەیەکیشت نییە تا شایستەی گوتن بێت! توانای بیرکردنەوەت لاواز بووە (هەڵدەستێتەوە و جووت پێڵاوەکەی سەرزەوی هەڵدەگرێتەوە).

من ئێستا دەگەڕێمەوە ماڵ گوڵەکانی خۆم لایە ئەو گوڵانەی کە دەمێک بوو لای تۆ بوون تۆ نازانی شت لە خەڵکی فێربیت، چونکە ناتوانی کەس گەمارۆ بدەیت بۆیە وەک قامیشێکی وشک دەشکێیت، بەلام من هەرگیز نەخێر زۆر سوپاس بۆ تۆ ئامیلیا کە ئەو هەموو وانەیەت فێرکردم هەتا مێردەکەشمت فێر کرد کە چۆن خۆشەویستیی حەقیقی ئەنجام بدا و منی خۆش بووێ من وا دەگەڕێمەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی منیش خۆشەویستیی حەقیقی خۆمی بۆ دەرببڕم. (دەچێتە دەرەوە).

کۆتایی

# ئێوارەیەک

هارۆڵد پنتەر

جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو شتەی واقیعییە و ئەوەی واقیعی نییە، هەروەها ئەوەی ڕاستە و ئەوەی درۆیە نییە، گرینگ نییە ئەگەر شتەکە ڕاست بێ یان وەهم، چونکە لەوانەیە هەردووکیان لە یەک کاتدا ڕاست بن..

کەسایەتییەکان:

ژن و پیاوێک لە چلەکانی تەمەنیاندان.

شوێن: باخچەی ماڵ، پێکەوە دانیشتوون، قاوە دەخۆنەوە.

کات: ئێوارەیە.

پیاو: من باس لەو ئێوارەیە دەکەم کە لە نێزیک ڕووبارەکە بووین.

ژن: کام ئێوارە؟

پیاو: یەکەم ئێوارەمان، یەکەم دیدارمان لەسەر پردەکە.

(هەڵوەستەیەک)

ژن: ناتوانم بەیادی خۆمی بهێنمەوە کە باس لە کام ئێوارە دەکەیت.

پیاو: سەر پردەکە کە وەستابووین و سەیری ڕووبارەکەی ژێر خۆمان دەکرد، ئێوارەیەک بوو گڵۆپی سەر شەقامەکان داگیرسابوون.. تیشکیان لە ئاوەکە دەبینرا و شۆستەی کەنارەکەی ڕووناک کردبووەوە، کەنارەکەش پڕ بووبوو لە بەلەمی وەستاو، من و تۆ پێکەوە بەتەنیا لەسەر پردەکە وەستابووین، هەردووکمان نیگامان بۆ دوورترین مەودای ڕووبارەکە دەنارد. باسکەکانم لە قەدە ناسکەکەت ئاڵاندبوو، چۆن بیرت نایەتەوە؟ باسکەکانم لەژێر پاڵتۆکەت شاردبوونەوە.

(هەڵوەستەیەک)

ژن: ئێوارەکەی کە زستان بوو؟

پیاو: بێگومان زستان بوو، کە پێت گەیشتم و پێکەوە پیاسەیەکمان کرد، یەکەم چوونەدەر و یەکەم سەیرانمان بوو، دەبێ بەبیر خۆتی بهێنیتەوە.

ژن: ئا، ئەو سەیران و چوونە دەرەوەیەم بیر دێتەوە، کاتێ من و تۆ پێکەوە بووین و پیاسەمان دەکرد.

پیاو: یەکەم ئێوارەمان بوو؟ یەکەم دەرچوونمان بوو؟

ژن: بێگومان بیرم دێتەوە.

(هەڵوەستەیەک)

لە ڕێگە لامان دا، چووینە ناو ئەو کێڵگەیەی کە بەدرێژاییی دیوارە ئاسنینەکەی پردەکە دەچووە خوارێ، بەرەو کێڵگە دەرۆیشتین، نێزیک

دیواره ئاسنینەکە دانیشتبووین.

پیاو: نەخێر: لەسەر پردەکە ڕاوەستابووین.

(هەڵوەستەیەک)

ژن: نایەتەوە یادم، ڕەنگە تۆ لەگەڵ ژنێکی تر بووبیت..

پیاو: نا، نا تۆ ئەوە چی دەڵێی؟

ژن: بلّێ ژنێکی تر بووە.

پیاو: ماوەیەکی زۆری بەسەرچووە، دیارە لە بیرت نەماوە

(هەڵوەستەیەک)

دێتەوە بیرم کە تیشکی گڵۆپەکان چۆن لە ئاوی ڕووبارەکەیان دەدا و شوێنیان بەسەر ڕووی ئاوەکەوە دیار بوو.

ژن: منیش دەموچاوم خستبووە ناو دەستەکانت، ئەو کات نێزیک پردە ئاسنینەکە وەستابووین، من لە بارێکی پڕ لە ناز و عیشوەوە بووم، لە هەمان کاتیشدا پەشۆکاو و نیگەران بووم، تۆ چاوەکانت لە من کردبوون و تێت دەڕوانیم، ئەو کاتە لێتم پرسی، ئاخۆ تۆ کێیت؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەتەوێ چی ئەنجام بدەیت؟

پیاو: ئاخۆ دیدارەکەی نێوان من و خۆشت لە بیر چووەتەوە کە لە ئاهەنگەکەدا یەکتریمان بینی؟

ژن: کام ئاهەنگ؟

پیاو: چی؟

ژن: وا بزانم دەنگی گریانی منداڵێکم دێتە گوێ

پیاو: نا هیچ دەنگێکم گوێ لێ نییە.

ژن: بەڵێ وا دەنگی گریانی منداڵێکم گوێ لێیە.

پیاو: لە من و تۆ زیاتر کەسی تر لێرە نییە.

(هەڵوەستەیەک دەکات و باویشکی دێتێ و پاشان سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات.) ئۆ.. کات درەنگە، ئێمە هێشتا دانیشتووین، وەختی خەوتنە، پێویستە بەیانییەکەی زوو لە خەو هەڵسم، زۆر کارم هەیە

جێبەجێیان بکەم، بۆچی گفتوگۆ و موناقەشە دەکەیت؟

ژن: من موناقەشەی تۆم نەکردووە، حەز دەکەم منیش بخەوم، بەیانی پێویستە زوو هەڵسم و زۆرێک کارم ماون ڕایان پەڕێنم.

(هەڵوەستەیەک)

پیاو: ئەو پیاوەت بیر دەکەوێتەوە کە ئاهەنگەکەی ساز کردبوو، ناو "داوتی" بوو، تۆ چاکت دەناسی، منیش خۆم پێ ناساند و ئاشنایەتیمان لەگەڵ یەکتریدا دروست کرد، من پێشتر خێزانەکەیم دەناسی، لەوێ لە ئاهەنگەکە من و تۆ بەدیداری یەکتری گەیشتین، تۆ نێزیک پەنجەرەکە وەستابوویت، زەردەخەنەیەکم بۆ ناردی، زۆر سەرسامم ببووی، تۆش زەردەخەنەت لەگەڵمدا گۆڕییەوە، زۆر بە من شاگەشکە و سەرسام بوویت، منیش حەپەسابووم، بەس من پیاوێکی کەشخە و ڕێکوپێک بووم، سەرنجڕاکێش و بەشەخسیەت بووم، لە دواییدا لێم نێزیک بوویتەوە و پێمت ڕاگەیاند، کە زۆر سەرسامی بە من و منت چووەتە ناو دڵ و زۆریش بەسەرنجی چاوەکانم سەرسامیت.

ژن: تۆ بوویت بەجوانی و سیحری چاوەکانم سەرسام بوویت.

(هەڵوەستەیەک)

پاشان دەستەکانمت گرت و گوشیتن، ئەودەم لێتم پرسی کە من کێم، بەس نازانم تۆ هەستت بەگوشینی دەستەکانم دەکرد، پەنجەکانیشت گەمەیان بەپەنجەکانم دەکرد و بەرەو سەر و بەرەو خوار دەهاتن و دەچوون لە دەستەکانم دەخشان.

پیاو: نەخێر، ئێمە لەسەر پردەکە بووین، من لە پشت تۆوە بووم، دەستەکانم لە ناوقەدتەوە خستبووە پاڵتۆکەت تۆ دیاربوو هەستت بەجووڵەی دەستەکانم دەکرد کە جەستەتیان ڕادەگوشی.

(هەڵوەستەیەک)

ژن: ئێمە لە ئاهەنگ بووین، لە ماڵی "داوتی" و خێزانەکەی، تۆ ژنەکەی ئەوت دەناسی، ئەو زۆر بەپەرۆشەوە تەماشای دەکردی، وەک ئەوەی کە عەشقت بووبێت، پێ دەچوو زۆر پێت سارسام بووبێ، بەڵام من. نا، من هێشتا تۆم

نەناسیبوو، ئەوان ماڵێکی جوانیان لە نێزیک ڕووبارەکە هەبوو، چووم لەوێ پاڵتـۆکـەم لـەبەرکـرد، تۆش لـە دەرەوە چاوەڕوانیت دەکـردم، تـۆ داوات لـێ دەکردم لەگەڵتا بم، وا بزانم تۆ زۆر بە بەزەیی و ڕێکوپێکی خـۆت نیشـانم دەدا، بەنەرمی و ناسکی هەڵسوکەوتت دەکرد، من خـێرا پاڵتـۆکەم لەبەر کـرد و لە پەنجـەرەکەوە سـەیرێکی دەرەوەم کـرد. سـەیرێکی باخـچـەکـە و پاشان دوورتر. چاوەکانم بۆ تەماشاکردنی ئاوی ڕووبارە جوانەکە دەنارد، دەمـبینی تیشکی گڵـۆپە داگیرسـاوەکان بەسـەر ئاوەکـەدا دەشکانەوە، پاشـان هاتمە دەرێ و گـەیشـتـمـە لات، پێکەوە بەڕێگەدا ڕۆیشـتین، بەو ڕێگەیەی لە تەک دیوارە ئاسنینەکەدا درێژ دەبووەوە و خۆی دەگەیاندە ناو کـێڵگەیەک، لەوێدا شـوێنێکی تایبـەت بۆ ڕاوەسـتـانی گالیسکە تەرخـان کـرابوو، پاشـان مـاوەیەکی زۆر گـالیسکەکـەتمان دۆزییـەوە، سـواری گالیسکەکە بووین و کەوتینە ڕێ.

(هەڵوەستەیەک)

پیاو: مەمکم گرتی.

ژن لە کوێ؟

پیاو: لەسەر پردەکە.. زۆر هەستم بەخۆشی کرد.

ژن: بەڕاستی؟

پیاو: لە دواوەش خۆتم پێتەوە نووساندبوو

ژن: ئەو کات حەزیشت دەکرد داوای...

پیاو: بەڵێ.

ژن: زۆر بەو جورئەت و ڕاشکاویەت دڵخۆش بووم، وا بزانم تۆ دەتویست...

پیاو: دەستەکانم خستبوونە نێو کراسەکەت و ستیانەکەتم شل کردەوە، زۆر چێژم لە گرتنی مەمکەکانت وەردەگرت.

ژن: ڕەنگە ئەوە ئێـــوارەیەکی تر ڕووی دابێت، لـەگـــەڵ ژنێکی تر بـووبیت و وات کردبێت.

پیـاو: تۆ دیارە لە بیرت چووەتەوە کە پەنجـەکانم بەسـەر جـەسـتـەتەوە چۆن یارییـان دەکرد.

ژن: مەمکەکانم لەناو دەستت بوون؟ لەناو دەستت؟!

پیاو: بەڵێ پەنجەکانم بەسەر لەشتدا دەهێنان، من سەیرم پێ دێت چۆن لە بیرت نەماوە، چییە زەینت کوێر بووە؟

(هەڵوەستەیەک)

ژن: بەدواوەم لکابووی؟

پیاو: ئا بەڵێ

ژن: بەڵام من خۆم بەدیواری پردە ئاسنینەکە گرتبوو، هەستم بە ئاسنەکە دەکرد کە لە پشتم چەقیبوو، تۆش لە بەرامبەرم وەستابووی، تەماشای چاوەکانت دەکردم، منیش هەمان شێوە لە چاوەکانت ڕامابووم، وەخت درەنگانێکی ئێوارە بوو، کەشوهەواش زۆر سارد بوو.

پیاو: قۆپچەکانی پاڵتۆکەتم کردنەوە.

ژن: پاڵتۆکەم داخستبوو، زۆر سارد بوو.

پیاو: پاشان پردەکەمان بەجێ هێشت، ئەو ڕێگەیەمان گرتە بەر کە لە تەنیشت ڕووبارەکە درێژ بووبووەوە ئەو شوێنەی کە نێزیک بوو لە لەنگەرگرتنی بەلەمەکان، لە ڕۆیشتنەکە بەردەوام بووین تا گەیشتینە نێزیک گوفەکێک.

ژن: لە ئامێزت گرتم، بە گوێتدا چرپاندم و گوتت خۆشم دەوێی، پێت گوتم، دەنگت، چاوەکانت، قاچەکانت، مەمکەکانت یەکجار جوانن، نموونەیان لە دنیادا نییە، هەروەها وتت تا دوا هەناسە خۆشم دەوێی و دەتپەرستم.

پیاو: بەڵێ، وام گوت.

ژن: تا دوا هەناسەت دەمپەرستی؟

پیاو: تا دوارۆژی ژیانم دەتپەرستم.

ژن: ئەوە بوو لە پاشاندا منداڵمان بوون، پێکەوە بۆ خۆمان دادەنیشتین و قسانمان دەکرد، تۆ ژنەکانت ئەوانەی لەسەر پرد و لەلای ڕۆخ و ڕووبارەکە و لای گوفەکەکە هەموویانت لە بیر ماون.

پیاو: تۆش پیربوویت و خۆت و ئەو گۆپاڵەی دەستی پێوە دەگریت و لەسەر پردەکە دەوەستیت لە بیرتان ماون، هەندێک کەس دەستت دەگرن و هەندێکیش

دەڕواننە نیگای چاوەکانت...

ژن: زۆر بەدەنگێکی پڕ سۆز و نەرم لەگەڵمدا دەئاخافن.

پیاو: دەنگە بەسۆزەکەت خێرا دەچووە دڵیان.

ژن: هەموو پێیان دەگوتم، تا دوا هەناسە دەتپەرستین.

پیاو: منیش تا ئێستاکەش هەمان قسە دووپات دەکەمەوە و دەڵێم تا دوا هەناسە دەتپەرستم.

## پێڕست

شانۆگەریی تۆفان. نووسینی: گۆنتەر گراس ........ 5
بۆیەچییەکان هیچ یادگارییەکیان نییە. نووسینی: دار یۆفۆ ........ 53
کەللەڕەق. نووسینی: تشیخۆف ........ 82
بەهێزترەکەیان. نووسینی: ئۆگست ستریندبرگ ........ 105
شانۆگەری ئێوارەیەک. نووسینی: هارۆڵد پنتەر ........ 117